

# بەشێک لە دیمانە و وتارەکانی

## هاوڕێ کەماڵ کەریمی

۲

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- دروست بوونی هێزی گۆڕان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی........................................................ ٤
٢- ئێران چۆن پێ دەنێتە ساڵی نوێوە؟.......................................................................... ٧
٣- ڕێککەوتنی ئێران و چین لە پێناو چیدا؟........................................................................ ١٠
٤- دیپلۆماسیی ڕەسمی لە هەیکەلی ڕێژیمدا........................................................................ ١٣
٥- سووڕی باتڵی هەڵبژاردنەکان لە ئێران و ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن...................................................... ١٦
٦- کوردستان و پێویستیی یەکگرتوویی.............................................................................. ١٩
٧- "کوردستان" بەردەوام توانیویەتی ڕەسالەتی ڕۆژنامەگەری خۆی بپارێزێ............................................. ٢٢
٨- دەنگی بەرزی خەڵک بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی.............................................................. ٢٥
٩- داهاتووی لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی.............................................................................. ٢٨
١٠- ڕەئیسی و ئاستەنگەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی................................................................ ٣١
١١- تێرۆریزم بیست ساڵ دوای یازدەی سێپتامبر....................................................................... ٣٤
١٢- ڕۆژهەڵات مەیدانی سەرەکیی خەبات.............................................................................. ٣٨
١٣- ڕێگەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران............................................................................... ٤١
١٤- ئۆپۆزیسیۆن و ڕێگەی تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی............................................................... ٤٥
١٥- شەڕی ئۆکراین.................................................................................................. ٤٨
١٦- ساڵی نوێ، هەڕەشە و دەرفەتەکان بۆ جووڵانەوەی کورد........................................................... ٥١
١٧- پاسداران سپایەک بو ئەرکی تێرۆریستی......................................................................... ٥٤
١٨- خامنەیی و ڕێژیمەکەی لە خەونی جەمسەربەندیی جیهانیدا........................................................ ٥٧
١٩- داهاتووی خەڵک لە گرەوی یەکبووندایە........................................................................... ٦٠



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: دووهەم

٢٠- ئێران لە گێژاوی قەیرانەکاندا ........................ ٦٣

٢١- لاوازیی کۆماری ئیسلامی بۆ ئێمە هەر هیوا و چاوەڕوانی نەبووە، بەڵکوو خەباتمان لەپێناویدا کردوە............ ٦٦

٢٢- ناتوانین هاوکاریی کەس و لایەنێک بکەین کە هیچ شتێکی بۆ کورد پێ نییە........................ ٦٩

٢٣- کۆمەڵگەی ئێران گەیشتووەتە خاڵێکی وەرچەرخان لە ناڕەزایەتی و ڕاپەڕیندا......... دیمانە: بێهزاد قادری ..... ٧٢

٢٤- ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئێران نەگەیوەتە ئاستێک قازانجی بۆ ئێران هەبێت .......... کوردکاناڵ ..... ٨٠

٢٥- زمانی کوردی و بەرنامەی داوڕۆژی زمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات................... دیبەیت: کاروان مێراوی ..... ٨٥

٢٦- یەکیەتیی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و پشتیوانیی خەڵک زراوی ڕێژیمی بەتەواوی تۆقاندووە................. دیمانە: سابیر فەتاحی ..... ٨٨

٢٧- ئێران نە پشتیوانیی خەڵکی وڵات، نە ئابووریی بەهێز و نە تێکنۆلۆژیی شەڕی گەورەی نییە و پێگەی نێودەوڵەتیشی لاوازە........................ دیمانە: سابیر فەتتاحی ..... ٩٣


٢٨- بوونی ژن لە ڕێبەریدا تاکە پێوەری گرینگدان بە ژنان نییە و نەبوونیشیان بەو مانایە نییە پرسی ژنان وەلانرابێت... دیمانە: سابیر فەتاحی ..... ١٠٢






سەرچاوە
Serchawe

## دروست بوونی هێزی گۆڕان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی



کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی دڵخۆشی و چاوەڕوانییەکانی لە هاتنە ئارای گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی ڕۆژاوا و بە تایبەت ئەمریکا، لە بارودۆخی سیاسیی ئێستادا زیاتر لە هەر کاتێک خۆی لە تەنگەژەدا دەبینێ. قووڵبوونەوەی قەیرانە نێوخۆییەکان بە تایبەت قەیرانی ئابووری کە بەشێکی لەژێر کاریگەریی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکایە و بە زۆری هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر جۆری ڕوانینی دەسەڵاتدارانی حکوومەت بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی سەرچاوە داراییەکان لە ئیدارەی ئابووری و خزمەتگوزاریی وڵاتدا، ئەوانی گەیاندووەتە ئاستی بێدەسەڵاتی لە چارەسەرکردنیدا. دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بە بەردەوامی و لە ترسی سەرهەڵدانی خەڵک و بۆ شاردنەوەی شکستەکانیان لە دنیای سیاسەتدا، بە بیانووی جۆراوجۆر دەستبەسەرکردنی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانیان کردووەتە پیشەی ڕۆژانە و بە دانی حوکمی بێ بنەما بەشی زۆری ئەوان لە زیندان دەکەن. لە پاڵ ئەوەشدا کە جاربەجار هەست پێ دەکرێ قسەیەک بە پێچەوانەی بیری ڕێبەری لەنێو دەسەڵاتدا دەکرێ و وا نیشان دەدرێ کە بۆچوونی جیاواز لەنێویاندا هەیە بەڵام بەکردەوە گوێڕایەڵییەکە گەیشتووەتە ئاستێک کە بەرەبەرە بیری سپاردنی هەموو دەسەڵات بە سەردارانی سپای پاسدارانی لێ شین بووەتەوە. لەولاشەوە سیاسەتی قەیرانخوڵقێنی ڕێژیم لە وڵاتانی دەورووبەر کە ساڵانێکە پۆزی پێوە لێدەدەن و وەک سەرکەوتنی سیاسەتی ڕێژیم بەرامبەر ئێستێکبار و دەستوپێوەندەکانیان لە قەڵەمی دەدەن، تووشی کێشەی گەورەتری کردوون و وا هەست دەکرێ لە ترسی گەورەبوونەوەی ڕووبەڕووبوونەکان، گەیوەتە ئاستی بێتواناییان لە درێژەدانیدا.

لەنێو ئەم دۆخەدا ئەوەی بە شێوەی جیاواز و بە دوور لە ڕوانینەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی دیکە بیر لە

چارەسەر دەکاتەوە خەڵکی ئێرانن. ئەگەر وڵاتانی دەرەوە هەرکام بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕێگەچارە بۆ داهاتووی ڕێژیم دەسنیشان دەکەن ئەو خەڵکەش بە مافی خۆی دەزانێ بە دوور لەو ڕوانینانە نەخشە ڕێگەی ڕزگاریی خۆی ببینێتەوە. لەگەڵ ئەوەی بەشێک لەو خەڵکە بە جۆرێک چارەسەری کێشە دەرەکییەکان و لابردنی گەمارۆکان ئەوەی کە ڕێژیم بە بەردەوامی باسی لێوە دەکا و هەموو هەڵە و کەموکوڕییەکانی خۆی پێ دادەپۆشێ بە هۆکارێک بۆ سووککردنی باری ژیانیان دەبینن، بەڵام بە زۆری خەڵک زیاتر لەوە چاوەڕوانی گۆڕانکارییەک لە سیستمی حکوومەتیدا دەکا کە بتوانن لە سێبەریدا بە ئازادی بژین. بابەتێک کە لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا مانایەکی نەماوە و وڵاتانی دیکەش بە گەورەکردنەوەی بابەتی چەکی ناوکی و مووشەکی و مەترسییەکانی بۆ سەر جیهان بەردیان لەسەر داناوە و ئامادە نین بیخەنە پرۆژەی مامەڵەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. بێگومان ئەوەش ئەرکێکە لەسەر شانی ئەو کەسانەی کە ساڵانێکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە سوورن و تەسلیمی ئیرادەی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم و تەبلیغاتەکەیان نەبوون.

ئەوەی ئێستا لە نێوخۆی ئێراندا دەبیندرێ و ڕەنگە جۆرێک لە ناهومێدی بۆ گۆڕانکاری لێ دەرکەوێ، زاڵبوونی دەسەڵاتی پولیسی سپای پاسداران و بێڕەحمییەکانیانە بەرامبەر بەو تێکۆشەرانەی بەردەوام دەنگی ناڕەزایەتییان بەرز دەکەنەوە. بەڵام هەر ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەو خەڵکە بێدەنگ نەبوون و نابن و ڕێگەی دژواری گۆڕانکارییەکان هەتا گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتداری لە ئێراندا درێژە پێ دەدەن. بە دڵنیاییەوە ئەم کارە پێویستیی بە ڕێکخستنێکە کە بتوانێ ڕێبەریی ئەم ناڕەزایەتییانە بکا. ئەگەر جگە لە کوردستان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی کە بە زۆری نیشتەجێی دەرەوەن تا ئێستا نەیانتوانیوە خاوەنداریەتی ئەم حەرەکەتانە بکەن و لە نێوخۆی وڵاتیشدا ڕێکخەرێکی جێی متمانە نەبووە کە مودیرییەتی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان بکا، ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەم هێز و وزە لەنێو خەڵکدا بوونی نییە. بە پێچەوانە دەستبەسەرکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕووناکبیر، خاوەن قەڵەم، مامۆستای زانکۆ، یاساناس و پارێزەران و تەنانەت بە لێشاو گرتنی خەڵکی ئاساییش، نیشانەی ترسێکی قووڵی ڕێبەرانی ڕێژیمە لە وەسەر یەککەوتنەوەی ڕیزی ناڕەزایەتییەکان و شکڵگرتن و بە ڕێکخراوبوونی ئەوان بۆ کۆتایی پێهێنان بەو شێوە حاکمییەتە.

بێگومان هەتا ئێستاش کۆماری ئیسلامی ئەهرومەکانی پاراستنی دەسەڵاتی سەرکوتکەرانە بەڵام لەرزۆکی خۆی بەدەستەوەیە. سەرچاوە داراییەکان ئەگەر لە کزیشی دابێ هەتا ئێستاش لە خزمەت سپای پاسداران و گوێلەمستانی حکوومەتی و پرۆژە سەربازییەکاندا بەکار دێ و گوێیان لە ئاست چارەسەری کێشەکانی خەڵکدا کەڕ کردوە. سەردارانی سپای پاسداران کە هەوڵی کونترۆڵی هەموو دەزگا دەوڵەتییەکانیش دەدەن وەک هەمیشە گوێڕایەڵی ڕێبەرین و دەزگای دادوەریش ڕێخۆشکەری سەرکوتی سیستماتیکی ناڕازییەکان و دژبەرانی حکوومەتە. تەنیا ئومێدێک کە بە خەڵکی دەدەن چاوەڕوان کردنیانە بەڵکوو ئەمریکا ڕۆحمێک بکا و بگەڕێتەوە بەرجام و چارەسەری کێشە ئابوورییەکانیان بکەن. هەر بۆیە خەڵک کە دەزانن ئەمە

نابێتە نان و ئاو بۆ ئەوان، دەستیان لە کۆماری ئیسلامی شووشتۆتەوە و ئەمەش هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ پەرەگرتنی نارەزایەتییەکان و هەوڵدان بۆ خۆ ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی سەراسەری لە ئێراندا. شک لەوەدا نییە کە درێژەکێشانی ئەم وەزعە و گوێنەدان بە چارەسەری کێشەکانی خەڵک و دەستەبەرکردنی ئازادی و پاراستنی مافی خەڵک لە هەر سیستمێکی حکوومەتیدا بێ، ئاکامەکەی هەوڵدانێک دەبێ بە ئاراستەی تێکدانی دەسەڵات و گۆڕانکاری لە سیستمێ دەسەڵاتداریدا. ڕێگەیەک کە کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی کۆتایی بەردەمیدا چارەنووسی خۆی تێدا دەبینێتەوە.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە یارمەتیدان بەو کەسانەی ئەم ڕێگەیان هەڵبژاردووە ئەرکی هەموو لایەکە. ئەگەر لە ساڵی ٨٨دا ڕێبەری دەنگە نارازییەکان پشتی لە خەڵک کرد و لە ساڵی ٩٨دا بەبێ ڕێبەرییەک بۆ مودیرییەتی گشتی بزووتنەوەکە، دروشمەکان گەیشتنە ئاستی دژایەتیی ئاشکرا لەگەڵ نیزام و ڕێبەرەکەی، درێژەکێشانی ئەم بزووتنەوەی نێوخۆ دەتوانێ ڕێبەری خۆی بۆ مودیرییەت کردنی ببینێتەوە و بەرەو پێشی ببا. بۆیە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دەبێ لە ڕوانگەیەکی نوێوە خوێندنەوە بۆ ئەو هەموو چالاکییە نارەزایەتییانەی نێوخۆ بکەن و لە دیتنەوەی نەخشە ڕێگایەکدا، لە پاڵ هەوڵدان بۆ یەکریزی ئۆپۆزیسیۆن، گرنگی بدەن بە هەموو بیرکردنەوە جیاوازەکان و لەجیاتی دابەشکردنی هێزەکان بەسەر خۆیی و غەیرەدا، هەوڵی گرێدانی خەبات لەگەڵ ئەو کەس و گرووپانەدا بدەن و، ئەگەر لە بۆچوونەکانیشدا جیاوازییان هەبێ بیانکەنە هاوبەشی خۆیان لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا. بە نەبوونی وەها نەخشەیەک دیسان بەرەی دژی کۆماری ئیسلامی لە لاوازیدا دەمێنێتەوە و ئیمکانی هەر گۆڕانکارییەک کە هەموو ئامانجەکانی خەڵک بپێکێ، لاواز دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## ئێران چۆن پێ دەنێتە ساڵی نوێوە؟



ساڵێک لەمەوبەر خەڵکی ئێران بە دوو دەردی گرانەوە و بە ئومێد بە وەدیهاتنی ئاواتەکانیان لە هەلومەرجێکی دژواردا، ئاگری نەورۆزیان کردەوە. ئەوان لەگەڵ بردنەسەری ژیان لەگەڵ هەموو ناخۆشییەکان، ئەوکات بەدەست بەڵای نەخوازراوی کورۆناوە هەر ڕۆژەی ژمارەی ڕوو لە زیادبوونی قوربانییانی وڵاتەکەیان دەژمارد، هاوکات بە دەست خەمساردی و درۆی ڕۆژانەی بەرپرسانی دەسەڵاتیشەوە وەزاڵەهاتبوون. ئەوکاتەی کە هەموو وڵاتانی جیهان بە تایبەت وڵاتانی پێشکەوتوو و دەوڵەتە دەروەستەکان کە خەمی ژیانی هاونیشتمانیانیان بوو بیریان لە ڕێگە چارەی بەربەستکردنی بڵاوبوونەوەی زیاتری ئەم پەتایە دەکردەوە، لە ئێران و لە زمان کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە لە جیاتی ئامادەکاری زیاتر بۆ یارمەتیدانی خەڵک، هەوڵی شاردنەوەی ڕادەی تووشبووان و قوربانیانی ئەم نەخۆشییەیان دەدا. ئەوەش هیچ کە لە دەورانی ئەوپەڕی گەشەی زانستی پزیشکیدا و هەوڵدان بۆ دیتنەوەی دژە ڤایرۆسی ئەم پەتایە تازە ئاخووندەکان ڕێگەی مەرقەدەکان و نزا و پاڕانەوەیان نیشان خەڵکی ساویلکەی بێدەرەتان دەدا. ئێستا لەگەڵ ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دوای دۆزینەوەی ڕێگەی بەرگری لەم پەتایە و دیتنەوەی دژەکەی هەوڵی چارەسەرکردنی یەکجاری پەتاکە دەدرێ، ئێران بە زیادبوونی تووشبووان و قوربانی تازەوە پێ دەنێتە ساڵی نوێوە.

ساڵی ١٤٠٠ لە کاتێکدا دەست پێدەکا کە ئێران لەگەڵ کێشە بەردەوام و ڕوو لە زیادبووەکانی لە ململانێدایە. کۆرۆنا، بێکاری، گرانی و هەڵاوسانی بەردەوام ئەو نەخۆشییانەن کە بە هۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە یەخەی خەڵک بەر نادەن و هەرکامەیان بە جیا وەک پەتایەک ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتەیان خستووەتە مەترسییەوە. ئابووری وڵات بە هۆی بێبەرنامەیی و نەبوونی پلانێک بۆ گەشەپێدان سەرەڕای دروشمە بەردەوامەکانی خامنەیی لەمەڕ ڕێکردنی ئابووریی بەرگری

و بەرهەمهێنانی خۆماڵی، پەرەگرتنی دزیی بە ئاشکرای بەرپرسان و ئاغازادەکان کە هەم سەرچاوە و هەم هۆکارێکی دروستبوونی ئەو وەزعە خراپەن، بەرەو ئاقارێکی خراپتر دەڕوا. لەلایەکی دیکەشەوە بەردەوامبوونی سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی سنوورەکانی و خەرجکردنی میلیارد دۆلاری لە وڵاتانی دیکە کە هیچ بەرهەمێکی بۆ خەڵکی ئێران بەدواوە نەبووە، خەڵکی ئێرانی بێبەش کردووە لەو بەشە کەمە داهاتەی کە دەچێتە دەست ڕێبەرانی کارنەزانی ڕێژیمەوە. لە ڕاستیدا ئەوەی ئێستا دەبینرێ دەبێ وەک کارەساتێکی ئینسانیی دەستکردی کەسانێک لە ڕێبەریی وڵاتدا ببینین کە جگە لە دەسەڵاتی خۆیان بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکەنەوە و لە پێناویدا خەڵک دەکەنە سووتەمەنیی پیلانەکانی خۆیان.

ئاسەواری ئەم دۆخە ئابوورییە کە سەرچاوەکەی تەنیا خۆفەرزکردنی بیرکردنەوەی کەمایەتییەکی دەسەڵاتخوازە بەسەر هەموو کۆمەڵگەدا، لەسەر تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی بە زۆری دەبیندرێ. پەرەگرتنی فەساد، لێکترازانی بنەماڵە، کوشتن و خۆکوژی، پەرەگرتنی ئێعتیاد و زۆر بابەتی دیکە هەموو ئەو شتانەنن کە ئەمساڵیش کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵی دەستەوملان دەبێ. زیادبوونی بێکاری و دابەزینی ئاستی ژیانی خەڵک بە هۆی چوونەسەری ڕێژەی خەتی فەقر و کەم دەرامەتی، پێشبینیی ڕێگەچارەیەکی بۆ ناکرێ و کەمتوانایی دەوڵەت لەباری ماڵییەوە ئەگەر بیشیانەوێ، ڕۆچنەی ئومێدی خەڵکی بۆ ژیانێکی باشتر بەستووە. سەیر ئەوەیە کە لە تەواوی ئەم ساڵانەدا و لە بەردەوامیی بەرەو خراپترچوونی وەزعی نێوخۆی وڵات ڕێبەرانی ڕێژیم هۆکاری هەموو ئەو بەڵایانەیان خستووەتە ئەستۆی تەحریمەکانی ئەمریکا و بۆ جارێکیش ئامادە نەبوون لە هەزاران کەمتەرخەمی و هەڵە و کەموکوڕیی خۆیان ددان بە یەکیاندا بنێن. هەر بۆیە ئەوان لەگەڵ دەربڕینی هەموو دژایەتییەکیان لەگەڵ ئەمریکا تەنیا چاویان لە ڕەحمەتی ئەمریکا بڕیوە کە بەڵکوو بە هەڵگرتنی تەحریمەکان هەناسەیەکیان بێتەوە بەر.

بەڵام ئێستا کە پێ دەنێینە ساڵی نوێوە دەبینین چاوەڕوانیی چوار ساڵەی ئەوان بۆ گۆڕینی سەرۆککۆماری ئەمریکا هیچی لێ شین نەبووەتەوە و پێ ناچی بەو زووانەش بەرهەمێکی بۆ ئەوان بەدواوە بێ. ئەوەی ئێستا دەبیندرێ و بەو جۆرەی پێشبینی دەکرا، بەردەوامیی گوشارەکانە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی بە شێوازێکی جیا لە پێشوو. هەربۆیە شاییلۆغانی پێشوویان جێی داوە بە نیگەرانی و هەڕەشە لە گرتنەبەری پەرەپێدانی دامەزراوە ناوکییەکان و نمایشی مووشەکی. سیاسەتێک کە نە پێشتر بۆ ئەوان کارساز بووە و نە لە داهاتووشدا خێرێکی لێ دەبینن. ئەوەی دیارە ئەگەر هەڕەشە و سیاسەتی یەکلایەنەی دەوڵەتی ترامپ جێی خۆی داوە بە دیپلۆماسی بایدن لە پێناو گەڕانەوە بۆ هاوپەیمانی جیهانی لە دژی سیاسەتەکانی ڕێژیم، لە چەکی ناوکییەوە بگرە هەتا پشتیوانی لە تێرۆریزم و دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچە، نە تەنیا ڕێخۆشکەر نەبووە بۆ چارەسەری کێشەکان ئەوجۆرەی بیریان لێدەکردەوە، بەڵکوو بارگرانییەکی زیاتری بۆ کۆماری ئیسلامی دروست کردووە. بەو پێیە پێناچێ بەو زووانە مەگەر بە قبووڵی سازشێکی نوی بتوانن خۆ لە ژێر باری

تەحریمەکان ڕزگار بکەن.

بەڵام لە هەموو ئەوانە گرینگتر لەگەڵ زیادبوونی فشارەکانی ڕێژیم بۆ سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هەموو شێوازێکی خۆیدا، پەرەگرتنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە دژی کۆماری ئیسلامی ڕوو لە زیادبوون بووە. ئەگەر لە ساڵی ڕابردوودا بە گرتن و دەرکردنی حوکمی درێژماوە و هەمووجۆرە سووکایەتییەک بە جیابیران، دەسەڵاتدارانی ڕێژیم هەوڵی سەرکوت و پێشگرتن لە دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان داوە، ئێستا دەبینین کە ئەم کردەوە دژە مرۆڤانەیان نە تەنیا پاشەکشەی بە خەڵک نەکردووە بەڵکوو بەدوور نابیندرێ کە ئەم ناڕەزایەتییانە بە شێوازێکی گشتگیر بەرەوڕوویان ببێتەوە. لە ڕاستیدا دروشمی نا بۆ کۆماری ئیسلامی کە لە زۆربەی شوێنەکانی ئێران کەوتووەتە سەر زاری خەڵک و زیاتر لە چل ساڵە خەڵکی کوردستان قوربانی بۆ دەدا، ئاشکرابوونی ئەوپەڕی ناڕەزایەتی و بێ ئومێدییە لە سەراسەری ئێران لەو ڕێژیمە، و لە نێو ئەو خەڵکەیدا کە بەردەوام چاوەڕوانی گۆڕانکارییەک بوون بەرەبەرە دەبێتە بیرکردنەوەیەک بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە حکوومەتدا کە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی دەسەڵاتداران دەبێتەوە. بێگومان بۆ گەیشتن بەو ئەنجامەش پێویستە هەوڵێکی جیددی بدرێ بۆ دروستکردنی هاودەنگییەک لە نێوان هەموو بیر و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا. ئەم بەرپرسایەتییە پێش هەمووان لە ئەستۆی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنە کە چۆن دەتوانن هاوئاهەنگی لەگەڵ ئازادیخوازانی نێوخۆی وڵات بکەن کە هەموو هەڕەشە و فشارێکیان لەسەر خۆیان تەحەمول کردووە. بێگومان بە دیتنی وەزعی ئێستا ساڵی داهاتوو بۆ کۆماری ئیسلامی ساڵێکی بێ کێشە نابێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢١

## ڕێککەوتنی ئێران و چین لە پێناو چیدا؟



ڕۆژی ٧ی خاکەلێوەی ئەمساڵ و دوای ساڵانێک پێوەندی باشی دەوڵەتی چین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە بە وتەی زۆر لە کارناسانی ئابووری قازانجی ئەو پێوەندییانە بە تایبەت لە بواری ئابووریدا چووەتە گیرفانی چینییەکان، و پاش ٦ ساڵ تاوتوێ و ساڵێکیش بێنەوبەرەی چین لەسەر نووسینی تەوافوقی کۆتایی، ڕێککەوتنی بەناو ستراتێژی هەمەلایەنە لە نێوان ئەم دوو ڕێژیمەدا ئیمزا کرا.

لە پێشدا بڵێین حکوومەتی ئێران لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا هیچ پڕۆژەیەکی ستراتێژیی لە بەر دەستدا نەبووە و ئەم بێسیاسەتی و بێبەرنامەییە، وێرانیی ئابووریی پیشەسازی و کشتوکاڵی وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک ئێرانی کە پێش بە دەسەڵات گەیشتنی ئەوان هەم بناخەیەکی باش و پێشکەوتووی ئابووریی هەبوو و هەم خاوەنی سەرچاوەی گەورەی ژێرزەوییە بە دوای خۆیدا هێنا و ژێرخانی ئابووریی ئەو وڵاتەی لەبەریەک هەڵتەکاند. وێرانییەک کە ئەگەر لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتدارییاندا بە هۆی سازکردنی شەڕی نێوخۆیی بە تایبەت لە کوردستان و شەڕ لەگەڵ عێراق دەستی پێ کرد، لەم ساڵانەی دواییدا تەحریمەکان بوونە بەهانە بۆ داپۆشینی هەموو کەموکووڕییەکان. تەحریمێک کە هۆکارەکەی تەنیا پڕکێشیی خۆیان بوو لەسەر درێژەدانی سیاسەتە هەڵەکانیان و سەرەڕای هاوار و ئەم لاوئەولاکردن هێشتاش ڕێگەچارەیەکی بۆ نەبیندراوەتەوە.

ئێستا سەیرە لە دۆخێکی وادا  بە پشتگوێخستنی دروشمی بێ بنەمای نە شەرقی نە غەربی کە خومەینی خستیە سەر زاری خەڵک و هەتا ئێستاش لەسەر دەرکی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وەک نمادێک لە سیاسەتی ڕەسمیی حکوومەت ماوەتەوە و ساڵانێکە دەهۆڵی پێ دەکوتن، هەڕاج کردن و بە تاڵانبردنی سەرمایەکانی وڵات بە پرۆژەیەکی ستراتیژیکی میللی ناو دەبەن و دەیانەوێ بە زۆر بە سەر خەڵکی ئێرانیدا بسەپێنن. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی باش تێگەیشتوون کە سەرەڕای ئەو درشمەیان دەبێ هەوڵ بدەن لە نێوان شەرق و غەربدا بەلایەکدا دایشکێنن. ئاساییشە ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتێکی شەرقیی وەک چین کە وەک خۆیان حکوومەتێکی یەکدەست و سەرەڕۆی هەیە حاسانتر بێ هەتا غەربێک کە هەر ڕۆژەی کێشەیەکیان بە ناوی دێموکراسی و مافی مرۆڤەوە بۆ دەخاتە بەرچاو و لە داهاتووشدا دەتوانێ ببێتە بەڵای گیانی نیزامەکەیان. هەرچەند لەنێو دۆستە دەسەڵاتدارە شەرقییەکانیشیاندا، لایەنێکی دیکە کە لەوانەیە بێتەفاوەت نەبێ بەرامبەر بەم پرۆژەیە ڕووسییەیە کە لە تەواوی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بە جۆرێک لە پاڵ ئێراندا بووە و لە زۆر بواردا هاوکاریی کردووە.

دیارە هەر لەگەڵ ئاشکرابوونی باسی ئەم ڕێککەوتنە کە ماوەی شەش ساڵ بوو بە نهێنی مابووەوە، نەتەنیا لە نێوان بەشدارانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت لە زۆر لە شوێنەکانی ئێران بە تایبەت شارە گەورەکانی وەک ئێسفەهان و کەرەج و تاران، دەنگی ناڕەزایەتیی ئەوانەی دەزانن کە ئەم جۆرە پرۆژانە تەنیا لە خزمەت دەسەڵاتدایە و هیچ خێرێکی بۆ خەڵکی لێقەوماوی ئێران تێدا نییە، کەوتە نێو شەقام و لەدژی ئەم وڵاتفرۆشییە هاواریان بەرز کردەوە. سەیر ئەوەیە وتەبێژی دەوڵەتی ڕووحانی کە دەرکەوت بۆ کۆتایی پێهێنان بە ڕێککەوتنەکە ئێعتبارێکیان بۆ دانەندرا و چین داوای نوێنەری ڕێبەریی کردبوو بۆ تەواوکردنی وتووێژەکانیان و گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی دەڵێ: "ئەم کارانە درۆ و تەبلیغات لە دژی ئێران و عەمەلیاتی ڕەوانی لەدژی ئێرانە". بەم جۆرەش ئاشکرای دەکا کە ئێران وڵاتێک نییە بۆ هەموو خەڵکەکەی و پێویستی بە بۆچوونی ئەوان نییە، بەڵکوو تەنیا کۆمەڵێک ئەویش لەنێو دەسەڵاتداراندا بە خاوەنی ئەم خاکە دەزانێ و حەقیان پێ دەدا کە هەرچییەکی بیانەوێ بەسەری بێنن. ئەویش لەگەڵ وڵاتی چین کە بە پێچەوانەی ئیدعای ڕێژیم لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی هەردوولا، هەتا ئێستا شتێک بە ناوی پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی هیچ وڵاتێک لە سیاسەتیاندا بەدی نەکراوە و بێگومان ئەم کارەشی تەنیا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی چین و بەدەستهێنانی ئیمتیازاتێکی زۆر لەو پێوەندییەدایە. هەر بۆیە ناحەق نییە کە زۆر لایەن ئەم ڕێککەوتنەیان بە ڕێککەوتنی تورکمانچای شوبهاند و باوەڕیان وایە کە لە دووبارەبوونەوەی مێژوودا و بە هۆی شکستی حکوومەت ئەگەر ئەودەم بەشێک لە خاکی ئێران فرۆشرا، ئەمجارە هەموو سەرمایەی ئێرانیان لە پێناو مانەوەی حکوومەتدا فرۆشتووە.

ئێستا بۆ ئەوەی شکستی کۆماری ئیسلامی زیاتر بخەینە بەرچاو و ئەگەر تەنیا بەراوردێکی بچووک بکەین لە نێوان دوو وڵاتی ڕەقیب لە ناوچەدا ئەوە ڕوونتر دەردەکەوێ. بۆ وێنە لە حاڵێکدا کۆماری ئیسلامی هەموو ئیمتیازێک دەدا بە دەوڵەتی چین بۆ وەبەرهێنانی ٤٠٠ میلیارد دۆلاری ئەویش دیار نییە چەند و چۆن دەبێ، و بەلەبەرچاوگرتنی ژێرخانی ئابووری و توانای ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی لەلایەن ئێرانەوە کە ئێستا ساڵانە تەنیا دەگاتە یەک میلیارد دۆلار، قسە لە وەبەرهێنانی ٤٠٠ میلیارد دۆلاری چین لە ماوەی ٢٥ ساڵدا دەکرێ. شتێک کە لە ڕوانگەی زۆر لە شارەزایانەوە وەک خەیاڵ دێتە بەرچاو. بە تایبەت بۆ وڵاتێکی وەک چین کە لە کێبەرکێ ئابوورییەکانیدا زۆرتر چاوی بڕیوەتە وەدەستهێنانی بازاڕی مەسرەف و کردنەوەی دەرگای وڵاتانی جیهان بە ڕووی بەرهەمەکانیدا. لە بەرامبەردا پاشایەتیی سعوودیە بڕیار دەدا لە ماوەی ١٠ ساڵدا ١٣٠٠ میلیارد دۆلار تەرخان بکا بۆ خزمەتکردنی جۆراوجۆری وەبەرهێنانەکانیان لە نێوخۆی وڵاتدا. هەروەها دەبینین عێراق کە ئێران بە بەشێک لە هاوپەیمانە ستراتیژییەکانی خۆی داناوە بەڵێن دەدا کە یارمەتییەکی ٣٠٠ میلیارد دۆلاری بۆ وەبەرهێنان لە ژێرساختی ئابووری ئەو وڵاتەدا بکا. ئەمەش دەتوانێ نموونەیەکی بەرچاوبێ لە شکستی کۆماری ئیسلامی لەچاو ڕەقیبەکانی لە ناوچەدا. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ڕووحانی سەرۆککۆماری ئێران وەک درۆکانی پێشتری ڕادەگەیەنێ کە، "لە حاڵێکدا هەڵدانی ئابووریی دنیا ٣،٤ دەهم مەنفییە، ئابووری ئێران هەڵدانی موسبەتی ٢ لە سەدی بووە لەم ساڵدا."

بەمجۆرە بە دوور لە هەموو بابەتێک، دەردەکەوێ لە بیری ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئەمە دەتوانێ هەوڵێک بێ بۆ خۆدەربازکردن لە قەیرانە سیاسی و دیپلۆماسییەکان و ڕێگە چارەیەک بۆ پێشگرتن لە کەوتنی یەکجاری نیزامەکەیان بەبێ گرینگیدان بە دەسکەوتە ئابوورییەکەی. نیزامێک کە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی گشتی خەڵکی وڵات بووەتەوە و بە تەواوەتی متمانەی خەڵکی لەدەست داوە و بەدوور نابیندرێ بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان کێشەی گەورەیان بۆ دروست بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠٢١

# دیپلۆماسیی ڕەسمی لە هەیکەلی ڕێژیمدا



بڵاوبوونەوەی وتووێژێکی دەنگیی جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئێران کە وەک دەڵێن بۆ بڵاوکردنەوە نەبووە و تەنیا بۆ مێژووی زارەکی و ڕاگرتنی بەڵگەنامەیەکی دەوڵەت کراوە، ڕاستیی سیاسەتەکانی ڕێژیم و بێدەسەڵاتیی دەوڵەتی لە ئێران ئاشکراتر کرد. ئەم قسانەی وەزیری دەرەوە کە بەرپرسانی دەوڵەت پێیان وایە دزراوە و بەئەنقەست بڵاو کراوەتەوە، بوو بە هۆی دروستبوونی هەراوهوریایەک لەنێو بەرپرسانی جۆراوجۆری کۆماری ئیسلامیدا. ئەو بەشەی کە بە تایبەت باسی ڕۆڵی قاسم سولێمانی و ڕۆڵی ناوبراو لە دەستێوەردان لە کاری وەزارەتی دەرەوەدا کردوویەتی تووشی زۆرترین بەرهەڵستی بوو لە نێو فەرماندەکانی سپا و لایەنەکانی سەر بە دەزگای ڕێبەریی کە خامنەیی لە سەروویانەوەیە.

جەواد زەریف کە بەردەوام پێداگری لەسەر باوەڕمەندیی خۆی بە نیزامی کۆماری ئیسلامی دووپات دەکاتەوە، بە ڕوونی ئاماژە بۆ کێشەکانی سیاسەت لە نێو دەسەڵاتدا دەکا و بێدەسەڵاتیی ئەو کەسانەی کە بە تەواوەتی لە ئاست سپای پاسداراندا چۆکیان دانەدابێ، دەردەخا. ناوبراو وەک خۆی دەڵێ بە ڕوانگەیەکی کارناسانەوە هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکا و بە ڕاشکاوی و بە ناوی مەیدانەوە ڕێبەر و فەرماندەکانی سپا و بە تایبەت قاسم سولێمانی، بە هۆکاری دیپلۆماسیی شکستخواردووی ڕێژیمەکەیان تاوانبار دەکا. ئەگەر سەرپێیی هەڵسەنگاندنێک بۆ ئەم بەشە لە قسەکانی زەریف بکرێ دەبێ بڵێین کە ڕاستگۆیانە تەئییدی هەڵوێستی چەندین ساڵەی حیزبی ئێمە و ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە ڕێژیمی کردووەتەوە کە بە بەردەوامی باسیان لە تاکڕەویی خامنەیی بۆ دەسەڵاتداریی بە پشتگیریی سپای پاسدارانیان کردووە. بەڵام زەریف دەیەوێ چ بڵێ؟

بەشی: دووهەم

ناوبراو کە لە چل ساڵی ڕابردوودا نیشانی داوە پیاوێکی باوەڕدار و باوەڕمەند بە کۆماری ئیسلامی بووە و لانیکەم لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا لە دامەزراوە دیپلۆماسییەکانی ڕێژیمدا ئەرکی پێ ئەسپێردراوە، هەر لە سەرەتاوە دەڵێ: "هەوڵم داوە کارێک بکەم کە بە قازانجی خەڵکە و بە قازانجی وڵاتە". لەوە گەڕێین کە لە بنەڕەتدا کارەکانی کۆماری ئیسلامی هیچ قازانجێکی بە خەڵک و وڵات نەگەیاندووە، داخۆ بە پشتبەستن بە قسەکانی دواتری، ئەویش دەیەوێ بڵێ کە ئەوانی دیکە کە بە "مەیدان" ناویان دێنێ قازانجی خەڵک و وڵاتیان لەبەرچاو نەبووە. لە قسەکانیدا دەر دەکەوێ کە خامنەیی و فەرماندەکانی سپا بە دوور لە چاوی ئەوان سیاسەتەکانیان بە تایبەت لە پێوەندییەکانی دەرەوەدا داڕشتووە و بەبێ ڕەچاوکردنی لێکدانەوەی کارناسانەی ئەوان تەنیا ئەرکی جێبەجێ کردنیان بۆ ماوەتەوە. زەریف بەم جۆرە پاکانەیەک بۆ خۆی و هاوبیرانی دەکا کە شکستی دیپلۆماسیی ئێران لە ئەستۆی ئەواندا نییە و ئەگەر نەیانتوانیوە ئەنجامی باش لە کارە دیپلۆماسییەکانیاندا بە دەست بێنن ئەوە بە هۆی بە هێندوەرنەگرتنی ئەوان و دەستێوەردان لە کارەکانی دەوڵەتدا لەلایەن "مەیدان"، سپای قودس و بە تایبەت قاسم سولێمانی و ڕێبەرەوە بووە.

دیارە ئاستی تووڕەیی و ناڕەزایەتییەکانی فەرماندەکانی سپا و دژبەرانی زەریف و دەوڵەتەکەیان گەیبووە ئەو جێگەی کە بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان و دوای ئەوەی کە زەریف داوای لێبوردنیشی کرد، خامنەیی ڕێبەر زووتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا هاتە سەر مینبەر و بۆ ئارامکردنەوە و کەڵکوەرگرتن لە دۆخەکە بە قازانجی بەرنامەکانی خۆی و سپا، لەکاتێکدا تووڕەیی بە قسەکانیەوە دیار بوو، سەرکۆنەی وەزیری دەرەوە و هاوبیرانی لەنێو نێزامدا کرد کە بەرپرسانی نیزام نابێ هەڵەی وا بکەن کە قسەی دوژمنەکانیان و ئەمریکا دووپات بکەنەوە. ئەو هەروەها بە پێداگری لەسەر ئەوەی کە سیاسەتی دەرەوە لە کۆڕێکی سەرەوەتردا بڕیاری لەسەر دەدرێ، بە گوێی ئەوانیشی دادا کە وەزارەتی دەرەوە دەوری نییە لە داڕشتنی سیاسەتدا و تەنیا جێبەجێکاری بڕیارەکانی ئەو و دەورووبەرەکانیەتی. دیارە خامنەیی کە سپای پاسداران بە پشتیوانی سەرەکیی دەسەڵاتی خۆی دەزانێ کەوتەوە پێداهەڵگوتن بە سپای تێرۆریستیی قودس و ڕەخنەی زەریف لە دەستڕۆیشتوویی ئەم هێزەی بە هەڵەیەکی گەورە ناو برد کە نابێ هیچ بەرپرسێکی کۆماری ئیسلامی دووبارەی بکاتەوە. بە مانایەک ئەوەی سپای پاسداران دەیکا جێگەی ڕەخنە نییە و بەرپرسانی دیکە دەبێ پشتیوانیی لێ بکەن. بەمجۆرە پاساوی باشی هێناوە بۆ هەموو ئەو کارانەی پێشوو کە کردوونی و لە چوارچێوەی کاروباری دەرەوەی هیچ نیزامێکدا ناگونجێ. وەک، سەردانی سەرۆککۆماری سووریە بەبێ ئاگاداری وەزیری دەرەوە، ناردنی نامەی ڕێبەر لەلایەن کەسی تایبەت لەکاتێکدا نوێنەری ڕەسمیی وڵات لە سەفەری ڕووسیە بوو، داوای چین بۆ بەشداریی نوێنەری ڕێبەر بە مەبەستی تەواوکردنی گرێبەستی ٢٥ ساڵە لەگەڵیان و زۆر دیدار و ڕێککەوتنی دیکە کە نە تەنیا بە خەڵکی نەگوتراوە، بەڵکوو وەزارەتی دەرەوەی نیزامەکەشیان ئاگای لێ نەبووە. ئەمەش تەنیا بەشێکی بچووک لە ڕاستییەکانی شێوەی دەسەڵاتدارییە لە ئێراندا کە شێوازێکی پڕاوپڕ توتالیترییە و جێگەی خەڵکی تێدا نابێتەوە مەگەر بۆ گوێڕایەڵی. ئەوەش وەک زەریف پێشتر گوتبووی



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی هەیە خۆیان هەڵیانبژاردووە.

لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە زۆرتر کێشە نێوخۆییەکانی ڕێژیم دەر دەخا، باسکردن لە جۆری پێوەندییەکانی سپای قودس و گوێڕایەڵی بۆ ڕووسیە لە هاوکاری لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە سەرنجڕاکێشە. زەریف ئاشکرای دەکا کە ڕووسیە چۆن لە هێزە جۆراوجۆرەکانی سپا و بە کوشتدانیان لە شەڕی مەیدانی لە سووریەدا کەڵکی وەرگرتووە و فەرماندەکانی سپاش ئەمەیان بە دەسکەوتێک بۆ خۆیان لە قەڵەم داوە. لەکاتێکدا بۆخۆیان تەنیا شەڕی ئاسمانییان کردوە و کونترۆڵی سووریەشیان بەدەستەوە گرتووە. باسکردن لە هەوڵەکانی ڕێبەر و سپای قودس بۆ شکستپێهێنانی هەوڵی دیپلۆماسیی ئەو بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ئابڕوومەندانەتر لەگەڵ ڕۆژاوا کە خامنەییش لە قسەکانیدا و بە پشتیوانی لە کارەکانی سپای قودس ڕاستییەکەی ئاشکرا دەکا، باسی بەشێکی دیکەیە لە سیاسەتی خۆبەدەستەوەدانی ڕێژیم بە زلهێزەکانی ڕۆژهەڵات. سیاسەتێک کە جگە لە ماڵوێرانیی زیاتر بۆ خەڵکی ئێران و بە هەڕاجکردنی سامانی ئێران خێرێکی دیکەی نەبووە.

ئەوەی لە کۆی ئەم قسەوباسانەدا دەردەکەوێ ناڕەزایەتیی تەنانەت بەشێک لە بەرپرسانی نیزامە لەو شێوە دەسەڵاتدارییەی کە لەمێژە خەڵکی ئێرانی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە بۆ ڕزگاربوونیان لە چنگ ئەو ستەمە هەمەلایەنەی کە بەسەریاندا سەپاوە، جگە لە گۆڕینی ڕێژیمی خۆسەپێن بەسەر ئێراندا هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان لەبەردەمدا نەماوە. هەر بۆیە دروشمی نا بۆ کۆماری ئیسلامی تەنیا دروشمێکە کە ئەمڕۆ بووەتە قسەی هەموو خەڵکی دژبەری ئەو نیزامە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

## سووڕی باتڵی هەڵبژاردنەکان لە ئێران و ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن



ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی، دەورەی دەسەڵاتدارەتیی دەوڵەتی حەسەن ڕووحانیی کە وەک هەموو دەورەکانی پێشوو بە دنیایەک وادە و بەڵێنەوە هاتە سەرکار تێپەڕ کرد. زۆر باش بۆ خەڵک ڕوونە کە دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکان لەم ڕێژیمەدا، کە بە تۆمەتبارکردنی سەرۆککۆماری پێشووتر بەوەی کە بە نەزانی و بێ بەرنامەیی وڵاتیان ئیدارە کردووە و ژیانی خەڵکیان بەلاوە گرینگ نەبووە دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە. بەڵام هیچ کامیان نە باشتربوون لەوی پێشوو، نە توانیویانە گۆڕانکارییەک کە کاریگەری لەسەر باشترکردنی ژیانی خەڵک بووبێ دروست بکەن. جگە لەوەی کە قسەکانیان و شێوازی درۆ و بەلاڕێدابردنی خەڵک لە نێوانیاندا جیاوازی هەبووە، لە کار و کردەوەیاندا هیچ جیاوازییەک نەبیندراوە.

لەم دەورەش لە دەسەڵاتدارەتیی ڕووحانیدا ئەوەی نەسیبی خەڵک بوو، زیاتربوونی ڕێژەی هەژاری، بێکاری، ئێعتیاد و پەرەسەندنی نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانە کە بەشی زۆری خەڵکی ئێرانی گرتووەتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بە دانپێدانانی بەرپرسانی حکوومەتی دزی و ڕانتخۆری و فەساد لە هەموو بوارێکدا بووەتە بەشێک لە ژیان و کاروکەسبی دەسەڵاتداران و ئاغازادەکانیان. بە ڕادەیەک کە دەیان و سەدان هەزار میلیارد تمەن و بگرە زیاتر لە سامان و سەرمایەی وڵات چووەتە گیرفانی ئەوان و بەشێکی زۆری لە وڵات چووەتە دەر و لە وڵاتانی ڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتیدا سەرمایەگوزاریی تایبەتی بۆ خۆیان پێ کراوە. سەبارەت بەو بابەتەش جاروبار بۆ ئەوەی تووڕەیی خەڵک دامرکێنن بە ناوی خەبات لە دژی فەساد، چەند کەسێکی خوارووتر دەکەنە قوربانی، یا نێویان دەردەخەن یان زیندانی دەکرێن و دوایەش دیار نییە کە چۆن



سەرچاوە
Serchawe

ئەو سەرمایە دەگێڕنەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ساڵانێکە دامودەزگا و بنیادەکانی سەر بە ڕێبەری و سپای پاسداران تەنیا بە مەبەستی پڕکردنی گیرفانی خۆیان و خەرجی بەرنامە شەڕەنگێز و سەرکوتکارانەکەیان دەستیان بەسەر زۆربەی سەرچاوەکانی داهاتی ئێراندا گرتووە و بۆخۆیان بەبێ ئەوەی بەرامبەر بە کەس وەڵامدەر بن بەکاری دێنن. هیچ گومان لەوەشدا نییە کە هۆکاری تەواوی ئەو نەهامەتییانەی کە بەسەر خەڵکی ئێران هاتووە تەنیا بوونی ڕێژیمی سەرکوتکاری کۆماری ئیسلامییە کە ڕێبەرەکانی لەسەر هەتا خوار جگە لە مانەوەی دەسەڵاتەکەیان و درێژەی تەمەنی دەسەڵاتدارییان بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکەنەوە.

لەگەڵ ئەوانەش سیاسەتی خۆبەزلزانانەی خۆپڕچەککردن لە بواری ناوکی و مووشەکییەوە کە بە ناوی بەهێزکردنی سیاسەتی بەرگری بەڕێوە دەچی، بووەتە بارگرانییەکی دیکە لەسەر شانی خەڵک. پێداگری لەسەر درێژەی ئەم پڕۆژانە کە بە سەدان میلیارد دۆلاری تێچووە جگە لە بە خەساردانی سامانێکی زۆری خەڵک، لەمێژ ساڵە بووەتە هۆی وەدەنگهاتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر ئەم وڵاتەدا لە ڕێگەی تەحریمە ئابوورییەکانەوە. هەموو کەس دەزانێ و ئێستا دەسەڵاتدارانی حکوومەتییش ددانی پێدادەنێن کە ئەم سزایانە چ ئاسەوارێکی خراپی لە سەر ئێران و وەپاشکەوتنی هەبووە. لە خۆڕا نەبوو کە لە ساڵی ڕابردوودا هیوایان بە گۆڕینی دەسەڵات سیاسی لە ئەمریکا بوو و هەتا ئێستاش چاوی هومێدیان لەسەر جوزێف بایدن، سەرۆکی تازەی ئەمریکا هەڵنەگرتووە بەڵکوو گۆڕانێک بێتە پێش و لەگەڵیان ڕێگەی سازان بگرێتە بەر کە هەتا ئێستاش دیار نییە ئەم چاوەڕوانییانە چی لێ شین دەبێتەوە. ئەگەر قسەکانی جەواد زەریف بە هێند وەرگیرێن دەردەکەوێ کە ڕۆڵی خامنەیی و دەسەڵاتی سپای پاسداران لە دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوەدا، ڕێگەیەکی دژواریان بۆ ڕێککەوتن لەبەردەمدایە مەگەر بە تەسلیمبوونێکی دیکەیان بەرامبەر ڕۆژاوا.

لە دۆخێکی ئاوا نالەباردا کە هەم لە دەرەوە و بە تایبەت لە نێوخۆدا نارەزایەتی و فشارێکی زۆریان لەسەرە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دیسانیش بە درێژەدان بە سەرکوت و زەبروزەنگ، لە گرتن و ئەشکەنجە و لەداردان بگرە هەتا کوشتنی نەیارانی، هەوڵی کپکردنی دەنگی نارەزایەتییەکان کە بە زۆری کوردستانیشی گرتووەتەوە دەدا و وادیارە ئەمەی وەک تاکە ڕێگەی بەردەمیان بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەیان دەبینن. بەڵام سەرەڕای ئەم زەبروزەنگە ئەوان نەیانتوانیوە خەڵک سەرکوت بکەن و جگە لە دەربڕینی ڕۆژانەی نارەزایەتییەکان لە هەموو شوێنێکی ئێران، دەنگی دلێری ئازادیخوازان و داوای نەمانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژبەڕۆژ بەرزتر بووەتەوە و پەرەی گرتووە. لە هەلومەرجێکی وا هەستیاردا گرینگە کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وردتر دۆخەکە هەڵسەنگێنن و بە بیرکردنەوە لە جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی بەرەو داواکاری خەڵک بڕۆن. بە جۆرێک کە بتوانن کەلێنی نەبوونی ئاڵترناتیوی کۆماری ئیسلامی پڕ بکەنەوە و بەمجۆرە هومێدێکی زیاتر بە دژبەرانی ڕێژیم ببەخشن. بە تایبەت ئێستا کە مەسەلەی هەڵبژاردن لە ئارادایە و خەڵک بە دەربڕینی بێزاری خۆیان هومێدێکیان بە

ئەم یا ئەو هەڵبژاردە نییە، دەبێ بە نیشاندانی یەکرێزی هانی ئەو خەڵکە بدرێ کە بە بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی ڕیزی خۆیان لە ڕیزی ئەو کەسانەی دەستیان لە برسی کردنی منداڵەکانیان و زیندانی کردن و کوشتنی ئەواندا هەیە، دەنگی نا بۆ کۆماری ئیسلامی بکەنە پەیامێکی گشتی و بە گوێی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەموو جیهانی بگەیەنن. ئەوەمان لە بیربێ کە ئەگەر ڕێژیم هەمیشە هەوڵی داوە دەنگوەرگرتنی خەڵکی تەنیا بۆ نیشاندانی پشتیوانی لە دەسەڵاتەکەیان بەکار بێنن و دواتر هیچ گرنگییەکی بەو دەنگانە نەداوە، ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستی بەم دەنگانەیە هەتا دیسان مەشرووعییەتی لەدەستچووی بە چاوی دنیادا بداتەوە. کەوابوو ئەرکی ئەمجارەی هەموو لایەک گرنکتر و کاریگەرتر دەبێ و پێویستە هەموو کەس لە بەرامبەریدا خۆی بە بەرپرسیار بزانێ.

لە کوردستانیش بێگومان ئەرکی هێزە سیاسییەکان و بە تایبەت ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران کە نوێنەرایەتیی دەنگی زۆربەی خەڵکی کوردستان دەکا چ لە پێوەندی مەسەلەی هەڵبژاردنی مانگی داهاتوو و تەنانەت بۆ گۆڕانکارییەکانی بەردەمیان دەبێ هەوڵی زیاتر بۆ یەکریزی خۆیان و خەڵکی کوردستان بدەن و هەوڵ بدەن کاریگەرییان لەسەر هەر ڕووداوێک هەبێ. بێگومان جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی بە یەکریزی زیاترەوە هەلی سەرکەوتنی باشتری بۆ دەرەخسێ و ئەمەش ئەرکەکان دیارتر و زیاتر دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠٢١

# کوردستان و پێویستیی یەکگرتوویی



کورد لە ناوچەیەکدا دەژی کە زۆر جار بە دوور لە ئێرادەی ئەم نەتەوە، هەر ڕۆژەی چاوەڕوانی گۆڕانکارییەک دەکرێ کە بە زۆری، ئەم گۆڕانکارییانە بە شێوەی کاتیش بێ، شوێنەواری باش یا خراپی لەسەر دۆخی ژیان و خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی داناوە. هەرچەند نەتەوەی کورد لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان هەرگیز دەستەوەستان نەبووە و ڕێگەی خەبات و تێکۆشانی بەرنەداوە، بەڵام هەموو ئەو هەوڵ و قوربانیدانە بە هۆکارگەلی جیاواز ڕێگەی خەباتی بەردەوامی درێژتر کردووەتەوە و زۆرجار مەترسیی بۆ سەر ئەو دەسکەوتانەش کە بە دەست هاتوون، دروست کردووە. بێگومان ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ئاست تێکۆشانی خەباتگێڕانی کورددا، دوژمنەکانیشی بێدەنگ دانەنیشتوون و بە بەردەوامی و هەرکام بەجیا و زۆر جاریش بە یەکەوە لە دژی ئامانجەکانی نەتەوەیی کورد دەستیان داوەتە پیلانگێڕی.

دەبینین کە خەباتی سەد ساڵەی ڕابردووی کورد لە قۆناغە جیاجیاکاندا چۆن هەرکام بە شێوەیەک و لە ئەنجامی پیلان و پەلاماری دەوڵەتی ناوەندی و زۆرجار بە هۆی دەستێوەردان و پیلانگێڕی هاوپەیمانە دەرەکییەکانیان و یارمەتی دەوڵەتانی ناوچە، بزووتنەوەکان ڕووبەڕووی شکست هاتوون و سەرهەڵدانەوەیان لە شکڵێکی نوێدا چەندین ساڵی خایاندووە. شۆڕشەکانی خۆیبوون، ئاراڕات، شیخ مەحموودی حەفید، شۆڕشی بارزانی، بزووتنەوەی سمکۆ تەنیا چەند نموونەیەکن لەو سەرهەڵدانانەی کورد کە بەداخەوە تووشی ئەم چارەنووسە بوون.

ئەگەر ئاوڕێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەینەوە لە نوێترین دەوری خەباتی ڕزگاریخوازانەیدا دیتمان کۆماری کوردستان کە بە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پێی بەرنامەی ئەم حیزبە بوونی خۆی وەک یەکەم دەسەڵاتی مودێڕنی کوردی ڕاگەیاند چۆن دوای یازدە مانگ بە پیلانی هاوبەشی حکوومەتی شای ئێران و ئینگلیز و ئەمریکای ئاغایان کەوتە بەر پەلامار و هەڵوەشا. کاتێکیش دوای زیاتر لە سێ دەیە خەبات و تێکۆشان کاتێک بە دوای شۆڕشی ١٣٥٧دا جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان لەسەر خاکی خۆیان هەوای ئازادییان هەڵدەمژی ئەمجارە لە ژێر پەردەی ئیسلامدا و بە حوکمی جیهاد دژی کوفر، کەوتنە بەر هێرشی دڕندانەی دەسەڵاتدارە تازە پێگەیشتووەکانی جێگرەوەی دەسەڵاتداری حکوومەتی پاشایەتی. بەو جیاوازییەی کە ئەگەر شا بۆ پاراستنی جەزیرەی ئارامی خەیاڵی خۆی بەرهەڵستی هەر چەشنە بیرێکی ئازادیخوازی دەکرد، کۆماری ئیسلامی بۆ سەپاندنی بیری کۆنەپەرستانەی خۆی بەسەر خەڵکدا و لە کوردستان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردیی ناوچەکانی کوردستان و نەتەوەی کورد شەڕێکی هەڵایساند کە ٤٢ ساڵە بەردەوامە و لە پێناو جێبەجێکردنی پیلانەکانیان ڕەحم بە هیچ کەس و هیچ شتێک لە کوردستان ناکەن. لە سووتاندن و وێرانکردنی شار و گوندەکان لە ساڵانی سەرەتای شەڕ بگرە هەتا گرتن و ئێعدامە بەردەوامەکان و سووتاندن و تێکدانی ژینگەی کوردستان و ئاوارەکردنی خەڵک بەشێک لەم سیاسەتەیە کە بۆ لە نێوبردنی کورد گرتوویەتییە پێش و لەسەریشی دەڕوا؛ هەڵبەت هیچ سیاسەت و پیلانێکی ڕێژیم لە کوردستان نەیتوانیوە ئامانجەکەی کە کپکردنی دەنگی خەڵکە بپێکێ. دەبینین ئێستا گەشەی بیری شوناسخوازی نەتەوەیی کورد لە سەرانسەری نیشتمان و، تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان لە هەموو بوارێکدا گەیوەتە ئاستێک کە سەرەڕای درێژەی هەوڵی سەرکوتکەرانەیان ئەگەر ڕێبەرانی نیزام بیانەوێ حاشیشی لێ بکەن توانای لەنێوبردنیان نییە.

هەموو ئەم دوژمنکارییانەی دژی کورد و نیشتمانەکەی دەکرێ لایەکی مەسەلەکە بێ و وەک دەڵێن دوژمنە و چاوی پێت هەڵنایەت و هەرچی لە دەستی بێ دەیکا. بە تایبەت لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کە کەمترین بایەخ بۆ هیچ مافێکی ئینسانی داناندرێ. بۆیە جگە لە لاقاودان و بەرەنگاری و خەبات بۆ لەنێوبردنی کارێکی دیکەی لەگەڵ ناکرێ. لایەکی دیکەی بابەتەکە خۆمانین وەکوو کورد. هەتا بە مێژووی ڕزگاریخوازی کورددا ڕۆدەچین ئەزموونەکان لە خوێندنەوەی ئەم مێژووە پڕ شانازییە لە خەبات و قوربانیدان خاڵێکی گرینگمان دەخاتە پێش چاو، ئەویش نایەکگرتوویی کوردە لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتدا. مێژوو پێمان دەڵێ کە نەبوونی یەکگرتوویی گەورەترین شانسی لە کیس کورد داوە. سەیری هەرکام لە قۆناغەکانی شۆڕش بکەین دەبینین دووبەرەکی لە ڕیزی کورددا و نەبوونی یەکگرتوویی نەتەوەیی گەورەترین زیانی بە پێگەی کورد و شۆڕشەکانی گەیاندووە. ئێستاش کورد ڕاست بەو ئەزموونەدا تێ دەپەڕێ. کۆماری ئیسلامی نوقمی قەیرانە جۆراوجۆرەکانە. ئێستا دەبینین کە شەڕ کەوتووەتە نێوماڵی خۆی و بە تەواوی لەرزۆک بووە و تەنانەت شەریکەکانی پێشوویان لە دەسەڵاتدا ئومێدیان بە مانەوەی حکوومەتەکەیان لاواز بووە، بۆیە ئەگەری گۆڕانکارییەکان لە هەر زەمانێکیتر

زیاتر جیددیترە.

ئێستا کورد کە زیاتر لە چوار دەیەیە لە بەرامبەر ئەم ڕێژیمەدا خۆڕاگری کردووە و وزەی خەباتگێڕی لە هەر سەردەمانێک زیاترە، لە هەر ئاڵوگۆڕێکدا کە بێتە پێش دەکەوێتە بەر تاقیکردنەوەیەکی نوێ. ئەم تاقیکردنەوانەش ڕیسکێکن کە ئەگەر بەوەخت و بە جێ خۆی بۆ ئامادە نەکا دوور نییە ئەزموونە مێژووییەکانی ڕابردوو دووبارە ببنەوە و هەلومەرجی لە کیس چوو، هەلێکی دیکە لە دەست کورد بدا و دواتر مێژوو وەک شۆڕشەکانی پێشوو هەڵسەنگاندنی خراپی بۆ بکا.

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد پێویستی بە بیری نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە کە دەبێ بە دوور لە چوارچێوەی بۆچوون و بەرنامە حیزبییەکان هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ و ببێتە بنەمایەک بۆ یەکبوون و یەکریزی کورد لە چوارچێوەی پلانێکی نیشتمانیدا. بە جۆرێک کە هەموو تاکێکی کورد خۆی بە هەر ڕوانگەیەکی سیاسی و حیزبییەوە خۆی تێدا ببینێتەوە. ئەمە لەوانەیە کارێکی قورس بێ بەڵام دەبێ وەک ئەرکێکی پیرۆز چاوی لێ بکرێ.

بە ئاگابوون لەوەی کە بیری شوناسخوازانەی نەتەوەیی کورد لە پانتایی کوردستاندا بوونی هەیە و ڕوو لە پەرەسەندنە و دەرخەری یەکریزیی تێکۆشەرانی کوردە، ئەرکی حیزبەکان بە تایبەت ئەوانەی بیر لە ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە چنگ ستەمی مێژووی دەسەڵاتدارانی تاران دەکەنەوە، دەبێ لەم پێوەندییەدا وەک ئەرکێکی مێژوویی چاوی لێ بکرێ. پلۆرالیزم و جیاوازیی بیری سیاسی نابێ بکرێتە کۆسپ بۆ گەیشتن بەم ئاواتەی خەڵکی کوردستان کە تاکە ڕێگەی گەیشتنی ئەوانە بە ئامانجەکانیان. بە دڵنیاییەوە یەکگرتوویی یەکێک لە پێویستییەکانی ئەم قۆناغە لە خەباتە و دەبێ یەکگرتووانە بە پیر ئەم گۆڕانکارییانەوە بچن. بە تایبەت حیزبی دێموکرات کە خاوەنداریەتیی خەباتی نەتەوەیی کردوە و ئێستا کە دێموکراتەکان بیر لە یەکگرتنەوە دەکەنەوە دەبێ هەوڵ بدەن کە ئەم یەکگرتنەوە ببێتە هەوێنی یەکگرتوویی نێو بنەماڵەی کورد بە جۆرێک کە لە ئاست چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## "کوردستان" بەردەوام توانیویەتی ڕەسالەتی ڕۆژنامەگەری خۆی بپارێزێ



**(دەقی قسەکانی کەماڵ کەریمی، بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات لە سمیناری یادی دەرچوونی ژمارە ۸۰۰ی "کوردستان"دا)**

**لەسەر ئیزنتان، قسەکانم بە ئیجازە و سپاس لە بوونی کەسێک لە نێوماندا دەست پێ دەکەم، کە زۆرترین ماندووبوونی بە ڕۆژنامەی "کوردستان" بە تایبەت لە دەورەی سێهەمی دەرچوونیدا لەسەر شان بووە و زۆرترین کاریگەری بە تایبەت لە باری زمانی کوردییەوە لەسەری هەبووە، ئەویش مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەیە.**

**هەوڵ دەدەم قسەکانم کورت بکەمەوە بۆ ئەوەی کاتێکی زیاتر بۆ هاوڕێمان قادر وریا بمێنێتەوە کە ساڵانێک چ بە نووسینە پڕبایەخەکانی و چ وەک بەڕێوەبەری سەرەکی ڕۆڵی چالاکی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا هەبووە و بێگومان سوودی زیاتر لە قسەکانی وەردەگرین. بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەم کە لەو سمینارەدا ئامادە بوون بۆ ڕێزلێنان لە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە بۆ دەرچوونی بەردەوامی ڕۆژنامەی کوردستان وەک بەشێک لە ڕاگەیاندن و زمانحاڵی حیزبی دێموکرات، لە کاری جیاجیادا لە نووسین، وەرگێڕان، ئامادەکردنی بابەتە جۆراوجۆرەکان هەتا دەگاتە دیزاین و چاپ و بڵاوکردنەوە ئەرکە وەخۆگرانە خۆیان ماندوو کردووە.**

ڕاگەیاندن بە مانای گەیاندنی بیر و زانیاریی نوێ بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی زۆر لە کۆنەوە بووەتە ئامرازێک بۆ تێگەیاندنی خەڵک و بۆ مەبەستە تایبەتەکان هۆکارێک بووە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵە جیاوازەکان. ئەگەر سەردەمانێک تەنیا دەسنووس و دواتر چاپ و بڵاوکردنەوەی نووسراوەکان هەبوو، لە سەردەمی نوێدا پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی بووەتە هۆی پەرەگرتنی دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن و دەبینین ئێستا لە هەر شوێنێک بین بە حاسانی دەستمان دەگاتە نوێترین زانیارییەکان. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە لە کاتێکدا لەوانەیە بە دەیان هەزار کاناڵی تلویزیۆنی و ئێنترنێتی هەبێ، لە کاری ڕاگەیاندندا دیسان ڕۆژنامە چ بە شێوەی چاپ و چ ئێنترنێتی لە هەموو جیهاندا پێگەی خۆی پاراستووە. بۆیە دەبێ لەو جۆرە ڕوانینەوە سەیری ڕۆژنامەی "کوردستان"یش بکەین، پێگەی ڕۆژنامەکەمان هەڵسەنگێنین و یارمەتی بدەین بە پەرەپێدان بە تواناکانی وەک یەکێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

هەموو دەزانین بڵاوبوونەوەی "کوردستان"ێکی قاچاخ کە لە تەمەنی ٧٥ ساڵەی خۆیدا تەنیا کەمتر لە دوو ساڵ لە زێدی لە دایکبوونی چاپ بووە و باقی تەمەنی لە قۆناغی جیاجیادا لە ئاوارەییدا و زۆرجار بە دزی و بە خۆشاردنەوە سەری لە چاپخانە وەدەرناوە، کارێکی گەلێک بەزەحمەت بووە. بەڵام دیسان لە ژیاندا مایەوە و ئەرکی ڕۆژنامەگەریی خۆی بەجێ گەیاندووە.

- کوردستان ڕۆژنامەیەکە کە لە هەموو دەورەکانی دەرچوونیدا هەوڵی داوە بە خۆبەدوورگرتن لە باس لەسەر کێشە لاوەکییەکان و سەرنجدان بە پێویستیی گەیاندنی زانیاری بەکەڵک لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و زانستییەوە، ڕەسالەتی ڕۆژنامەگەری خۆی بپارێزێ و لەپێناو گەیاندنی زانیاری بە خوێنەرانی و یارمەتیدان بە چوونەسەری ئاستی تێگەیشتوویی خەڵک و وشیاری نەتەوەیی لەلایەک و لەلایەکی دیکەش لەپێناو خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردیدا، خزمەت بکا.

- وەک باسکرا ئەم ڕۆژنامەی کوردستانە بە هۆی وەزعی سیاسی ئێران و بەردەوامی خەباتی خۆڕاگرانەی خەڵک بە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لە چەند قۆناغی جیاوازدا و دواکەوتنی بڵاوبوونەوەی بەردەوامی بۆ ماوەی چەندین ساڵ، لەوانەیە ڕۆژنامەیەک نەبێ کە ژمارەی دەرچوونی بەپێی تەمەنی ٧٥ ساڵەی بێ. بەڵام ئەگەر ئەو هەلومەرجەی کە لەو دەیان ساڵەدا بۆ کوردستان و حیزبی دێموکرات هاتووەتەپێش وەبیر بێنینەوە بە جۆرێک ڕازیمان دەکا لەوەی کە لە یادی دەرچوونی ژمارە ٨٠٠یدا شانازی بە ماندووبوونی دەیان تێکۆشەری خەمخۆری ئەم ڕۆژنامەوە بکەین کە لە هەموو ئەو ساڵانەدا خۆیان ماندوو کردوە هەتا ئەم کوردستانە لە کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی وەپاش نەکەوێ و پێگەی خۆی بەم ڕادە ژمارە کەمەشەوە بە قایمی بهێڵێتەوە.

بەشی: دووهەم

ئەم ڕۆژنامەیە کە ئیستا باس لە دەرچوونی ژمارە ٨٠٠ی دەکەین و ئەمە تەنیا ئەو ژمارانەن کە بە ناوی دەورەی سێهەمی کوردستانەوە بڵاوکراونەوە، لە چەند قۆناغدا و هەر بەن ناوە چەند سەت ژمارەیەکی دیکەی لێ بڵاو بوەتەوە کە دەکرێ ئاماژە بە هێندێکیان بکەین.

١- ڕۆژنامەی "کوردستان" دەورەی یەکەم کە دوای مانگێک لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم ژمارەی دەرچوو کە سەرجەم ١١٣ ژمارەی بڵاوکرایەوە.

٢- "کوردستان" کە بە هیممەتی شەخسیی دوکتور قاسملوو و کاک کەریم حێسامی لە دەرەوەی وڵات دەردەچوو، کە چەند ژمارەیەکی لێ بڵاو بووەتەوە.

٣- دەورەی سێهەمی "کوردستان" کە یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٣٤٩ بڵاو بووەوە و هەتا ئێستاش بەردەوامە و ئەمڕۆ بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە ٨٠٠ی لێرە کۆ بووینەوە.

٤- هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکانی ئەم دەورەیەی "کوردستان" لە ساڵەکانی ١٣٦٧ هەتا ١٣٧٥ بە هەمان ناو ڕۆژنامەی "کوردستان" لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ چاپ دەکرا کە ئەویش نزیک بە ٨٠ ژمارەی بڵاو بووەوە و دوای تێکەڵبوونەوە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەفرانباری ١٣٧٥ کۆتایی بە چاپ و بڵاوبوونەوەی هات.

بە هیوای بەردەوامی خەباتی ڕۆژنامەوانیی "کوردستان" و دیسان سپاس بۆ هەموو ئەو دڵسۆزە تێکۆشەرانەی بە فکر و بە قەڵەمەکانیان هەوڵیان داوە "کوردستان" وەک ڕۆژنامەیەکی موعتەبەری سیاسی بچێتە دەستی خوێنەرانی و سپاس بۆ هەموو ئێوەش کە بوونتان لێرە دڵگەرمییەکە بۆ بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢١

# دەنگی بەرزی خەڵک بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی



سێزدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری لە ئێران لە ٢٨ی جۆزەردانـدا بەڕێوە چوو. هەڵبژاردنێک کە لە چەند مانگ لەمەوبەرەوە ئاکامەکەی چاوەڕوانکراو بوو. لەوەی بەربژێرێکی سەرەکیی کۆنەپارێزەکان وەک ابراهیم رەئیسی لە مەیداندا دەمێنێتەوە و ئەوانی دیکە دەبنە پشتیوانی بۆ ئەوەی وەک خامنەیی دەخوازێ، "سەرۆککۆمارێکی بەهێز و بە دەنگێکی زۆرەوە هەڵبژێردرێ"! و تەنانەت ئەوەش کە ڕێژەی بەشداربووان زۆر لە خوارێ دەبێ و جارێکیتر دەردەکەوێ کە خەڵک وڵامی چاوەڕوانییەکانی ڕێبەری خۆسەپێنی ڕێژیم نادەنەوە.

لەم دەورە لە هەڵبژاردنەکاندا نەتەنیا بێباوەڕیی خەڵک بە نیزام و بەڵێنە درۆیینەکانی کاندیدا دەستنیشانکراوەکانی ڕێژیم زۆر بەرچاو بوو، تەنانەت بە روونی دەرکەوت ترس و دڵەخورپەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیش لەجێی خۆیدا بوو کاتێک بە نیگەرانییەوە ڕوو لە خەڵک دەکا و بە پاڕانەوەوە دەڵێ" ئەگەر کەمبوونی بەشداریی خەڵکمان هەبێ، لەولاوە زۆربوونی فشاری دوژمنمان دەبێ" یا " ئەگەر دەنگی سپی هۆکارێک بێ بۆ لاوازیی نیزام، حەرامە". خامنەیی هەروەها باس لەوە دەکا کە "ئێستا قسە لەسەر سەلیقەی سیاسی نییە و هەموو دەبێ بەشداری بکەن". بەمجۆرە ڕوو لەوانەی کە بە بیانووی نەبوونی بەربژێری خۆیان قسە لە بەشداری نەکردن دەکەن، بە ئاشکرا دەڵێ کە بەشداریی خەڵک بۆ دەرخستنی ئاکامەکەی نییە، بەڵکوو تەنیا بۆ ئەوەیە کە بە دوژمنەکانی نیشان بدا کە خەڵکی ئێران پشتیوانی نیزام و دەسەڵاتەکەیەتی. خاڵ لەوەی کە خەڵکی ئێران لەمێژە ڕیزی خۆیان لە ڕیزی ئەو و نیزامەکەی جیا کردووەتەوە و

نایانەوێ جارێکیتر ببنە هۆکاری دەرخستنی خۆبەزلزانینەکانی بەرامبەر بە خەڵک و دنیای دەرەوە.

ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی پێشتر بە زۆری هێزەکانی ئوپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە دەرەوە هەڵبژاردنەکانیان تەحریم دەکرد، ئەمجارە لە نێوخۆی وڵاتیش زۆر لایەن و کەسایەتی وەفادار بە نیزامیش بە بیانووی نەبوونی کاندیداتۆرێکی جێگەی باوەڕیان ڕایانگەیاند کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا ناکەن و لە تەبلیغات بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن خۆیان پاراست. لەو نێوەشدا کەم نەبوون ئەوانەی کە بە ئاشکرا کەوتنە ڕیزی تەحریمی هەڵبژاردنەکان و ئەم هەڵبژاردنەیان بە فەرمایشی لە قەڵەم دا. جگە لەوانەش یەکەم جار بوو کە خەڵکی ناڕازی لە ڕێژیم لە نیوخۆی وڵات بە بەربڵاوی و بەبێ ترس و دوودڵی دەنگی خۆیان بەرز کردەوە و لە کاناڵە ڕەسمییەکانی ڕاگەیاندن و پەیجە کۆمەڵایەتییەکاندا بە بەربڵاوی بۆ ڕیسواکردنی ڕێژیم و هەڵبژاردنە گاڵتەجارییەکەی کەوتنەخۆ و بە هاواری نا بۆ کۆماری ئیسلامی هەڵوێستی خۆیان دەربڕی. هەر ئەم یەکدەنگییەش لە نێو خەڵکی ئێران و کەسایەتیی و لایەنە سیاسییەکاندا بوو کە ئەم ئاکامە جوانەی لێ کەوتەوە و بە پێچەوانەی ئیدێعای ڕێژیم و هەروەها دەستێوەردان لە ئامارەکاندا، بە کەمترین ڕێژەی بەشداری کردن لە چاو هەموو دەورەکانی پێشووتر کۆتاییان بەم نمایشە هێنا. بە چۆڵبوونی شوێنەکانی دەنگدان لە ڕۆژی هەڵبژاردندا ڕێژیم کە پەتەی کەوتبووە سەر ئاو، زۆر هەوڵی دا کە بە بڵاوکردنەوەی فیلمی ساختە و ڕیپۆرتاژی بەدرۆ لە دەزگا تەبلیغاتییەکانیەوە وا نیشان بدا کە خەڵک بە بەشدارییان لە هەڵبژاردن, بە دەم داواکاریی ڕێبەرەکەیانەوە چوون. بەڵام ئاشکرابوونی فیلمە ساختەکانیان و وێنەی چۆڵبوونی زۆربەی شوێنەکانی دەنگدان ئەوانی زیاتر ڕیسوا کرد. بەم شێوە هەڵوێستی لێبڕاوانەی خەڵک هەم ڕێگەی لە هەوڵی دەربڕینی مەشروعییەتخوازی ڕێژیم گرت و لەو لاشەوە بە دنیایان ڕاگەیاند کە " نا بە کۆماری ئیسلامی" تەنیا دروشمێک نییە و بڕیاری کۆتایی ئەوانە بۆ گەیشتن بە ئازادی و نەمانی ڕێژیمێک کە جگە لە ماڵوێرانی و برسی کردن و کوشتن و زیندان، شتێکی دیکەی بۆ ئەوان پێ نەبووە.

لەم نێوەدا خەڵکی خۆڕاگر و خەباتکاری کوردستان کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا زۆرترین جینایەتیان بەرامبەر کراوە، لە وڵامدانەوە بە داخوازیی حیزب و لایەنە سیاسی و کەسایەتییە فەرهەنگی، ڕۆشنبیری و ئایینییە نیشتمانپەروەرەکان، بە تەحریمی هەڵبژاردن و نەچوونیان بۆ شوێنەکانی دەنگدان لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بۆ جارێکی دیکە هەڵوێستی لێبڕاوانەی خۆیان بەرامبەر بە ڕێژیمێک کە تەنیا بە زمانی هەڕەشە و گرتن و کوشتن لەگەڵیان دەدوێ، دەربڕی. خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە نیشانیان دا کە تەسلیمی ئیرادەی تۆقاندن و زوڵم و زۆر نابن و هەر فورسەتێک دەقۆزنەوە بۆ دەربڕینی ڕای سەربەستیی خۆیان بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

بەڵام ئەگەر بە گشتی ئاوڕێک لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرۆککۆماری لە ئێران بدەینەوە دەردەکەوێ کە پرۆژەی چەند

ساڵەی خامنەیی بۆ یەکدەستکردنی دەسەڵات گەیوەتە ئەنجام. ئیستا ئیتر جگە لە دەزگا قانوونی و ناقانوونیەکانی دیکە هەر سێ دامەزراوە ڕەسمییەکانی دادوەری، مەجلیس و دەوڵەت کەوتووەتە دەستی ئوسوولگەراکان و دەسەڵاتی تەواوەتیی خۆیەوە. بێگومان لەمەودوا ئوسوولگەراکان بەبێ نیگەرانی لەوەی موخالیفەکانیان لەنێو نیزامدا چ دەڵێن بەرنامەکانی خۆیان بۆ بە ئیسلامیترکردنی حکوومەت لە نەوعی خۆیان دەبەنە پێش و، ئاکامی سەرەتایی ئەم کارەش بەرتەسککردنەوەی چالاکیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەرچەشنە تێکۆشانێکی ناڕەزایەتی و مافخوازانە دەبێ. بە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەت لەلایەن کەسێکی وەک ئیبراهیم ڕەئیسی کە کارنامەی چل ساڵەی لە ڕێژیمدا جگە لە ئێعدام و کوشتنی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی هیچ شتێکی دیکەی تێدا بەدی ناکرێ، نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە خەڵکی ئێران ڕۆژێکی خۆش لە ژیانیاندا لەژێر سێبەری ئەم نیزامە و ڕێبەریی خامنەییدا بە خۆیانەوە ببینن. بەڵام ئەمە تەنیا لایەنێکی مەسەلەکەیە و تەنیا حەز و خولیای دەسەڵاتداریی خامنەیی بەرەو ئەو ئاقارەی بردووە.

خەڵکی ئێران ئەگەر لە ساڵانی سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری ئایینی و بوونی باوەڕیان بە خۆمەینی و دواتر بە بەشدارییان لە شەڕدا بە ناوی پاراستنی وڵات، سەر لەڕێ بوون بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئیمام، لە مێژ ساڵە لەوە گەیشتوون کە ئەم نیزامە ناتوانێ چارەسەری کێشەکانی ئەوان بکا و جگە لە قەیران خوڵقێنی و ماڵوێرانی کارێک بۆ ئەوان ناکا. ئەگەر پشتیوانی لە خاتەمی لە دەنگدانی ١٣٧٦ بە هومێدی چاکسازی و، ڕێپێوانی میلیۆنی "دەنگی من کوا؟" لە ساڵی ١٣٨٨ وەک چاوەڕوانییەک بۆ باشتربوونی شێوازی دەسەڵات دابنێین، خۆپیشاندانەکانی ساڵەکانی ١٣٩٦ و ٩٨ دەریانخست کە خەڵک هومێدێکیان بە ڕێژیم نەماوە و ڕێگەیەک جگە لە بەربەرەکانێ و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەم ڕێژیمە لەبەردەم خۆیاندا نابینن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## داهاتووی لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی




ڕۆژی ١٤ی گەلاوێژ و دوای کۆتایی دەورەی ٨ ساڵەی سەرۆککۆماریی ڕووحانی و بەپێی دەنگەکانی هەڵبژاردنێک کە چەند مانگ پێشتر ئەنجامەکەی بۆ هەموو کەس ڕوون بوو، ئیبراهیم ڕەئیسی بەربژێری دەستنیشانکراوی خامنەیی وەک سەرۆککۆماری نوێی ڕێژیم دەست بە کار بوو. کەسێک کە لە کارنامەی چل ساڵەی خزمەت بە ڕێژیم و بەهۆی بەشداریی لە ئاستی جیاوازەکانی پلەی دادوەریدا هەتا گەیشتن بە پلەی سەرۆکی دەزگای داد، جگە لە ئازار و ئەشکەنجە و ئێعدامی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلانی ئێران هیچ خاڵێکی باش لە ئاکار و کردەوەیدا بەدی ناکری. بە تایبەت کۆشتنی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ کە وەک خۆی دەڵێ تەنیا ئەرکێکی جێبەجێی کردوە وەک خاڵێکی ڕەش بە نێوچاوانیەوە ماوەتەوە و دەنگە ڕاگەیێندراوەکانی لە ئەنجامی هەڵبژاردندا دەری خست کە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا هیچ متمانەیەکی پێ ناکرێ.

ئێستا زیاتر لە چوار دەیە بەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا تێ دەپەڕێ. دەسەڵاتێکی ناڕەوا کە هەر لە سەرەتای دەسپێکردنیەوە بە شەرپێفرۆشتن و پەلاماری نەتەوەکانی ئێران و یەک لە دوای یەک بە ڕشتنی خوێنی میللی دێموکراتەکان و کۆمۆنیستەکان و موجاهیدە موسوڵمانەکان بۆ خۆسەپاندن دەستی پێ کرد. ئەم سەرکوتکردنە و نەهێشتنی هەر کۆسپێک لەسەر ڕێی چەسپاندنی دەسەڵاتی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی بوو بە هۆکاری نەهێشتنی هەرچەشنە

ئازادییەک و درێژبوونەوەی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی سیستمی ویلایەتی فەقیە لە ئێراندا. هەرچەند لە تەواوی ماوەی ئەم دەسەڵاتدارییەدا خەڵک بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ گەڕانەوەی ئازادی بۆ ئێران لە بەرامبەریاندا ڕاوەستاون و بەدانی دەیان هەزاران قوربانی لە گەلانی ئێران لاپەڕەیەکی مێژووییان بە خوێنی خۆیان مۆر کردووە، هەتا نیشان بدەن کە بەرامبەر بە کۆنەپەرستی بێدەنگ نەبوون و نابن.

کوردستان لە دەسپێک و درێژەی ئەم سێناریۆیەدا بەردەوام کەوتووەتە بەر پەلاماری چەکداری و بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەم ناوچە ڕاپەڕیوەدا لە ئەنجامدانی هیچ جێنایەتێک درێغیان نەکرد. شەڕی بەربڵاو، سووتاندنی گوندەکان و کوشتنی خەڵکی سیڤیل، گرتن و زیندان و ئێعدامی بە کۆمەڵ تەنیا بەشێکی بچووکی ئەو کارەساتانە بووە کە تووشی ئەم گەلەیان کرد. بەوەش نەوەستاونەوە و تەنانەت پیلانی تێرۆری ڕێبەران و چالاکانی ئەم گەلە بەردەوام لەسەر مێزی کاریاندا بووە و لە هەر کوێ بۆیان کرابێ درێغیان نەکردوە لە کوشتن و لەنێوبردنی هەر کەسێک کە لە خزمەتی گەلەکەیدا بووبێ و ئێستاش ئەم سیاسەتە هەر بەردەوامە و پیلانی جۆراوجۆر هەیە بۆ لە نێوبردنی فیزیکی کەسایەتییەکانی کورد. هەرچەند لەو ساڵانەدا ئەم خەبات و خۆڕاگرییە بەرامبەر بە زوڵم و زۆرداری ڕێژیمی ئێران، بەداخەوە بە هۆی سانسۆری بەربڵاوی خەبەری لەسەر کوردستان و بێ ئاگابوونی خەڵکی ئێران لە کێشەکانی کوردستان بە تەنیا مایەوە، سەرەڕای ئەوەش هەمیشە بە ئومێدەوە سەیری داهاتوو کراوە و بۆ گەیشتن بە ئازادی و دابینکردنی مافە نەتەوەییەکان نەسل لە دوای نەسل لە مەیداندا بوون و درێژەیان بە خەبات داوە. ئێستاش کە ئەم بەربەرەکانێیە لە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی زۆربەی شار و ناوچەکانی ئێرانی گرتووەتەوە، دەردەکەوێ کە لە نێوخۆی وڵات جێگە و پێگەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم چەندە لەرزۆک بووە.

لە بواری سیاسەتی دەرەکیشدا کە هیوایەکی زۆریان لەسەر گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا بە دوای هاتنە سەر کاری جۆزێف بایدن هەڵچنیبوو، لە دوا دیداری خامنەیی لەگەڵ ڕووحانی و کابینەکەی نارازیبوون و نائومێدی ڕێبەر لەو سیاسەتانەی گرتبوویانە پێش و تێیدا سەرکەوتوو نەبوون بە تەواوی دەرکەوت. داخۆ سەرۆککۆماری نوێ دەیەوێ یا دەتوانێ بە دوور لەم جۆرە تێڕوانینانەی ڕێبەر سیاسەت بکا؟ یا ئەو جۆرەی خامنەیی بەرامبەر بە کابینەی ڕووحانی وتی کە هەر کات باوەڕیان بە ئەمریکا و ڕۆژئاوا کرد زەرەریان کرد و ئەو کاتەی لە بەرامبەریان وەستانەوە بە قازانجیان بوو. ئەگەر ئەم بۆچوونە بێتە بنەمای سیاسەتی دەوڵەتی نوێ کە بەدوور نابیندرێ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تایبەت ڕۆژاواییەکان ڕێگەیەکی سەختییان لەبەر دەبێ بۆ دەستەمۆکردنی ڕێبەرانی ڕێژیم و ئاسۆی ڕێککەوتنێکی بنەڕەتی بۆ کێشەکانی نێوانیان نابیندرێ و زۆر وێدەچێ درێژەی ئەو وەزعە ببێتە هۆی فشارێکی زیاتر بۆ سەر ڕێژیم.

ئەوەی دەبیندرێ لەم ٤٣ ساڵەدا لە ئێران زۆر شت گۆڕاون و ئەمانەش دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی وردتر بڕوانینە هەلومەرجی ئەم سەردەمە. ئەوەی حاشای لێ ناکرێ ئەوەیە کە ئێران لە دۆخێکی زۆر خراپ دایە و کۆماری ئیسلامی وا گیرۆدەی قەیرانە جۆراوجۆرەکان بووە کە توانای قەیرانخوڵقێنیی نەماوە. جگە لەوەش پەرەگرتنی نارەزایەتییەکانی خەڵک لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات و هاتنە مەیدانی ملیۆنان کەس لە خەڵکی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا بۆ سەر شەقامەکان لە دژی ڕێژیم، توانای مودیرییەتی قەیرانەکانیشی لاواز کردوون. ئێستا کەسێک بووەتە سەرۆککۆمار کە لە مودیرییەتدا تەنیا شارەزایی لە بواری سەرکوت و ئەشکەنجە و ئێعدامدا هەیە. هەر بۆیە سەیر نییە جگە لەوەی خامنەیی باسی دەکا و لەو قسانەی بە دەنگی خۆی لێی ئاشکرا بووە و دەڵێ "ئەرتەش، سپا، نیرووی ئینتزامی ئامادە بن، گرینگە خۆیان بۆ ئەم بەرپرسایەتییە گەورەیە ئامادە بکەن، یارمەتی یەکتر بکەن و بیانخەنە سەر چۆک و شکستیان بدەن"، ڕێگەیەکی دیکە لەبەر دەم خۆیاندا نابینن. ئەوان بۆیان دەرکەوتووە کە بێ باوەڕی خەڵک بەو نیزامە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ و بەدەست هێنانەوەی ئێعتمادی خەڵک و فریودانیان لە توانای حکوومەت و ئاخوندەکان بەدەرە.

لە ڕاستیدا هەر ساڵ کە تێ دەپەڕێ و بە پێی چوونەسەری تەمەنی جیلە نوێیەکان لەشکری نارازییەکان لە کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا زیاتر و بەرزبوونەوەی دەنگی دژی ڕێژیم بەرزتر دەبێ. بەڵام ئەگەر دەبینین کە ڕێبەر و حکوومەتەکەی تەنیا ئەهرومێکی دەسەڵاتی کە هێزە سەرکوتکارەکانیەتی بەدەستەوە ماوە و وەک خامنەیی دەڵێ دەبێ بە یەکەوە ئامادە بن، پێویستە بۆ شکاندنی ئەم ئەهرومەش کۆمەڵگەی ئێران یەکگرتوو بێ. بۆ ئەم مەبەستە هەموولایەک دەبێ بەرپرسیارانە بە ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونە تایبەتەکانی حیزب و کەسایەتییەکان و قبووڵکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و نەتەوەکانی ئێران، بیر لە دەستنیشانکردنی خاڵە هاوبەشە جەوهەرییەکان بکەنەوە و لە پێناو یەکگرتوویی کۆمەڵگەی ڕاپەڕیوی ئێراندا و هەنگاونان بەرەو گۆڕانێکی بنەڕەتی، هەوڵی یەکگرتن بدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## ڕەئیسی و ئاستەنگەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی



دوای ساڵانێک مانۆڕی کێبەرکێ لە نێوان تاقمە جیاوازەکانی نێو دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا و دابەشبوونی دەسەڵات لە نێوانیاندا، ئێستا هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و داد و بەڕێوەبەری یەکلا بووەتەوە و تەنانەت شوڕای شاری تاران وەک پێگەی سەرەکیی ئیسلاح تەڵەبەکانیش کەوتووەتە دەست یەکێک لە ئوسوولگەرا توندئاژۆکان کە تەنانەت هیچ پێشینە و پسپۆڕییەکیشی بۆ ئەو بەرپرسایەتییە نییە.

لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین دەسەڵات کەوتووەتە دەست ئەو دامودەزگایانە کە لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا لە پشت پەردەوە حکوومەتیان ئیدارە کردووە. ئەو دەزگایانەی کە بە شێوەی مافیایی دەسەڵاتی بڕیارادان و ئابووری و ڕاگەیاندن لە ڕێگەی بەیتی ڕێبەری و تەنانەت نیزامییشیان لە ڕێگەی سپای پاسدارانەوە قۆرغ کردبوو. بەمجۆرە و لە ڕێگەی ئەوانەوە ئیبراهیم ڕەئیسی کە بۆ خۆی هەموو تەمەنی لەگەڵ ئەم دامودەزگایانەدا کاری کردووە و ئەزموونێکی باشی لە سەرکوتکردنی خەڵک بە پشتبەستن بە فەرمانەکانی ڕێبەر و سپای پاسداران هەیە، دەبێتە سەرۆککۆمار و لە یەکەم پەیامیدا ڕادەگەیەنێ کە "لە پێناو ئەو بایەخانەی بۆ ئیمام خامنەیی گرینگن هەنگاو هەڵدێنێ" و یەکدەستبوونی حکوومەت بە "دەستپێکی فەسڵێکی نوێ بۆ قەرەبووی کەموکورتییەکان" لە قەڵەم دەدا. ئەمە لەوانەیە ڕووی خۆشی بابەتەکە بێ کە ساڵانێکە ڕێبەر و کۆنەپارێزەکان خەونیان پێوە دەدی. ئەویش یەکدەستکردنی دەسەڵات بوو لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا. بەڵام ئەو وەزعەی ئەمڕۆی ئێران ڕاست پێچەوانەی ئەو دڵخۆشییەی ڕەئیسی و ڕێبەر و هاوپەیمانەکانی دەردەخا.

ئەزموونی هەموو تەمەنی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی ئەوەی دەرخستووە کە گۆڕانی سەرۆککۆمار، کە لانیکەم سێ کەسی دواییان بە تەئییدی خامنەیی گەیشتنە ئەو پۆستە هیچ گۆڕانێکی ئەرێنییان لە وڵات و ژیانی خەڵکدا دروست نەکردووە، بۆیە گومان هەیە کە ئاغای ڕەئیسییش توانای قەرەبووی کەموکورتییەکانی هەبێ. ئەگەر خەڵک لە دەورانی ئەحمەدینژاددا فریوی دروشمە هەڵخەڵەتێنەرە پوپۆلیستییەکانی دەخوارد و لە هاتنەسەرکاری ڕووحانیدا چاویان بڕیبووە موعجیزەی کلیلەکەی ناوبراو، خۆبواردنی ئەو خەڵکە لە دوایین هەڵبژاردندا دەریخست کە هیچ هومێدێکیان بە دروشمی فریودەرانە و بە کلیل و ئەرزشەکانی ئیمام نەماوە. جگە لەوەی کە ئێستا کۆمەڵێک ئاستەنگ و بەربەستی گەورە لەبەردەم ئەودا هەن کە لە دەورانی ئەوانی دیکەدا یا نەبوون یا کەمتر بوون.

لەگەڵ ئەوەی کە ئێستاش شەڕی دەسەڵات لە نێوان خودییەکانی ڕێژیمدا کۆتایی نەهاتووە، کۆمەڵێک ئاستەنگی گەورە چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە، ڕووبەڕووی دەسەڵات بوونەتەوە. یەکەم ئاستەنگی بەردەم ڕەئیسی ئاکامی هەڵبژاردن بوو کە دەرکەوت متمانە و پشتیوانیی خەڵکی لەگەڵ نییە و بەم جۆرە جگە لە کۆمەڵە کەسێک کە بەشێک لەوانیش بە هۆکاری دیکە جگە لە متمانە بە ڕێژیم بەشداری هەڵبژاردن بوون، بەردەنگێکی لە وڵاتدا نییە و هۆکاری ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ وەزعی خراپی ئابووری و ژیانی خەڵک. لە نێوخۆی وڵات دەبینین کە ئاستی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە پانتایی ئێراندا چەندە زیادی کردووە و چۆن بە دەربڕینی هاوپێوەندیی نێوان خەڵک لە شارە جیاجیاکانی وڵات لە هەر ڕووداوێکدا بۆ وێنە خۆپیشاندانەکانی خووزستان لەم دواییانەدا هاودەنگیی خەڵک بەرامبەر ڕێژیم دەردەکەوێ. هۆکاری پەرەگرتنی ئەم ناڕەزایەتییانە لەلایەک نەبوونی ئیمکانی چارەسەری کێشەکانی خەڵکە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بە هۆی گەندەڵی و ناکارامەیی ڕێژیم و لەلایەکی دیکەشەوە بێزاربوونی ئەو خەڵکەیە لە درێژەی دەسەڵاتی ئەم حکوومەتە. ئەگەر ئاوا لە وەزعی نێوخۆ بڕوانین دەبێ سەرەکیترین ئەرکی سەرۆککۆماری چارەسەری کێشە ئابوورییەکان بێ هەتا کاریگەری لەسەر باشتربوونی ژیانی خەڵک بکا، کارێک کە زۆر ئەستەم دەبیندرێ.

ئێستا لەگەڵ ئەوەش کە ڕەئیسی پشتی بە لایەنە بەهێزەکانی دەسەڵات بەستووە، بەڵام جیاوازی بەرژەوەندیی ئەو دەزگا و نیهادانەی لە پشت ئەون و ئەو بەبێ ئەوان ناتوانێ هیچ کارێک بکا، گەورەترین کۆسپ دەبێ لە سەر ڕێگای ئەگەر خۆیشی بیەوێ، بۆ ئەوەی کارێک بکا. بێگومان بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنییەتییەکانی ئەم دەزگا جۆراوجۆرانە و نەبوونی سیستمێکی دامەزراوەیی ئیداری و ئابووری لە وڵاتدا، نەتەنیا ڕێگە خۆشکەر نابن بۆ بردنەپێشی هیچ پرۆژەیەک لە خزمەت بەرژەوەندییە گشتییەکاندا، بەڵکوو دەبنە کۆسپێک لەسەر ڕێگەیان و ژیانی خەڵک بەرەو خراپتربوون دەبا. ئەمەش جگە لەوەی کە کێشە دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی و قبووڵنەکردنی داواکارییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لە ئەنجامدا درێژەی تەحریمە ئابوورییەکان، هۆکاری نەرێنی دەبن بۆ چارەسەری کێشە ئابوورییەکانی نێوخۆ.


سەرچاوە
Serchawe

لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە کە دەتوانێ کێشەی گەورەتر بۆ ڕێژیم دروست بکا ڕوانینی وەزیرەکانی دەوڵەتی ڕەئیسییە کە هەر کامیان سەر بە دەزگایەکی بەستراوە بە سپای پاسدارانن، بە تایبەت وەزیرەکانی دەرەوە و نێوخۆ کە جگە لە شەڕ و سەرکوت شتێکی دیکە لە ڕابردوویاندا نییە. بوونی ئەم کابینە و جۆری ڕوانینەکانیان دەتوانی سەرەتایەک بێ بۆ درێژەپێدان بە سیاسەتی سەرکوت لە نێوخۆ و پەرەپێدانی شەڕ و نائەمنی لە ناوچەدا، لە ڕێگەی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ڕێژیم لە وڵاتانی دەورووبەر و پەرەگرتنی تیرۆریزم. سیاسەتێک کە نەتەنیا لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێراندا نەبووە بەڵکوو یەکێک لە هۆکارەکانی وێرانی و تێکچوونی ژیانی خەڵکیش بووە. پێداگری لە سەر ئەم ڕەوتە دەتوانێ هەستەوەریی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ پاراستنی خۆی بورووژێنێ و مەترسیی هێرشی ئەو وڵاتە بۆ سەر ناوەندە ئابووری و سەربازییەکان کە تا ئێستا زیانی زۆری بە ڕێژیم گەیاندووە زیاتر بکا.

هەر چۆنێک بێ لە ڕێژیمێک کە تا ئێستا بەرامبەر بە هیچ ڕووداوێک ئەگەر ژیانی گشتیی خەڵکیشی خستبێتە مەترسییەوە وەڵامدەر نەبووە و بەرامبەر داواکاریی خەڵک خۆی بە بەرپرسیار نازانی، دەبێ چاوەڕوانی زۆر شتی خراپتریش بکرێ. هەروەک چۆن بە قسەی خامنەیی بەر بە هێنانی واکسێنی دژی پەتای کۆرۆنا گیرا و بە هۆیەوە دەیان هەزار کەس گیانیان لە دەست دا و دوای چەند مانگ تازە داوا دەکا واکسێن بکڕن، دەکرێ لە داهاتووشدا لەم فتوا هەڵانە زۆر ببیسین بەبێ ئەوەی خۆی بە بەرپرسیار بزانێ بەرامبەر بە وەڵامدانەوە. هەر ئەمانەش وایان کردووە کە خەڵک هیچ متمانەیەکیان بە ڕێژیم نەمابێ و چاوەڕوانی ئەوە نەبن کە لە سێبەری ئەواندا بحەسێنەوە.

ئێستا بەتەواوی دیارە کە ئەوام تەنانەت لە وتاردان بۆ دڵخۆشکردنی خەڵکیش دۆشداماون و شتێکیان نییە کە بە خەڵکی بڵێن هەتا متمانەیان بۆ بگەڕێتەوە. ئەمە تەنانەت دەتوانێ شوێندانەر بێ لەسەر ڕۆحییەی دەسەڵاتداران و دەورووبەرەکەیان. هەربۆیە لە نەبوونی پلانێک بۆ چارەسەری کێشە ئابوورییەکانی خەڵک و وەڵامدانەوە بە پرسەکانی ئازادی و پاراستنی مافەکانی خەڵک، دەبێ ئەگەری سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان و دیتنی ڕێکارە ئەمنییەتییەکان بۆ سەرکوتی کوێر ببینین. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئێستا ئیتر تەنانەت هێزەکانی ڕێژیمیش ئەو چاو و گوێ بەستراوانەی ساڵانی پێشوو نین کە بۆ کوشتنی کوێرکوێرانەی خەڵکی وڵاتەکەیان گوێ بۆ هەموو فەرمانێک شل بکەن و سەرکردەکانی ڕێژیمیش ئەمەیان هەست پێ کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢١

# تیرۆریزم بیست ساڵ دوای یازدەی سێپتامبر



بیست ساڵ لەمەوبەر و لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، خەڵکی جیهان هەوڵیان دەدا ڕووداوەکانی سەدەی پێشوویان لەبیر بکەن، سەدەیەک کە زۆرترین شەڕە گەورەکانی تێدا کرا. ئەو شەڕانەی کە دەیان میلیۆن کەسی تێدا کوژرا، زیاتر لەوەش بریندار و نوقوستانی لێکەوتەوە و وێرانییەکی گەورەی بەسەر جیهاندا هێنا. وێرانییەکانی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی و بۆمبارانی ئەتومیی ژاپۆن، شەڕی دەیان ساڵەی فەڕانسە و دواتر ئەمریکا لە ڤییەتنام، لائۆس و کامبۆج، شێوە دووڕگەی کۆرە، دوا شەڕەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل، ئێران و عێراق، وڵاتانی باڵکان، هێشتا دیکۆمێنتی نوێیان لێ ساز دەکرا و بڵاو دەکرایەوە هەتا سیاسەتوانانی جیهان لە مەترسییەکانی دووبارەبوونەوەی ئەو شێوە شەڕانە وشیار بکەنەوە. شەڕێک کە بە پشتبەستن بە بەرەوپێشچوونی تێکنۆلۆژی و بەکارهێنانی لە برەوپێدان بە دروستکردنی چەکی ماڵوێرانکەرتر، دەیتوانی گەورەترین مەترسی بۆ کۆمەڵگەی جیهانی دروست بکا. سەردەمێک کە زۆر کەس چاوەڕوانییان دەکرد سەدەی نوێ دەورانێکی بێ کێشەتر بێ لە پێشوو، بەرەو ئاسایش و خۆشبژیویی زیاتری کۆمەڵگەی بەشەری هەنگاوەکان توندتر بن، شەڕ و نائارامی کەمتر ببنەوە و کێشە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی دیپلۆماسی و بە ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و مافی گەلانی ژێردەستە چارەسەریان بۆ ببیندرێتەوە. ئەودەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ناوەندی ئەو کێشانە بوو، بە هومێدێکی زۆرترەوە دەیڕوانییە ئەو داهاتووە خۆش بەڵام نادیارە!

بەڵام بەدوور لەو شەڕانە، لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا و دوای زیاتر لە بیست ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری

ئیسلامی هێشتا تێرۆریزم بە شێوازێکی نوێ یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان بوو کە وڵاتانی ڕۆژاوا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەیرووت، تەقاندنەوەی ناوەندی جوولەکەکان لە ئارژانتین، هێرش بۆسەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تانزانیا و کینیا، ئاژاوەنانەوەی ئێران لە سعوودیە و کوەیت کە هەر کامەیان دەیان و سەتان قوربانی لێ کەوتەوە و دروستکردنی چەندین گرووپی تێرۆریستی لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا کە ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕێک دەخران و یارمەتی دەدران، تەنیا بەشێکی بچووکی بەرنامەی ئەم ڕێژیمە بۆ بەناو بردنەدەرێی شۆڕش و دەستدرێژییەکانی بوو لە وڵاتانی جیاجیادا، ئەویش لەژێر دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکا. جگە لەوانەش کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆری سەتان کەس لە نەیارانی لە وڵاتانی جۆراوجۆری دنیا بە تایبەت لە ئورووپا، کە لە نێویاندا ژمارەیەک لە ڕێبەرانی ئوپۆزیسیۆن دەبیندرێ کە دوو ڕێبەری گەورەی حیزبی دێموکراتیش دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی سەرقافڵەی ئەو کاروانەن، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی دەزگایەکی ڕەسمی دیانپێدانراو بوو کە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمەدا بێ وەستان دەچووە پێش.
لە کۆتایی ئەم سەدەدا بوو کە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران ڕێژیمێکی لە باری زەینییەوە هاوشێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئەفغانستان هاتە سەر کار. تالیبان کتوپڕ سەری هەڵدا و لە ماوەی دوو ساڵ شەڕدا، توانی بە ڕووخانی دەوڵەتی ئیسلامیی ئەفغانستان، ئەماراتی ئیسلامی لە شێوازی سوننەکەیدا دامەزرێنێ. حکوومەتێک کە دوای بیست ساڵ شەڕی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دیسان لە گەمەیەکی سیاسیدا لە بەرەبەری ۱۱ سێپتامبردا بە دەسەڵات گەیشتەوە و هەر لە ڕۆژانی یەکەمدا هەموو بەرووبوومی ئازادی و دێموکراسی کە بەرهەمی دوو دەیە کار و چالاکی ئازادیخوازان و دێموکراتەکانی ئەفغانی بوو سڕییەوە. جیاوازیی ئەم دوو دەسەڵاتە لە ئێران و ئەفغانستان لە ئایینەکەیاندا بوو. یەک شیعە، یەک سوننە. بەڵام سەرکوت، تیرۆر، بەرتەسککردنەوەی ماف و ئازادییەکان لەنێوبردنی موخالیفان و جیابیران بە ناوی ئیسلامەوە، ئەزموونەکانی کۆماری ئیسلامی بوون کە لەوێش بەڕێوە دەچوون. جیاوازییەکی دیکەی ئەم دوو دەسەڵاتە لە شێوازی پەیڕەوکردنی سیاسەتی تێرۆریزمدا بوو. ئەگەر لە ئەفغانستان کە وەک وڵاتێکی فەقیر بێبەش بوو لە تواناییەکانی ئێران، گرووپگەلی دیکە وەک ئەلقاعیدە بەدوور لە دەسەڵاتی دەوڵەت ئەم ئەرکەیان بەڕێوە دەبرد. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا تێرۆر ببووە بەشێک لە سیاسەتی ڕەسمیی حکوومەت و دامودەزگای تایبەتی بۆ دامەزرابوو، بوودجەی بۆ تەرخان دەکرا و نەخشەڕێگەی بۆ دیاری کرابوو.

لەم نێوەدا و سەرەتای سەدەی بیست و یەک ڕووداوێک گەورەترین کاریگەریی لەسەر بیر و زەینی مرۆڤایەتی دانا. ڕووداوێک کە سیاسەتی نێودەوڵەتیی وڵاتە گەورەکانی بەرەو شەڕێکی بەردەوامی ترسهێنەر پاڵ پێوەنا. شەڕێک کە نە ئاسەوارەکانی بە حاسانی لەنێو دەچن و نە کۆتاییەکەی بە نزیک دەبیندرێ. ۱۱ی سێپتامبری ۲۰۰۱ بەبەرچاوی دنیاوە دوو فڕۆکەی نەفەرهەڵگر لەو چوار فڕۆکەی هاوکات و بەپێی بەرنامە ڕفێندراوبوون، لە نیۆیۆرکی ئەمریکا خۆیان کێشا بە دوو بورجی

ناوەندی بازرگانیی ئەو شارەدا. چەند هەزار کەس بوونە قوربانی هەتا ئاگری شەڕێکی نوێ لە سەدەی نوێدا هەڵایسێ. ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کە خۆیان لە پاڵ حکوومەتی تالیباندا حەواندبۆوە بەرپرسایەتیی ئەم کردەوە دژە مرۆڤانەی وەئەستوو گرت. ئەمەش هۆکارێک بوو هەتا بەناوی شەڕی دژی تیرۆر، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هێرش بکەنە سەر وڵاتی ئەفغانستان.

لەوەی کە ئەم کارە دژە مرۆڤانەیە کە بە ناوی دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ئیستێکبار کرا کارێکی تێرۆریستی بوو و ڕێکخراوی ئەلقاعێدەش لە پەرەپێدانی کردەوەی تێرۆریستیدا دەستی باڵای هەبوو گومانێک نییە. هەرچەند ئەمە یەکەم کردەوەی تێرۆریستیی ڕاستەوخۆ دژی ئەمریکاییەکان نەبوو، پێشتریش ساڵی ١٩٨٢ باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەیرووتی پێتەختی لوبنان کرایە ئامانجی تەقینەوە کە زیاتر لە دووسەت قوربانیی لێک وتەوە و گرووپەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامیی پێ تۆمەتبارکران و باڵوێزخانەکانی ئەمریکاش لە نایرۆبی پێتەختی کینیا و داروسەلامی پێتەختی تانزانیا لە ساڵی ١٩٩٨ کەوتنە بەر هێرش کە دەیان کوژرا و سەتان بریندار لێکەوتەوە و گرووپی ئەلقاعێدە بەرپرسایەتییەکەی وەئەستۆ گرت.

ئەوەی جێی سەرنجە خوێندنەوەی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی بە تایبەت ئورووپاییەکان لە سەر تێرۆریزم و شێوەی بەرپەرچدانەوەی کردەوە تێرۆریستییەکانە. بابەتێک کە زیاتر گومان دەخاتە سەر ئەوان کە خەبات لە دژی تێرۆریزم تەنیا پەرچەکردارێکە بۆ تۆڵەئەستاندنەوە لەو گرووپانەی کە ڕاستەوخۆ لە وڵاتەکەی خۆیاندا یا دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە وڵاتانی دیکە کردەوەی تێرۆریستی ئەنجام دەدەن و زیان بە ئێعتباری دەوڵەتەکەیان لە نێو خەڵکی خۆیاندا دەگەیەنن، نەک داڕشتنی سیاسەت و پلانێکی گشتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تێرۆریزم و هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی لە ڕێگەی وشککردنی سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی ئەم گرووپە تێرۆریستییانە. لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم ڕەوتێکی پێچەوانەی شۆڕشەکانی پێشووتر کە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و سەربەخۆیی لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای خواروو بە ئەنجام گەیشت، بەتایبەت دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ئێران و بەدەسەڵات گەیشتنی تالیبان لە ئەفغانستان و پەرەگرتنی ڕەوتی ئیسلامگەرایی توندئاژوو لە وڵاتانی دیکەی ئیسلامی، نەهێشتنی ئازادی و سەرکوتی بزووتنەوە دێموکراتیکەکان بوو بە ئامانجی شۆڕشەکانیان و ئێستێعماری نوێی شەرق و غەرب کە تەنیا بیریان لە بەرژەوەندییە ستراتێژییەکانی خۆیان بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەیان لە بەرامبەر یەکتردا دەکردەوە بە هۆی هەوڵدان بۆ سازان لەگەڵیان، بوونە گەورەترین پاڵپشتیان.

کۆماری ئیسلامی ئێران کە داهێنەری بیرۆکەی بەڕێکخراوکردنی تێرۆریزمی جیهانی تا ئاستی بە دەوڵەتیکردنی تێرۆریزم

وەک سیاسەتێک لە دژی ڕۆژئاوا لە ژێر فەرمانی ئیمامدا بوو، لە یەکەم هەنگاودا و دوای بە بارمتەگرتنی ئەندامانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران کەوتە بەر ڕەحمەتی سیاسەتی خۆگونجاندنی ئەمریکا لەگەڵ ئەم ڕێژیمە تێرۆریستییە و بە پێی ڕێککەوتنی ئێران کۆنترا بە میلیارد دۆلار پووڵ و چەک خرایە خزمەت سیاسەتی توندئاژۆیانە و دژەمرۆڤانەی تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکانی تاران. ڕێژیمێک کە هەرگیز حورمەتی دەوڵەتانی ئورووپایی نەپاراست و بە سەتان کەس لە جیابیران و دژبەرانی خۆی لەو وڵاتانە تێرۆرکرد. بەناوی شەڕ لەگەڵ ئێستێکبار، ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپای کردە مەکۆی خۆحەشاردانی تاقمە تێرۆریستییەکانی و باڵوێزخانەکانی ئێران بوونە ناوەندی پشتیوانی لەو تاقمە تێرۆریستییانە. بەڵام بە پێچەوانە هەڵسوکەوتی ئەو دەوڵەتە بەرژەوەندیخوازانە تەنیا گلەیی و هێندێکجار مەحکووم کردنێکی سەرزارەکی ڕێژیم لەلایەن دیپلۆماتکارەکانیانەوە بوو. جگە لە بڕیاری جێی شانازی دەزگای دادوەریی ئاڵمان لە مەسەلەی تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری حیزبی دێموکرات کە بە دادگای میکۆنووس ناوبانگی دەرکرد، هەموو ڕووداوە تێرۆریستییەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی بە ساتوسەودای بازرگانی و قەول و بەڵێنە بە درۆکانی ڕێبەرانی ڕێژیم پەردەپۆش کران.

ئەگەر تێرۆریزم وەک دیاردەیەکی جیهانی چاو لێ بکرێ بێگومان دەبێ بیر لە مەترسییە بەردەوامەکانی لەسەر کۆمەڵگەی جیهانی بکرێتەوە. ڕاستە کەڵکوەرگرتن لە بیر و هەستی ئایینی کۆمەڵێک خەڵکی باوەڕدار کە شارەزاییان لە سەرچاوەکانی ئایین نییە و هەژاری و کێشە کۆمەڵایەتی و عەشایرییەکانان ئەوان دەکەنە کەرەسەیەک بۆ ڕێبەرە تێرۆریستییەکان لە ئەنجامدانی کاری تێرۆریستی، بەڵام ئەوەی یارمەتیدەرە بۆ پەرەگرتنی تێرۆریزم دەسەڵاتە ناشەرعییەکانن کە ئێمکاناتی سیاسی، ماڵی و تکنیکی ئەو گرووپانە دابین دەکەن. بۆیە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان و خەڵکی ئازادیخوازی کۆمەڵگە جیاوازەکان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ تێرۆر دەبێ بیر لە وشککردنی سەرچاوەکانی تێرۆر بکەنەوە. یارمەتیدان بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە و بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیانە کە تێرۆر وەک سیاسەت بەکار دێنن یەکێک لە ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی تێرۆریزمە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢١

# ڕۆژهەڵات مەیدانی سەرەکیی خەبات



بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، لانی کەم نیزیک بە هەشت دەیەیە بە پێچەوانەی شۆڕشەکانی پێشووتری کورد، بە شێوەی ڕێکخراو و لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی سیاسیدا درێژەی هەیە. بەرنامەیەکی سیاسی کە بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵکی کوردستانی کردووەتە ئامانجی خۆی و هەر ئەوەش گرینگترین هۆکارە بۆ پشتیوانیی بەردەوامی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە لەم ڕێبازە سیاسییە. بەرنامەیەک کە لە پاڵ سەرەکیترین ئاواتی خەڵک کە وەدیهاتنی ئامانجە نەتەوەییەکانیانە، پڕژاوەتە سەر دەستنیشانکردنی ڕێگەی چارەسەری سەردەمیانەی هەموو کێشەکانی خەڵک و وێناکردنی داهاتوویەکی پڕ سەروەری بۆ خەڵک و نیشتمانەکەیان. ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم حیزبی مودێرنی کوردی لە ڕۆژهەڵات شانازی ئەوەی پێ بەخشراوە کە ئەم هەنگاوە گەورە لە بزووتنەوەی کورددا هەڵێنێتەوە، خەڵکیش خاوەنی ئەو شانازییەن کە خاوەندارییەتی ئەم پڕۆژە سیاسییە بکەن و بە هی خۆیانی بزانن. هەر ئەمەش بووەتە سەرچاوەی ئێلهامبەخشیی دوولایەنەی نێوان حیزب و خەڵکی کوردستان لە بزووتنەوەی مافخوازانە و شوناسخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەر بۆیە هیچ پیلان و پڕووپاگەندەیەک لەو ماوە درێژەدا نەیتوانیوە درز بخاتە نێوانیان و ئەگەر خەڵک لە سەر خاکی خۆی خەباتی کردووە حیزبی بە پشتیوان و ئێلهامدەر زانیوە و حیزبیش لە پشتگیری تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵات و ناساندنی ئەم بزووتنەوە خەڵکییە بەردەوام بووە و دەنگی ئەوان بووە بە ڕووی دنیای دەرەوەدا.

مەخابن لە هەموو ئەو ماوە دوور و درێـژەدا نەیـاران و دوژمنـانی داخوازییە ڕەواکـانی کـورد یـا لەو ڕاسـتییە حاشاهەنەگرە تێنەگەیشـتوون، یـا هەوڵیانـداوە لە پێنـاو بەرژەوەنـدییە بەرتەسکەکانی دەسـەڵاتداری خۆیانـدا بە ئەنقەسـت چاویـان بنووقێنن و بیروڕای گشتی خەڵکی ئێران بە لاڕێدا ببەن. یەکێک لەو ڕێگانەش پەنابردن بۆ درۆهەڵبەستن لە دژی حیـزب و ڕێبەرانی بـووە کە بە شەڕفرۆش و ئـاژاوەگێڕ و بەسـتراوە بە بێگـانە نـاویـان بـبەن. هەر ئەمەش بـکەن بە پاڵپشـتێک بـۆ درێژەدانی سیاسـەتی شەڕفرۆشـانەی حکوومەتەکەیـان و هێـزی پێشـمەرگەی ئەم بـزووتنەوە کە تەنیـا بـۆ بەرەنگـاربوونەوەی دەسـتدرێژییەکانیان و لە پێنـاو پاراسـتنی کەرامەتـی نەتەوەکەیـان ناچـار بە چەکهەڵگـرتن بـوون. پیلانێـک کە هەر لە سەرەتاوە و بە تـایبەت ئێسـتا کە ڕووی دزێویـان هەڵماڵـدراوە، لەلایەن زۆربەی حیزبەکـانی ئێـران و زۆر لە کەسـایەتییە ڕۆشنبیر و پێشـکەوتنخوازەکانی ئێرانـی لەقـاو دراوە و بە دانپێـدانان بە ڕەوایـی مـافی گەلان لە ئێرانـدا، بـازاڕی ڕوو لە کزییە.

ئێسـتاش کۆمـاری ئیسـلامی کە تـا بینەقاقـا نـوقم بـووە لە زەلکـاوی گەنـدەڵی و قەیـرانە چارەسـەرنەکراوە نێوخـۆیی و دەرەکییەکان، دیسانیش دەسـتی داوەتە قەیـران خـوڵقێنییەکی نـوێ و بە کۆکردنەوەی لەشکر و هەڕەشە بـۆ سـەر پێشمەرگە هەوڵ دەدا قەیرانە کەڵەکەبووەکانی لەبیر خەڵک بباتەوە و مەترسییەکانی شەڕ لەسەر سنوورەکانی بکاتە بەهانەیەک بۆ شـاردنەوەی ڕاسـتییەکانی بـزووتنەوەی گشـتی خەڵکـی کوردسـتان لە نێوخـۆی ڕۆژهەڵات. ئەوەش لە کاتێـکدایە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە هەموو لایەک باشتر دەزانن کە سەرچاوەی هێز و وزەی خەباتی پێشکەوتنخوازانەی کـورد ڕۆژهەڵات و خەڵکەکەیەتـی. هەربـۆیەش ڕۆژانە لەم سەر بـۆ ئەو سەری کوردسـتان، لە ئـیلامەوە هەتـا ورمـێ، دەست دەداتە گرتنـی لاوانی کوردستان و ڕاپێچی زیندانەکانیان دەکا. ئەوان دەزانن ئەگەر بوونی هێزی بزووتنەوەی کورد لە ئێـران هۆکـارێکە بـۆ دروسـتبوونی قەیرانێکـی بێکۆتـایی ئەمنـی و سیاسـی لە چـاوی ئەوانـدا، ئەوە بەرزبـوونەوەی دەنگـی شـوناسخوازانە و مافویستی ئەو نەتەوەیە کە زیـاتر لە چل ساڵ هەوڵ بـۆ سـەرکوتکردنی نەتەنیـا بێدەنگی نەکردووە، بەڵکوو نەیتوانیوە پێش بە پەرەسەندنیشـی بگـرێ و بگرە هەتـا هێـزی سـەرکوتی ڕێـژیم تونـدتر بـووە ئەم بـاوەڕە بەهێزتـر بـووە. ئەمەش ئیدیعایەک نییە بەڵکوو هەڵوێستی گشتی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت تێکۆشەرانی خـاوەن بـاوەڕی ئەم گەلە لەدوای هەر ڕووداوێک کە لە نێوخۆی وڵات یـا لە دەرەوەی سنوورەکان بـووبێ، ئەم ڕاسـتییە دەردەخەن کە خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان بەبێ جیاوازی دەڕواننە هەموو تاکێکی نیشتمانپەروەری کورد  لەهەر کوێ بێ کە لە پێناو نەتەوەکەیدا دەبێتە قوربـانی یـا دەکەوێتە ژێر فشاری سیاسەتی زۆرەملی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. مانگرتنەکـانی چەنـدین سـاڵی ڕابـردوو لە یـادی ڕێبەرانـی شەهیدی حیزبی دێموکرات و دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر گرتن و کوشتن و ئێعدامی لاوەکـانی کوردسـتان هەتـا مـانگرتنی گشتی لە ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ بۆ مەحکوومکردنی هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای دێموکرات، تەنیـا چەنـد نموونەیەکن لە هاوپێوەندی و هاوهەڵوێستی خەڵکی کوردستان و ئاماژەیەکی ڕوونە کە ئەو خەڵکە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانیان بە ڕۆڵەی خۆیان

و نەتەوەکەیان دەزانن و لە بەرامبەر دەستدرێژی بۆ سەریان بێدەنگ نابن.

لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا دیسان کۆماری ئیسلامی بە کۆکردنەوەی هێزێکی زۆری نیزامی بە چەکی قورسەوە لەسەر سنوورەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و هەڕەشە بۆ سەر هێزی پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات سیاسەتی قەیرانخوڵقێنی و ئاژاوەگێڕانەی خۆی دەرخست. هەڕەشەکانی ڕۆژانەی فەرماندەکانی سپا و بەرپرسە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم تەنیا هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بوونی ئەو پێشمەرگانە پێناسە بکەن کە لە باشووری کوردستانن. هەوڵێکی بێئاکام کە هەر زوو وەڵامەکەی لە زمان و پێنووسی تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات وەرگرتەوە. دەرکردنی بەیاننامەی بەرەی یەکگرتووی کورد لە ئێران و بڵاوبوونەوەی ئیمزاکراوی نامەی سەرئاواڵەی دەیان تێکۆشەری سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات هەڵوێستێکی جوانمێرانەی ئەو دڵسۆزە کوردانە بوو کە خۆیان بە بەشێک لە بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردی ڕۆژهەڵات دەزانن و هێزی پێشمەرگە لە ئەگەری درێژەی شەڕ و سەرکوت بە پشتیوانیی خۆیان دەزانن. ئەوان نەتەنیا ئەم هەڕەشە و قەیرانخوڵقێنیانەی کۆماری ئیسلامی بە ڕەوا نابینن بەڵکوو بە دەرککردن بە ڕاستییەکان ڕێگەچارەی گونجاویش دەخەنە بەردەم. کۆماری ئیسلامی هەرچۆنێک بیەوێ خۆی لەم ڕاستییانە بشارێتەوە ئەمانە پەیامێکن کە مەیدانی ئەسڵی خەباتی حیزبی دێموکرات ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و خاوەنداریەتی بزووتنەوەیەک دەکا کە بە هەزاران تێکۆشەری ئازا و پێگەیشتوو لەو مەیدانەدا خەبات دەکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمێژە سیاسەتی خۆی لەسەر ئەم بناخە دارشتووە کە لە پاڵ هەموو شێوازەکانی خەباتدا، دەبێ گرینگی بدرێ بە خەباتی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات وەک پێگەیەک و پێناسەیەک بۆ خەباتی ڕەوای کورد لەو بەشە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێگەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران



" ئەگەر تاران ڕێوشوێنی دیپلۆماسی بگۆڕێ، ئەمریکا ئامادەیە ڕوو لە جێگرەوەی دیکە بکا" . ئەمە دوا وتەی ئانتۆنی بلینکێن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکایە لەسەر پرسی وتووێژەکانی وڵاتانی (١+٥) ە، لە حاڵێکدا باش دەزانن کە ئێران بە قازانجی خۆی و بە درێژکردنەوەی ماوەی وتووێژەکان چۆن کەڵکی لەم دیپلۆماسییە وەرگرتووە و چۆن هەمیشە ئەوانی لە چاوەڕوانیدا ڕاگرتووە. بەڵام ئەم جێگرەوە چییە و چۆنە زۆر ناڕوون یا خەیاڵییە.

ئەگەر چاو لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و هەڵسووکەوتەکانی بکەین بەڕوونی دەردەکەوێ کە ئەم ڕێژیمە نە گۆڕانێک لە سیاسەتیدا بەدی دەکرێ و نە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە هەروا مل بۆ داخوازەکانی ئەمریکا ڕابکێشێ. ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو ئەوە نیشان دەدەن ئەوە کۆماری ئیسلامی بووە کە بەردەوام بووە لە پێداگری لە هەڵوێستەکانی و لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە ئەمریکا و ڕۆژاوای بە دوای خۆیدا ڕاکێشاوە. هۆکارەکەش بەهێزی و ڕاستبوونی هەڵوێستەکانی ئەو ڕێژیمە نەبووە و نییە و هەروەها قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان ئەوانی ساڵ بە ساڵ لاوازتر کردووە، بەڵکوو دەستەوەستانی وڵاتانی زلهێز لە گرتنە پێشی ڕێگەی گونجاو لە بەرامبەر ئەو سەرکێشییانەدا هۆکاری سەرەکیی ئەم بابەتە بوون. هەر ئەم قسەیەی بلینکن دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە دیسان ڕوویان لە ئێرانە کە ڕێگەی دیپلۆماسی بەرنەدا، دیپلۆماسییەک کە ڕێژیمی ئێران ساڵانێکە لە قازانجی سیاسەتەکانی خۆی کەڵکی لێ وەرگرتووە و لە پێناو بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی بەکاری هێناوە. ئێران تەنیا ئەو کاتانە هەڕەشەی وازهێنان لە ڕێوشوێنی دیپلۆماسیی کردووە کە وەک هۆکارێک بۆ

ترساندن و فشارهێنانی زیاتر بۆ سەر ئەو وڵاتانە بەکار هاتبێ. ئاکامی ئەم هەڕەشانەی ئێران دیسان هەوڵی یەکلایەنەی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی بووە بۆ ڕازیکردنی ئێران بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر مێزی وتووێژ و پێدانی هێندێک ئیمتیاز لە بواری ئابووری، وەک پێدانی چەندین میلیارد دۆلار لە سەردەمی ئۆباما و هەڵگرتنی سزاکان لەسەر بەشێک لە کەس و کۆمپانیا سزادراوەکان لە ئێستادا.

سیاسەتی ئەمریکا لە سەردەمی ئۆبامادا کە لە چوارچێوەی گێڕانەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ نێو بازنەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پێناسە دەکرا و بە هۆی ئەم سیاسەتەوە تەنانەت کاتێک کە بە میلیۆنان کەس لە پێناو دەنگەکانی خۆیان لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ساڵی ١٣٨٨دا ڕژانە سەر شەقام، لە ترسی تووڕەبوونی باڵی دەسەڵاتداری دەمارگرژی ڕێژیم خۆیان لە پشتیوانیکردنی پاراست، لەمێژە ناڕاستییەکەی دەرکەوتووە. سیاسەتێک کە بەهۆی پێداگری لەسەر ستراتێژیی ناردنەدەرەوەی شۆڕش و دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچە بە مەبەستی پەرەپێدان بە دەسەڵاتی ناوچەیی ڕێژیم نەتەنیا نەیتوانی ئێران پێبەند بە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان بکا بەڵکوو فرسەتی زۆریشی بەوان دا هەتا لە گەیشتن بە تەواوکردنی پرۆژەی پەرەپێدانی دامەزراوە ناوکییەکانیان نزیکتر ببنەوە، شتێک کە بووەتە ئامانجێک و ترسێک لەنێو ڕۆژاواییەکاندا. ئەوە ڕاستە کە سیاسەتی تەحریمی کۆماری ئیسلامی لەلایەن شورای ئەمنییەت و هەڕەشەی توندترکردنی سزاکان لەسەریان، ڕێبەریی کۆماری ئیسلامیی ناچار کرد لە ساڵی ١٣٨٤دا گەڵاڵەی بەرجام بۆ چارەسەری کێشە ناوکییەکانی ئێران قبووڵ بکا. بەڵام دوای شەش ساڵ بەسەر تێپەڕینی پەسەندکردنی گەڵاڵەی تەفاهومی بەرجام دەردەکەوێ کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێکی دیکە دەڕواننە ئەم جۆرە ڕێککەوتنانە. ئەوان ئەم هەلەیان قۆستەوە هەتا بە جۆرێک فشارەکان لەسەر خۆیان کەم بکەنەوە و بگەنە ئامانجی خۆیان. لە ڕاستیدا سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئۆباما هەرچەند پەسندی زۆربەی وڵاتانی جیهان بوو بەڵام نەیتوانی هیچ گۆڕانێک لە بنەما فکرییەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیدا دروست بکا.

ئێستا کە دەوڵەتی نوێی ئەمریکا دوای ڕۆیشتنی ترامپ هەمان سیاسەتەکانی پێشووی دێموکراتەکانی گرتووەتەبەر، دەبینین کە چۆن کۆماری ئیسلامی داشی سوار بووە و لە زمان وەزیری دەرەوەی ئێرانەوە دەگوترێ کە، "سیاسەتی کۆماری ئیسلامی کردەوە لە بەرامبەر کردەوەدایە و ئەمریکاییەکان دەبێ نیازپاکی و ڕاستیی خۆیان نیشان بدەن و دەبێ بەر لە دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان کارێ بۆ ئەمە بکەن، لەگەڵ ئەوەش باسی وتووێژەکان دەبێ لەسەر ئەو شتانە بێ کە کاتی چوونەدەری ترامپ لە بەرجام هەبوون و هیچ شتی دیکە". ئەمەش پێش هەموو شتێک داواکارییەکە بۆ هەڵگرتنی سزاکان و بەڵێندان بۆ نەگەڕانەوەی هیچ سزایەک. لەولاشەوە بە هەڵسەنگاندنی ڕوانینی دێموکراتەکان بۆ چارەسەری کێشەکان، فشارێکە لەسەر سیاسەتی نەرمی نواندن بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئەمریکاوە. ڕوانینێک کە دوای شەش جار

دانیشتن لە سەردەمی دەوڵەتی جۆ بایدندا، نەتەنیا کاریگەریی لەسەر گۆڕانی هەڵوێستی ئێران نەبووە، بەڵکوو ئەوانی زیاتر هان داوە پێداگری لەسەر سیاسەتەکانی خۆیان بکەن بەو خەیاڵەی ئەمریکا بە چۆکدا بێنن. هەرچەند وێناچێ دەوڵەتی ئێستای ئەمریکاش تا سەر کۆتا بێ.

بەڵام زیاتر لە هەموو ئەمانە و بە دوور لە ڕوانین بۆ چۆنیەتیی چارەسەری کێشەکان، داخۆ ئەمریکا و وڵاتانی دیکە تا کەی دەتوانن چاولێکەری گەمەکانی کۆماری ئیسلامی بن؟ بە تایبەت ئێستا کە بە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان و باس لە کەمکردنەوەی هێزەکانیان لە عێراق و گۆڕینی ستراتیژی ئەمریکا لە مانەوەیان لە ناوچە پڕ کێشەکان و خۆدوورخستنەوە لە سیاسەتی چارەسەری نیزامی لەو وڵاتانەدا کە کێشەیان هەیە، کۆماری ئیسلامییش هەست بەوە دەکا کە مەیدانێکی نوێ بۆ ڕمبازێنەکانی کراوەتەوە. بەپێی ئەم سیاسەتە نوێیە، ئەمریکا ناتوانێ بیر لە چارەسەری کێشەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی چەکداریی وڵاتەکەی بکاتەوە. کەوابوو جێگرەوەی سیاسەتی دیپلۆماسی بۆ چارەسەری کێشەکان لەگەڵ ئێران دەبێ چ بێ؟ توندترکردنی سزاکان، بەربەست دانان لەسەر پێوەندییە دیپلۆماسییەکان و دوورخستنەوەی لە بەڵێننامە ناوچەیی و جیهانییەکان یا هەر ڕێگەیەکی دیکە کە یارمەتی بە تەریکخستنەوەی ئەو ڕێژیمە بدا هەرکام دەتوانێ کاریگەریی خۆی هەبێ. دیارە ئەمانە هەمووی کارێکن کە دەبێ لە دەرەوە و لە ڕێگەی وڵاتانی خاوەن دەسەڵاتەوە بکرێ بەڵام بەشێکی دیکە خاوەنی سەرەکی ئەم وڵاتە، خەڵکەکەیەتی. ئەم ڕێژیمە لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵە بە خراپترین شێوە کە دوورە لە هەموو عورفێکی سیاسی و ئینسانی دەیان میلیۆن لە دانیشتووانی وڵاتەکەی دەچەوسێنێتەوە و بێبەشی کردوون لە هەر چەشنە ماف و ئازادییەک کە وڵاتانی پێشکەوتوو خۆیانی پێ هەڵدەنێن. ئاکار و کردەوەیەک کە لای هیچ کەسێکی مرۆڤدۆست و یاسایەکی نێودەوڵەتی پەسند نییە. هەر ئەم شێوە حوکمڕانییەش کە سەرچاوەکەی بنەما فکرییەکانیانە وای کردووە کە خەڵک لە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیان بێزار بن و بە بەردەوامی بەگژیدا بچنەوە. خۆپێشاندانە بەرینەکانی خەڵک لەدژی دەسەڵات بەتایبەت لە ساڵەکانی ١٣٩٦ و ١٣٩٨ بەملاوە و بەردەوامی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان لەم نارەزایەتی دەربڕینانە، ئەم ڕاستییە دەردەخەن کە ڕێژیمی ئێران لە چاوی خەڵکدا ئەو حکوومەتە نییە کە دنیا ۆ چارەسەری کێشەکان ڕووی لێ بنێن، بەڵکوو دەبێ ڕوو لە شوێنی دیکە بکەن ئەویش خەڵکی ئێرانە.

لەم بارەوە ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی کە بۆ فشارهێنان لەسەر سەرەڕۆیی لە وڵاتانی جیاجیادا، زۆرجار هێنانەبەرباسی دێموکراسی وەک ئامرازێک بەکار دێنن بەڵام بۆ ئێران پێویستە بە ڕاستی بیر لە هێنانەگۆڕی مەسەلەی دێموکراسی بکرێتەوە. ئێستاش ئەگەر بیانەوێ بە شێوەیەکی واقیعی دەرکی کێشەکانی ئێران بکەن ڕێگەی دیپلۆماسی کاریگەرترین شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامییە. بەڵام نەک ئەو دیپلۆماسییە شکستخواردووە لەگەڵ ڕێژیمی

دەسەڵات بەدەستی ئێران، بەڵکوو دیپلۆماسییەک کە خەڵکی ئێران و نوێنەرانی ئەوان لایەکەی دیکەی بن. خۆ سەرقاڵکردنی وڵاتانی ڕۆژاوا بە کێشەی ناوکی بەداخەوە لە هەموو ئەو ساڵانەدا ڕێگەیک بووە بۆ خۆدزینەوە لە کێشە سەرەکییەکانی خەڵکی ئێران و بواردان بە درێژیی دەسەڵاتداری سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئەوانەوە و بەردەوامی پێشێلکارییەکانیان لە نێوخۆی وڵات. ڕەوایە کە خەڵکی ئێران چاوەڕوان بن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە جیاتی تەنیا باسی دامەزراوە ناوکییەکان، ئاوڕێکیش لە پێشێلکردنی بەردەوامی مافی مرۆڤ، سووکایەتیکردن بە مافەکانی ژنان و منداڵان و نەهێشتنی ئاسەواری هەر چەشنە ئازادییەک بدەنەوە. هەموو لایەک دەزانن بیرۆکەکانی کۆماری ئیسلامی تەنیا دژی خەڵکی ئێران نییە، بەڵکوو دژایەتی لەگەڵ مرۆڤایەتی و بنەماکانی ژیانێکی ئاسوودە لەنێو کۆمەڵگەی بەشەریدا. چارەسەری کێشەی ناوکییش ئەم بیرۆکەیە بنبڕ ناکا.

هەر بۆیە ڕێگەی چارەسەری کێشەی ناوکیی و هەموو کێشەخوڵقێنییەکانی ئەو ڕێژیمە تەنیا لە گەڕانەوەی کەرامەتی ئینسانی بۆ مرۆڤەکانە و بە ئازادیی ئێران و خەڵکەکەی لە چنگ دەسەڵاتی زۆرەملی کۆماری ئیسلامی کۆتایی دێ. ڕێگەی ئەم دیپلۆماسییەش ڕووکردن لە خەڵک و یارمەتیدانی دژبەرانی دێموکرات و ئازادیخوازی ئێرانییە کە باوەڕیان بە ئازادی و دێموکراسی و ژیانێکی هاوبەشی ئینسانییە. ئەوانەی کە بەڕاستی دەیانەوێ وڵاتەکەیان وەک وڵاتێکی خاوەن کەرامەت لە نێو کۆمەڵگەی بەشەریدا ببیننەوە. لە کاتی بیرکردنەوە لە جێگرەوەی پلانی ئێستادا باش دەبێ بیر لە جێگرەوەی ڕێژیمێک بکرێتەوە کە مل بۆ هیچ سازانێک ڕاناکێشێ و جگە لە مانەوەی دەسەڵاتداریی خۆی هیچ قازانجێکی بۆ خەڵکانی دیکە نابێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١

## ئۆپۆزیسیۆن و ڕێگەی تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی




**دوای ٤٢ ساڵ لە بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا ئیستا ئیتر کەم کەس هەن کە بە جۆرێک بیر لە ڕزگاربوونی وڵاتەکەیان لە چنگ ئەم دەسەڵاتخوازە نابەرپرسانە نەکەنەوە. دەسەڵاتدارانێک کە تەنیا بیر لە مانەوەی خۆیان بە هەر ڕێگەیەک و درێژکردنەوەی تەمەنی حکوومەتەکەیان دەکەنەوە.**

**لە تەواوی ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا خەڵک تەنیا قوربانیدان و بێکاری و نەداریی روو لە زیادبوون و بەشمەینەتییان پێ براوە. ئەویش لە وڵاتێکدا کە سەرچاوەکانی وەدەستهێنانی داهات بۆ ژیاندنی خەڵک نەتەنیا کەمتر نییە لە وڵاتانی پێشکەوتووی ناوچە، بەڵکوو بگرە لە زۆر لایەنەوە زیادتریشە. بە تایبەت ئەگەر سەرنج بدرێتە توانا فکرییەکانی بەشێک لەم خەڵکە کە بە هۆی دروستبوونی وەزعی کارەساتباری وڵات و نەبوونی هیچ چەشنە ئازادی و یاسایەکی دادپەروەرانە، بەداخەوە ڕوو لە هەندەران دەکەن و زۆریشیان لەو شوێنانەی لێی دەگیرسێنەوە وەک کەسانی بەتوانا لە بواری جۆراوجۆردا دەردەکەون و خزمەتی ئەو وڵاتانە دەکەن کە پەنایان دەدەن، دەردەکەوی کە ئەگەر ئەم وڵاتە بە چنگ ئەم کۆمەڵە کەسانەوە نەمێنێ چۆن دەتوانێ ڕێگەی پێشکەوتن بگرێتە بەر و لانیکەم لە باری ژیانی ئاساییەوە خەڵک لە ئاسوودەییدا بژین.**

**لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر دەرکەوت کە بەشی زۆری ئەم خەڵکە لە درێژەی تەمەنی ئەم دەسەڵاتە ناڕازییە و بە قسە و نووسین و دروشمدان و بگرە بەشداریکردن لە دەربڕینی نارەزایەتییەکان لەسەر شەقام و خوێندنگە و شوێنی کار، بیر و**

هەستی خۆی بەئاشکرا دەربڕیوە. وڵامی دەسەڵاتدارانیش لەبری بیرکردنەوە لە کێشەکانیان تەنیا هەڕەشە و گرتن و کوشتن بووە. بەڵام حکوومەت لەم دوورگە نائارامەدا کە لە نێوخۆدا وەک گڕکان دەکوڵی و لە دەرەوەش بە هۆی کێشەنانەوە لەگەڵ ڕۆژاوا و وڵاتانی ناوچە و بە تایبەت وڵاتانی دراوسێی وەک تورکیە، ئازەربایجان، ئەفغانستان و سعوودییە گەمارۆ دراوە، هەروا درێژە بە دەسەڵاتدارییان دەدەن.

یەکێک لە هۆکارەکانی ئیمکانی درێژەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی سەرەڕای نارەزایەتی بەرینی خەڵک لەم ڕێژیمە پرش و بڵاوبوونی بەرەی دژ بە حکوومەتە. لە نێوخۆی وڵات تێکۆشانی دژبەرانی ڕێژیم هەتا ئێستاش بەوجۆرەی پێویستە شکڵی نەگرتووە و زۆرتر وەک تاکەکان ڕووبەڕووی ڕێژیم دەبنەوە و تاک بە تاک دەکەونە داوی دەزگا ئەمنییەکان و ئەگەر نەکوژرێن لە کونجی زیندان دەپەستێورێن. لەو لاشەوە بەرەی هێزەکانی ناسراوی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە ڕێژیمن کە بە هۆی دابڕانیان لە کۆمەڵگەی ئێران هەرکام بە کەیفی خۆی لێکدانەوە دەکا و نەخشەڕێگا دادەنێ و خەتی کەسی دیکەشی قبووڵ نییە. لە کاتێکدا خەبات لە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دەسەڵاتێک کە دژی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازیدانان لە شێوەی بیرکردنەوەیان بۆ لایەنگرانی دێموکراسی و ئازادی، پێویستی بە یەکڕیزی بە دوور لە جیاوازییە ئیدئۆلۆژییەکان هەیە، هێز و بەرە جیاوازەکانی ئێرانی بە پێداگری لەسەر ڕوانگە تایبەتەکانی خۆیان ڕێگەی لێکنزیکبوونەوەیان لە یەکتر لەخۆ بەستووە. وەک ئەوەی هەرکام چاوەڕێی موعجیزەیەک بن کە دواتر ئەوان بە لووتکەی دەسەڵات بگەیەنێ. خافڵ لەوەی بیرکردنەوە لەوەی هەرکەس بۆ خۆی بیەوێ بە دەسەڵات بگا ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکە دوور دەخاتەوە.

یەکێکی دیکە لە کێشە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە دووربوونیانە لە دیتنی بابەتە ڕاستەقینەکانی نێوخۆی وڵات و جیاکاری لە نێوان خۆیان و چالاکانی سیاسی نێوخۆی وڵات کە ئەمەش بێمتمانەیی لەنێوان ئەوان و ئۆپۆزیسیۆن دروست کردووە. بابەتێکیتر خۆدزینەوە لە بەشێک لەو کێشانەیە کە بە جۆرێک بۆ نەتەوە جیاوازەکانی ئێران گرینگییان هەیە. ڕاستە تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی بابەتگەلێکن کە کۆمەڵگەی ئێرانی بە گشتی بیری لێ دەکاتەوە و خەباتی بۆ دەکا و تەنانەت قوربانیشی بۆ دەدا، بەڵام خۆدزینەوە لە کۆمەڵێک پرسی دیکە وەک کێشەی نەتەوەکان و چۆنیەتیی پێکەوەژیانی ئەم تێکەڵە جیاوازە لە خەڵکی ئێران بەیەکەوە لە چوارچێوەی یاسایەک کە مافی هەموو دانیشتوانی ئێران بپارێزێ یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. لەم نێوەدا ئەم ڕاستییە دەبێ لەلایەن هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە ببیندرێ کە دوای زیاتر لە چوار دەیە خەباتی بێ‌ڕاوەستانی نەتەوەی کورد و بەربەرەکانێی بە کردەوە نەک بە قسەی ئەم بەشە لە خەڵکی ئێران لە کوردستان، دەبێ مافخوازی ئەم گەلەی دەرخستبێ تا ئەو جێگەی کەس و لەژێر هیچ دروشمێکدا نەتوانێ حاشای لێ بکا. ڕوانینی دروست بۆ داهاتووی ئێران لەبەرچاوگرتنی هەموو

دابەشکارییە کولتووری، زمانی و جۆغرافیاییەکانە کە دەتوانی بمانخاتە سەر ڕێگەی دروستی پێکەوە ژیان و پاراستنی وڵاتێک کە بۆ هەمووان بێ. دێموکراسی تەنیا وشەیەک نییە کە لە سەری ڕێککەوتن بکرێ، بەڵکوو بەشداری و خۆدیتنەوەی هەموو ئەو پێکهاتانەیە کە دەبێ دەوریان هەبێ لە تاریف و شێوازی ئەو دێموکراسییەی کە ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ پاراستنی یاسایی مافەکانیان و دەستەبەری هەموو چەشنە ئازادییەک دەکا.

دوورەدیمەنی پاراستنی تەواوییەتی ئەرزی ئێران کە یەکێک لەو باسانەیە ئۆپۆزیسیۆن گرینگیی پێ دەدا بە هەر تێچوویەک و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ویست و ئیرادەی کەمینە نەتەوەییەکانی پێکهێنەری ئێران، هەمان سیاسەتی خەڵکخەڵەتێنەری کۆماری ئیسلامییە کە لەو ٤٢ ساڵەی ڕابردوودا خەڵکی ئێرانی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمەکەی بەگژ یەکتردا کردووە. لە کاتێکدا پاراستنی وڵاتێک بە کۆمەڵە خەڵکێک دەکرێ کە لەو وڵاتەدا هەموویان وەک یەک خۆیان بە هاوبەش لە دابینبوونی مافەکانیاندا ببیننەوە. ئەگەر هەر لایەنێک بیەوێ خۆی لەم بابەتە بدزێتەوە بێگومان دەکەوێتە سەر هەمان ڕێچکە کە کۆماری ئیسلامی پێیدا تێپەڕی. ئەگەر حیزبێک یا هاوپەیمانییەکی سیاسی لەنێو ڕێکخراوە سەرانسەرییەکاندا بیەوێ بیر لە ڕێگەچارە بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی بکاتەوە بێگومان دەبێ سەرنج بداتە ئەو بابەتە گرینگە و بزانن کە بە دوور لە ڕەچاوکردنی مافە تایبەتەکان لەپاڵ ماف و داخوازییە گشتییەکانی گەلانی ئێراندا برینی ئەم ڕێگە حاسان و بێ کێشە نابێ. هەر بۆیە بۆ وەسەریەکخستنەوەی هەموو هێز و تواناکانی لاینگری دەربازبوون لە کۆماری ئیسلامی پێویستە هاوپەیمانییەک لە نێوانیان و حیزبە ناوچەییەکانی نەتەوە جیاکانی ئێران و ڕێکخستنە سیاسی و مەدەنییەکانی نێوخۆی وڵات پێک بێ. هاوپەیمانییەک کە لە ئێستاوە بە دەرکی ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران ددان بە یاسایی بوونی مافی هەموو لایەکدا بنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕی ئۆکراین




هەشت ساڵ لەمەوبەر دوای سەرکەوتنی نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئۆکراین بەرامبەر دەسەڵاتدارانی ئەوکاتەی وڵات، کە ئاکامەکەی وەلانانی ویکتۆر یانۆکۆویچ، سەرۆکی ئەوکاتەی ئۆکراین و لایەنگری سیاسەتەکانی ڕووسیە بوو، شەڕی ناڕاستەوخۆی ڕووسیە و ئۆکراین سەری هەڵدا. سەرەتا ڕووسیە بە داگیرکردنی دوورگەی کریمە و دواتر بە پشتیوانی لە سەرهەڵدانی ڕووس‌زمانەکانی ناوچەی دوونتسک و لۆهانسک لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین کە زۆرینەی دانیشتووانی ئەو ناوچانەن و داوای سەربەخۆییان دەکرد و بەهانەیەک بوو بۆ ڕووسیە بۆ ئەم هێرشانە، دەستی پێ کرد. ساڵێک دواتر و بەپێی ڕێککەوتنی ئەو دوو وڵاتە و بە چاوەدێری وڵاتانی ئورووپا لە شاری مینسک ئەم شەڕە ڕاوەستا و بڕیار درا خودموختاریی تەواو بەو دوو ناوچە لە ئوکراین بدرێ و هێزەکانی ڕووسیە بکشێنە دواوە.

هەرچەند داگیرکردنی کریمە و لکاندنی بە ڕووسیەوە کارێکی ناپەسەند بوو و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدژی وەستایەوە، بەڵام دەکرێ پرسی داواکاریی زۆرینەی خەڵکی ناوچەکانی دۆنتێسک و لۆهانسک کە داوایان لەسەر دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان هەیە بەجیا سەیر بکەین و ئەگەر دەوڵەتی ئوکراین ئامادە بووە کە خودموختاری تەواو لە ئیدارەی ناوچەکانیان بداتە دەستی ئەو خەڵکە، دەبێ ئەوە وەک هەنگاوێکی بەرەوپێش بۆ چارەسەری کێشەی ئەو ناوچانە سەیر بکرێ کە بەبێ شەڕ و دەستێوەردان کۆتایی پێ بهاتبایە. هەرچەند ڕووداوەکانی دواتر و بەتایبەت هێرشی بەربڵاوی ڕووسیە بۆ سەر وڵاتی ئۆکراین دەری دەخا کە کێشەکان لەوە بەرینترن و ویست و سیاسەتی ڕووسیە جیاوازە لە پشگیریی داوای دانیشتووانی ڕووس‌زمانی ئەو ناوچانە. بەڵام بێگومان ئەوەی کە لە هەر وڵاتێک نەتەوە جیاوازەکان بتوانن بڕیار

لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن داوایەکی ڕەوایە و ئەگەر ڕووسیەش مەبەستیەتی ئەم سیاسەتە بگرێتە پێش، چاوەڕوان دەکرێ کە لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە کاریگەریی سیاسیی لەسەریان هەیە پشتگیری ئەم داوایە بۆ هەموو نەتەوە بندەستەکان بکا و یارمەتیدەر بێ بۆ چارەسەری ئەو پرسانە.

دوای هەشت ساڵ لە دەستپێکردنی ئەم کێشەیە لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا و، دوای سێ مانگ لە کۆکردنەوەی هێزێکی زۆر و زەوەندی سەربازی لە دەوری سنوورەکانی ئۆکراین، سەرەنجام ڕۆژی پێنجشەممە، ٥ی ڕەشەمە بە دەستووری ڤلادیمیر پووتین، سەرۆکی ڕووسیە هێرشێکی بەربڵاوی چاوەڕواننەکراو، لە ئاسمان و زەوییەوە کرایە سەر ئەو وڵاتە و زۆربەی شارەکان و ناوەندە سەربازی و ئابوورییەکانی کەوتنە بەر پەلاماری بۆمب و مووشەکی جۆراوجۆری ڕووسی. ئەو هێرشەی ڕووسیە وێرانییەکی زۆری لە ئۆکراین بەدوای خۆیدا هێناوە و سەدان کەسی سەربازی و مەدەنی لەو شارانەدا بوونە قوربانی کە لە نێویاندا ژن و منداڵی بێدیفاعی زۆری تێدا دەبیندرێ.

ڕووسیە هۆکاری هێرشەکەی بۆ داخوازیی ئۆکراین بۆ وەرگیرانی لە یەکیەتیی ئورووپا و هەوڵەکان بۆ پەرەگرتنی زیاتری هاوپەیمانیی نیزامیی ناتۆ گەڕاندۆتەوە، بابەتێک کە زۆرتر وەک پاراستنی ئەمنییەتی نەتەوەیی ڕووسیە سەرنجی دەدرێتێ. ئەمە بێگومان دەکرێ بۆ ئەو وڵاتە گرینگیی هەبێ و نیگەرانی بوونی هێزەکانی ناتۆ لە قەراغ سنوورەکانی بێ. بەڵام داگیرکردنی کریمە لە ساڵی ١٣٩٣ و هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی دوو ناوچەی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین هەر وەک پووتین لە ٢ی ڕەشەمەی ئەمساڵدا سەربەخۆیی ئەوانی ڕایگەیاند، مەبەستەکانی دیکەیان ئاشکرا دەکا کە ئەویش لانیکەم کونترۆڵکردنی وڵات و دەوڵەتی ئوکراینە؛ بە جۆرێک کە ئەگەر بە ڕووسیەشەوە نەلکێندرێ لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی مۆسکۆ دەرنەچن. سیاسەتێک کە پێشتر دەوڵەتی پووتین هەوڵی داوە لە چەند وڵاتێکی دیکەی دەوروبەری خۆی جێبەجێی بکا. هەربۆیە مەسەلەی بە ئەندامبوونی ئوکراین لە ناتۆدا کە هەتا دەستپێکی شەڕیش داوای ئەوەی نەکردوە، دەتوانێ وەک بیانوویەک چاوی لێ بکرێ.

ئێستا دوای ١٥ ڕۆژ شەڕ دەردەکەوێ کە بەربەرەکانێی نیشتمانپەروەرانی ئۆکراین کاری ڕووسیەی قورستر کردوە و لەلایەک ئەگەر پێشبینیی دەستپێکردنی هێرشێکی وەها گەورە حاسان نەبوو، بێگومان لەولاشەوە ڕووسیە چاوەڕوانی خۆڕاگرییەکی لەو چەشنەی نەکردبێ کە ئەرتەشی ئۆکراین و خەڵکی خۆبەخشی ئەو وڵاتە بە سەرۆکایەتیی ڤلادیمیر زیلنسکی ڕێکیان خستوە. هەرچۆنێک بێ جارێ ئەم شەڕە درێژەی هەیە و بەهانەکانی سەرۆکی ڕووسیەش لەجێی خۆی ماون. شەڕێک کە ئاکامەکەی وەک دەستپێکەکەی چاوەڕواننەکراوە.

**بەشی: دووهەم**


هەرچەند دەکرێ ئەمە وەک شەڕێکی ناوچەیی چاو لێ بکرێ و چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکرێ لە ئاکامی دانووستان و ڕێککەوتنێک کۆتایی پێ بێ یا خود ببێتە شەڕێکی درێژماوە لەدژی هێزەکانی ڕووسیە لەنێو خاکی ئوکرایندا. لەم نێوەدا دروستبوونی پشتگیرییەکی بەرینی جیهانی لەدژی ئەم شەڕە لەنێو خەڵکی وڵاتانی جۆراوجۆر و بە تایبەت لەنێو ڕووسییەشدا وای کرد لە بڕیارنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەدژی ڕووسیەدا نوێنەری ١٤١ وڵات دەنگی ئەرێنی پێ بدەن و تەنیا ٥ وڵات لە دژی بوەستن. بەتایبەت کە لەنێو وڵاتانی بەهێزی جیهاندا هیچ لایەنێک لەدژی ئەو بڕیارنامەیە دەنگی نەدا. بەرلەوەش هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژاوا بە سزادانی قورسی ڕووسیە لە ڕێگەی پچڕانی پێوەندییە بانکی و بازرگانییەکانیان کە بێگومان هەر لە ئێستاوە بە دابەزینی کتوپڕی بایەخی ڕووبڵ کاریگەریی خۆی دەرخستوە و لە داهاتووشدا ئەگەر هەروا بڕوا زیانی زیاتر بەو وڵاتە دەگەیەنێ، و ناردنی چەکی پێشکەوتوو بۆ بەربەرەکایی ئوکراینییەکان، بەبێ دەخالەتی ڕاستەوخۆ هەم بارگرانیی بۆ ڕووسیە دروست کردوە و هەم ڕۆحی خۆڕاگریی لەنێو ئوکراینییەکاندا بەهێز کردوە.

دیارە ناکرێ بە حاسانی لە کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە لە سەر داهاتووی جیهانیش تێپەڕین. شەڕێک کە ئەگەر بە سەرکەوتنی ڕووسیە بەهێزەوە کۆتایی پێ بێ بێگومان هەڵوێستی دیفاعیی توندتری ڕۆژاوا بەدوای خۆیدا دێنێ و جیهان بەرەو ئاڵۆزییەکی زیاتر دەچێ و کێبەرکێ جیهانییەکان لەنێوان دوو بەرەی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتدا گەورەتر دەکا. جیهانێک کە لەودا وڵاتە لاوازەکان لە بەرامبەر ئیرادەی سیاسی و ئابووری هەرکام لەم دوو بەرەدا بێدەسەڵاتتر دەبن و چارەنووسی نەتەوە بندەستەکانیش زیاتر دەکەوێتە گرەوی ساتوسەودای سیاسیی ئەو وڵاتانە.

لەم نێوەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە سیاسەتکردندا هەمیشە دەکەوێتە داوی چاووڕاوەکانیەوە و سەرخۆش لەوەی ڕووسیەی بەناو هاوپەیمانی بە هێزێکی زەبەلاحەوە سەرکەوتنی گەورە بەدەست دێنێ، لەلایەن سەرۆککۆمارەکەیەوە بەهەڵپە پەیامێکی تەلیفۆنی وەهای دا بە سەرۆکی ڕووسیە وەک ئەوەی پیرۆزبایی سەرکەوتنی لێ بکا. سەرۆک و ڕێبەر بە تاوانبار ناساندنی ناتۆ بۆ سازکردنی ئەم شەڕە، ڕاستەوخۆ خۆیان هاویشتە بەرەی ڕووسیە و پێیان وابوو بەمجۆرە لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەمریکادا پێگەیەکی تازە بەدەست دێنن. بەڵام دواتر کە هەڵوێستی خەڵک و وڵاتانی جیهانیان بیست و بەربەرەکانێی ئوکراینییەکانیان دی، نەیانتوانی لە کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەنگی نا بە بڕیارنامەکە -کە بۆ مەحکووم کردنی هێرشی ڕووسیە نووسرابو-و بدەن و هەوڵیان دا بەمجۆرە کەمێ حەیای خۆیان بکڕنەوە. لە بەرامبەر ڕێژیمدا خەڵکی ئێران هەڵوێستێکی دیکەیان نیشان دا و بە کۆبوونەوە لەبەر سەفارەتی ئوکراین لە تاران لەدژی شەڕ دروشمیان دا. ئەم خەڵکە لێرەشدا نیشانیان دا کە لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نین و دژی هەر چەشنە شەڕێکن کە دیکتاتۆرەکانی وڵات دڵی پێ خۆش بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠٢٢

## ساڵی نوێ، هەڕەشە و دەرفەتەکان بۆ جووڵانەوەی کورد



ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی لەگەڵ هەموو تاڵی و ناخۆشییەکانی کۆتایی هات. لەو ساڵەدا وەک ساڵانی پێشووی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک هەموو خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران لەژێر باری گرانی و ژیانی نالەبارياندا، ڕۆژەکانی ساڵیان تێپەڕ کرد. ساڵێک کە گرانی ڕادەبەدەری پێداویستییەکانی ژیان، چوونەسەری ڕێژەی بێکاری، نائەمنی و نەدیتنی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ چارەسەری کێشەکان لەلایەن حکوومەتەوە ئەزموونێکی دووبارەی چەند ساڵەی خەڵک بوو. ساڵێکی دیکە کە تەنیا وەڵامدانەوە بۆ خەڵک، دووپاتکردنەوەی درۆ و دەلەسەکانی دەسەڵاتداران بۆ فریودان و چاوبەستنی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و مانەوەی ڕێژیم و شێوەی دەسەڵاتدارییان بوو.

هەر لەو ساڵەدا بێدەنگییەکان زیاتر شکان. گوێنەدانی ڕێژیم بە داخوازییەکانی خەڵک، چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی بە مەبەستی هێنانەگۆڕی داواکارییەکانیان زیاتر هێنایە مەیدان و کەم ڕۆژێ ساڵ هەبوو کە لە شارە جیاجیاکانی ئێران دەنگی ناڕەزایەتی لەسەر شەقامەکان بەرز نەبێتەوە. ئەوان هەوڵیان دەدا لەم ڕێگەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک بەرپرس و تاوانباری هەموو کەموکوورییەکان بە دنیا بناسێندرێ و بەئاشکرا بڵێن کە هۆکاری هەموو کێشەکان نەک وەک ڕێبەر و هاودەستەکانی ئیدیعا دەکەن لە دەرەوە نییە، بەڵکوو لە بوونی وەها ڕێژیمێکدایە کە کەمترین بایەخ بۆ ژیان و مان و نەمانی ئەو خەڵکە دانانێ و تەنیا لە بیری مانەوەی دەسەڵاتەکەی خۆیاندان.

لە ساڵی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو جۆرە کێشانە درێژەی جیاکاری، هەڵاواردن، پەراوێزخستن،

کوشتنی بەئەنقەستی خەڵک و بە تایبەت کاسبکاران و سەپاندنی باری ئەمنی توندتر بەسەر ئەم بەشەی وڵاتدا بەردەوام بوو. پێشگرتن لە تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی و گرتن و زیندانیکردنی تێکۆشەرانی کورد بە بیانووی جۆراوجۆری وەک پێوەندییان بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و تەنانەت وەپاڵدانی تۆمەتی سیخوری، بە سەدان کچ و کوڕی کوردیان خستە گرتووخانەکان و خستیاننە ژێر ئەشکەنجەوە. ئەوان کە لە هەر جۆرە هەڵوێستێک لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە زەندەقیان چووە، تەنانەت پرسی فێربوونی زمانی کوردی وەک مەترسییەک لەسەر داهاتووی خۆیان دەبینن و لە هەوڵی پەکخستنی ئەم ئەرکە پیرۆزەی چالاکانی بواری زمانی کوردی و بۆ ترساندنیان، بە پاساوی کاری سیاسی حوکمی ٥ ساڵ زیندان بەسەر مامۆستایەکی خۆبەخش و ئەرک وەخۆگری وەک "زارا محەممەدی"دا دەسەپێنن. هەرچەند ئەم کارەیان ئەوی وەک نوێنگەی زۆر لە ژنانی خاوەن هەڵوێست و پێشەنگی بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردستان ناساند کە لە مەیدانی خەباتدا سڵ لە هیچ بەربەستێک ناکەنەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو زوڵم و ناحەقییە و لەگەڵ درێژەی سیاسەتی ئینکار و بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە بیرێکی نەتەوەیی و مافخوازانە لە کوردستان لەلایەن دەزگای سەرکوتی ڕێژیمەوە، کاروانی ڕێگەی گەیشتن بە ئازادی و ئامانجە نەتەوەییەکان پڕڕێبوارتر ڕێگەی بڕیوە. ئێستا بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە پەرەگرتنی بیری شوناسخوازانە و مافخوازانە لەنێو کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستاندا، بووەتە خاوەن هێز و وزەیەکی وەها کە سنووری بۆ ئەژماردنی کەسەکان نەهێشتۆتەوە و بێگومان هەروەک تا ئێستا نەیانتوانیوە، لەمەوبەدواش ڕێژیم لە توانایدا نابێ کە بە گرتن و زیندانیکردنی ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی کورد پێش بە بەرەوپێشچوونی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بگرێ. ئەگەر هەموو ساڵانی تەمەنی ڕێژیم هێزی پێشمەرگە مەترسییەک بووە بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان و بە تیرۆر و کوشتن نەیانتوانیوە لە نێوی بەرن، ئێستا بە مانەوەی ئەم هێزە و بوونی بە هێزی تێکۆشەرانی نێوخۆ کە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا و بە خۆڕێکخستن و تێکۆشانیان لە گرووپی جیاوازی مەدەنیدا ئەرک وەخۆگرانە بۆ پاراستنی هەرچییەک کە نیشتمان و نەتەوەکەیان بپارێزێ هەوڵ دەدەن، لەنێوبردنی ئەم بزووتنەوە نە تەنیا بووەتە خەیاڵێک بەڵکوو هیوای گەیشتن بە سەرکەوتن و وەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی لە هەموو کات زیاتر کردووە.

ئێستا کە پێ دەنێینە ساڵی نوێوە بێگومان تەنگ و چەڵەمەی سیاسی سەر ڕێگەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات کەم نابن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەروەک پێشووتر هەوڵ دەدا کە کۆسپی تازە بخاتە سەر ڕێی بزووتنەوە و لە گرتنە پێشی هیچ ڕێگەیەک و کەرەسەیەک بۆ لەنێوبردنی ئەم بزووتنەوە سڵ ناکاتەوە. ئەوان بە تێگەیشتن لەوەی کە کوردستان سەری زیندووی خەبات لە دژی دەسەڵاتەکەیانە، دیسان بۆ لاوازکردنی هەموو هەوڵێک دەدەن. تیرۆر و کوشتن و تەنانەت مووشەکبارانی ڕێبەریی ئەم بزووتنەوە ئەگەر کاریگەری لەسەر لاوازکردنی نەبووە بەڵام هەتا ئێستاش بەشێکە لە

سیاسەتی ڕێژیم. لەگەڵ ئەوەش هەوڵدان بۆ بەرتەسککردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبەکان کارێکە کە لە ڕابردوودا کردوویەتی و پێدەچێ لێی بەردەوام بێ. بەڵام هەروەک لە ڕابردووشدا حیزبی دێموکرات ڕایگەیاندوە، مەیدانی سەرەکی خەباتی مافخوازانەی کورد ڕۆژهەڵات و شار و گوندەکانی زێدەکەمانە. هەربۆیە ئەم بزووتنەوە هەتا خاوەنی ئەم بیرکردنەوە بێ و لەو مەیدانەدا کە بێ ئەژمار تێکۆشەری ئەرک وەخۆگری هەیە لە تێکۆشان بەردەوام بێ، هیچ سیاسەتێک و هیچ پیلانێک ناتوانی لە نێوی ببا.

هاوخەباتی و هاوپێوەندیی فکری نێوان تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنی کوردستان کە خۆی لە بیری شوناسخوازانەی نەتەوەییدا دەبینێتەوە، گەورەترین هۆکارە بۆ مانەوەی سەربەرزانەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. لەم پێوەندییەدا یەکێک لە گرینگترین ئەرکەکانی بەردەممان هەوڵدانە بۆ دروستکردنی هاودەنگی و فەزایەکی یەکگرتووانە لە نێو تێکۆشەرانی بزووتنەوەکەماندا. مادام بیرکردنەوە و ویستەکانمان یەکن، هەڵوێست و ئەرکەکانیشمان هەر یەکن و دەبێ هەموو بە یەکەوە و بە هاوبەشی ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنین. ئەوەی پێوەندی بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوەیە بە تایبەت کە ئێستا هەموو چاوەکان لەسەر حیزبی دێموکراتە و بەشی زۆری خەڵکی کوردستان وەک نوقتە هومێدێک بۆ داهاتوویان چاویان بڕیوەتە ئەم حیزبە، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەنگاونانی جیددیتر و یەکلاکەرەوە بۆ وەدیهێنانی ئەم داخوازییەی خەڵکی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانێ و دڵنیایە بە یەکگرتووی دێموکراتەکان، پەیامی یەکگرتووی نێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بەهێزتر دەبێ. بێگومان ئەمەش سەرەتایەکی باش دەبێ بۆ ڕێخۆشکردنی یەکگرتوویی لەنێو هەموو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا.

بەو هیوایەی لە ساڵی نوێدا، بەردەوامی یەکگرتووانەی هەموو لایەک لە خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئامانجە لە مێژینەکانی خەڵکی کوردستان کە ئەویش گەیشتن بە ئازادی و وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیانە، نەتەوەکەمان بە سەرکەوتن بگەیەنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# پاسداران سپایەک بو ئەرکی تیرۆریستی



دووی بانەمەڕ ڕۆژی دامەزرانی سپای پاسداران لە ئێرانە. لەم ڕۆژەدا و لە ساڵی ١٣٥٨ بە دوای دەستووری خومەینی بو مەبەستە تایبەتییەکانی ئاخوندەکان کە دواتر لە کار و کردەوەیدا دەرکەوت، بەڵام بە ناوی هێزێک بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی بەناو ئیسلامی دەست کرا بە کۆکردنەوەی کەسانی بێئەزموون و ئێحساسی کە باوەڕیان بە قسە و دروشمەکانی ئاخووندەکان هێنابوو و بێ هیچ بیرکردنەوەیەک لە پێناو فتواکانی ئەواندا خۆیان دەکردە قوربانی، ئەم ڕێکخراوە چەکدارییەیان ڕێکخست. هەر ئەوکات دیاربوو کە خومەینی و دارودەستەکەی مەبەستیان لە دروستکردنی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، ڕێکخستنی هێزێکی ئیدئۆلۆژیکی گوێڕایەڵ بوو تەنیا بۆ پشتیوانیکردن لە بیرکردنەوەکانیان و گۆپاڵێک بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانیان. یەکەم هەنگاوی شەڕەنگێزانەی ئەم پاسدارانەی بەناو شۆڕش هێرشی بەربڵاوی ئەوان بۆ سەر شۆڕشگێڕانی کوردستان بە دوای فتوای خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ئەو ساڵەدا بۆ لە نێوبردنی وەک ئەو دەیگوت لەشکریانی کوفر بوو لە کوردستان. لەشکرکێشییەکی دەیان هەزار کەسی کە بە هۆی خۆڕاگریی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان دوای ٣ مانگ شکستی هێنا و خومەینی ناچار کرد پەیامی خەڵکخەڵەتێنانەی وەستانی شەڕ و برایەتی بڵاو بکاتەوە.

دیارە لایەنێکی دیکەی دروستکردنی ئەم سپایە ترس و نیگەرانیی خومەینی و ئاخووندەکان بوو لە بوونی ئەرتەشێک لە ئێراندا کە بە هۆی جۆری پەروەردەیان لەگەڵ بیر و بۆچوونی دەسەڵاتخوازانەی ئەوان نەدەهاتەوە. لەگەڵ ئەوەی هەر لە

یەکەم مانگەکانی دوای سەرکەوتنیان بە دەیان کەس لە فەرماندە پلە بەرزەکانی ئەرتەشیان گرت و ئێعدام کرد بەڵام ئەم نیگەرانییە نەڕەوییەوە و لاوازکردنی ئەرتەش و دروستکردنی جێگرەوەیەکی نیزامی بەهێزتر بوو بە مەبەستی سەرەکییان.

ئێستا کە ٤٣ ساڵ بەسەر دامەزرانی ئەم سپایەدا تێپەڕ دەبێ چاوخشاندنێکی سەرپێیی بە ئاکار و کردەوەکانیاندا جگە لە جینایەت و کوشتن و بەتاڵانبردنی ماڵ و سەرمایەی خەڵکی ئێران هیچ خزمەتێک لە کارنامەکەیدا نابینی. لە نێوخۆی وڵات سپای پاسداران لە تەواوی ئەو ساڵانەدا ئەرکی سەرکوتی هەر چەشنە هەوڵێکی ئازادیخوازانە و مافخوازانەی خەڵکی لەئەستۆ بووە و پاسدارە گوێلەمستەکان و فەرماندە مەسڵەحەتخوازەکانیان بەبێ بیرکردنەوە لە هیچ بەرژەوەندییەکی گشتی و تەنیا لە پێناو ڕازیکردنی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان دەستیان لە هیچ جنایەتێک نەپاراستوە. جگە لە جینایەتەکانی چوار دەیەی ڕابردوویان لە کوردستان، لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵکوژیی هەزاران کەس لە شارەکانی خووزستان، شیراز، بووشەهر، کەرەج و زۆر شوێنی دیکەی ئێران کە تەنیا داوای مافە خوراو و نبووەکانیان دەکرد لە کەس شاراوە نییە. لە کاتێکدا فەرماندەکانی ئەم سپایە بەئاشکرا بە هەزاران میلیارد تمەنی سەرمایەی وڵاتیان دزیوە و بۆ خزمەتی کەسیی خۆیان بە کاری دێنن. جگە لەوەش ئاشکرابوونی دەستی تێرۆریستەکانی سپای پاسداران لە جینایەتەکانی ئوتریش، سویس، فەڕانسە، ئاڵمان، تورکییە، عێراق و زۆر شوێنی دیکەی جیهان لە تێرۆرکردنی ڕێبەران و چالاکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی دەری خست کە ئەوان تەنیا لە نێوخۆی وڵات لەدژی جیابیرانی خۆیان ناوەستنەوە بەڵکوو وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی نێودەوڵەتی لە ئاستی جیهاندا ڕووبەڕووی هەر چەشنە موخالیفەتێکدا بە تێرۆر وڵام دەدەنەوە.

دیارە ئەرکەکانی سپای پاسدارانی بەناو شۆڕش تەنیا لە نێوخۆی وڵات و تێرۆری دژبەرانی لە دەرەوەی وڵات قەتیس نەمایەوە. بەڵکوو بە دامەزراندنی لقی سپای قودس کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێبەری ڕێژیمەوە سەرپەرشتی دەکرێ و لەژێر دروشمی ناردنەدەرەوەی شۆڕش و بە مەبەستی کاریگەرییان لە سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا، کردەوەی جینایەتکارانەی خۆیان گواستەوە بۆ وڵاتانی دیکە و ئەو وێرانکارییانەی لە لوبنان، فەلەستین، سووریە و یەمەن دەبیندرێ هەوڵێک بووە هەرچەند شکستخواردوو، بۆ سەپاندنی بیر و دەسەڵاتی ئاخووندەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا. ئەوان بە پاڵپشتیی سپای قودس و بە پووڵ و سەرمایەی خەڵکی هەژارکراوی ئێران لە وڵاتانی دوور و نزیک و بۆ ئاژاوەنانەوە و ناسەقامگیری زۆر لەو وڵاتانە، هەوڵی دروستکردنی ڕێکخراوی تێرۆریستیی جۆراوجۆریان داوە. کێشەی زیاتر لەوەش ئێستا گومانی دەست تێدابوونی سپای قودس لە کارە تێرۆریستییەکانی لە ئارژانتین و تەقاندنەوەی ناوەندی جوولەکەکان لەو وڵاتە هاوکاری کۆماری ئیسلامی و ڕێکخراوی "ئەلقاعیدە" دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسراییل نەڕەویوەتەوە. بەمجۆرە سپای پاسداران نەک وەک هێزێک نیزامی قبوولکراو بەڵکوو وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی نێودەوڵەتی پێناسە کراوە.

هەموو ئەم سیاسەت و کردەوانە بوو کە دوای ڕەدکردنەوەی ڕێککەوتنی بەرجام، دوناڵد ترامپ سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بڕیاری بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ئێرانی ڕاگەیاند. بەپێی ئەو بڕیارە سپای پاسداران کەوتە نێو لیستی

بەشی: دووهەم

گرووپە تێرۆریستییەکانی جیهان و کۆمەڵێک سزای هەروەک ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی دیکەی بەسەردا سەپا. دیارە بەدەر لەوەی کە ئەو سزایانە چەندە کاریگەریی لەسەر سیاسەتی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی و ئاکاری ئەو سپایە دانا، لەبەر ئەوەی ئە بڕیارە دانپێدانانێکی فەرمی بوو لەلایەن وڵاتێکی گەورە و خاوەن بڕیار لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، شوێنەواری لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی دانا. هەر لەبەر ئەوە ئەگەر ئێستا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران بیانەوێ یادی دامەزرانی ئەم سپایە بکەنەوە دەبێ بزانن کە هیچ کەس لە ئێران و جیهاندا شانازی بەم یادەوە ناکەن و خەڵکی ئێران ئەمە وەک بەشێک لە شانازییە نیشتمانییەکان نابینن. سپایەک کە لە بۆچوونی خەڵکدا لە ئێرانی داهاتوودا هیچ جێگە و پێگەیەکی نامێنێ و بێگومان خەڵک چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دەکەن کە فەرمانەکانی سپا تاوانی جینایەتەکانی خۆیان بدەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٢

## خامنەیی و ڕێژیمەکەی لە خەونی جەمسەربەندیی جیهانیدا



کاتێک دیکتاتۆرەکان بێهیوا دەبن لە خەڵکی وڵاتەکەیان ئیدی بیر و زەینیان دەچێتە سەر پشتیوانی دەرەکی. ئەمەش ئێستا لە بیر و سیاسەتەکانی خامنەییدا بەڕوونی دەبیندرێ. سەردەمانێک خومەینی کە پێی وابوو شۆڕشە ئیسلامییەکەی ئەو بووەتە خاوەن پێگەیەکی بەهێز لەنێو خەڵکی ئێران و موسوڵمانانی وڵاتانی دەوروبەر، ئامۆژگاریی وڵاتانی جیهانی دەکرد کە بێنە سەر ڕێی ڕاست و ئەوەش بەو مانا بوو کە ڕێبازە شۆڕشگێڕییەکەی ئەو قبووڵ بکەن. ئەو لە دژایەتیی کۆمۆنیزم و سەرمایەداریدا، دروشمی نە شەرقی، نە غەربیی کردە پێناسەی سیاسەتەکانی. ئەم دروشمەی خومەینی بە مانای هێنانەئارای مۆدێلێکی نوی بوو لە حوکمڕانی، کە خراپەکانی ئەو دوو سیستمەی لەو دوو بەشەی جیهاندا ڕەد دەکردەوە بەبێ ئەوەی چاکەیەکیان لێ بەدی بکا. بەڵام ئێستا دەوران گۆڕاوە و خامنەیی کە لە جێی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی دانیشتوە ڕێگەیەکی تری گرتووەتەبەر، بەڵکوو ئەگەر لەگەڵ ڕۆژاوا بۆی نەچێتە سەر، هەر نەبێ ڕۆژهەڵات لە کیس خۆی نەدا. بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش چاو لە فرتوفێڵەکان و بەتاڵانبردنی سەرمایەی وڵاتەکەشی لەلایەن دۆستە شەرقییەکانیەوە دەنووقێنێ.

هۆکاری گرتنەپێشی ئەم سیاسەتە ڕوونە. خامنەیی و دەستوپێوەندەکانی بەباشی لەوە تێگەیشتوون کە دوای زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتدارییان هیچ پێگەیەکی شەرعی و یاساییان لەنێو خەڵکی ئێراندا نەماوە. خەڵکێک کە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی شا و هێنانەئارای نەزمێکی نوێی دەسەڵاتداری کە پارێزەری مافەکانیان بێ شۆڕشیان کرد و دواتر بۆ پاراستنی نیشتمانەکەیان

لە شەڕی عێراقدا گیان وماڵیان بەخشی، ئێستا هیچ متمانەیەکیان بە خامنەیی و تاقمە دز، تالانچی و ماڵخۆرەکانی دەوروبەری نەماوە. ئەوان بۆ دەربڕینی ئەم باوەڕەی خۆیان و نیشاندانی نارەزایەتییان لە دەسەڵاتداران ڕۆژانە ل سەر شەقامن و هاواری بەدەستهێنانەوەی مافەکانیان دەکەن. بۆیە سەیر نییە کاتێک خامنەیی دەبینێ لەوە زیاتر ناتوانێ خەڵک فریو بدا و پشتییان پێ ببەستێ، وەک هەر دیکتاتۆرێکی دیکە پەنا دەباتە بەر سەودا و سازان لەگەڵ لایەنێکی بەهێزی جیهانی کە ئێستا بۆ ئەو، چین و ڕووسییە لە پێشەنگیاندان و دروشمی نە شەرقی نە غەربی بە جۆرێک کە خۆیان و لاینگرانیانی پێ فریو بدەن، تەفسیر دەکەن. لە کاتێکدا وڵاتێکی گەورەی وەک چین کە ئێستاش لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستەوە و بە پێداگری لەسەر پاراستنی بناخە فکرییەکانی ئەو حیزبە بەڕێوە دەبرێ، ئێران گەورەترین ڕێککەوتننامەی ئەمنی و ئابووریی لەگەڵ واژۆ کردوە. ڕێککەوتننامەیەک کە بە ڕای زۆربەی شارەزایانی ئابووری کەمترین خێری بۆ خەڵکی ئێران دەگەڕێتەوە و تەنیا لایەنی پشتیوانیی سیاسیی چین بۆ ڕێبەرانی ئێران گرینگە هەتا لە تەریکمانەوەیان لە کۆمەڵگەی جیهانی بێنە دەرەوە. بەڵام ڕاوێژکارەکانی خامنەیی لە باس لەسەر شەرق تەنیا دێنە سەر باسی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ڕووسیە و دەڵێن کە، ئەم سیاسەتە دروشمی نە شەرقی نە غەربیی نیزام نابەنە ژێر پرسیار، چونکە ڕووسیەی ئێستا شۆڕەویی کۆمۆنیستیی جاران نییە. ئەمەش بەو مانایە دێ کە دژایەتیی ڕێبەرانی نیزام وەک ئیدیعایان دەکرد، لەگەڵ سەرمایەداری و بە وتەی ئەوان ئێستێکباری جیهانی نییە ڕووسیە با وڵاتێکی سەرمایەدارییش بێ، دەتوانی دۆستی ئەوان بێ!

ئەم بابەتە بەتایبەت لە دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژاوادا، بە ناوی سیاسەتی ڕوانین بەرەو ڕۆژهەڵات (نگاە بە شرق) هەمیشە لە بیر و زەینی خامنەییدا بووە و تەبلیغاتی بۆ کراوە. بەڵام ئەوەی کە یارمەتیی دا هەتا بەئاشکرا بێتە گۆ و دڵخۆشیی خۆی لێ دەربخا، هێرشی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین بوو کە لەگەڵ بەرەنگاری و بەربەرەکانیی دەوڵەت و خەڵکی ئۆکراین ڕووبەڕوو بوو. بە دوای دەستپێکردنی ئەم شەڕە خامنەیی دەڵێ کە "ڕووداوە سیاسی و نیزامییەکانی ئەم ڕۆژانە ئەو جۆرەی شکی بۆ دەچوو هەر ئەو سووڕانە مێژوویيانەی جیهانن و دەبێ بەرپرسانمان بە ناسینی بەرە جیاوازەکان خۆیان ئامادە بکەن بۆ ڕۆڵگێڕان لە گۆڕانکارییەکاندا بە قازانجی بەرەی حەق" کە بەپێی پەیامە جۆراوجۆرەکانی کاربەدەستەکانی ڕێژیم ئەمە لە سەرکەوتنی ڕووسیەدا دەبینندرێ و ئاواتیشی بۆ دەخوازن. هەروەک لە مێدیا ڕەسمییەکانی ڕێژیمدا لێکدانەوەی بۆ دەکەن و دەڵێن "شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین وەک هەنگاوی بەکردەیی قۆناغێکی نوێیە لە نەزمی جیهانی. ئەگەر ئەم شەڕە بە سەرکەوتنی ڕووسیە کۆتایی بێ بە مانای دروستبوونی شێوەیەکی نوێ لە نەزمی جیهانییە."

ئێستا ڕوونە کە خامنەیی و ڕێژیمەکەی ئەم نەزمە نوێیە لە دوو جەمسەریبوونی جیهاندا دەبینن و بە هیوان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بوونی ئەوان لە یەکێک لەم جەمسەرانەدا ببێتە نەوایەک بۆ حەسانەوەیان و خۆدەربازکردن لەژێر فشارە

نێودەوڵەتییەکان. بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەمێژە ئەو پێگە جیهانییەی لە دەست داوە کە زلهێزەکان وەکوو هاوبەش و شەریکەبەشی خۆیان چاوی لێ بکەن و جگە لە بەستراوەیی و ماڵوێرانیی زیاتر هیچ بەرهەمێکی بۆ خەڵکی ئێران نابێ.

ئەزموونی دەیان وڵاتی جیهانی سێهەم لە سەردەمی جیهانی دوو جەمسەریدا ئەوەیان دەرخستوە کە بە خۆبەستنەوە بە جەمسەرەکانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات دەبنە بەشێک لە کەرەسەی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی زلهێزەکان لە پێناو ستراتێژییەکانی ئەواندا. ئەگەر لە سەردەمی بوونی حکوومەتی شۆڕەویدا پشتیوانی شۆڕشی گەلانی بندەستی ئێمپریالیزمی ڕۆژاوایی بوون، ئێستا لە بوونی دوو جەمسەری سەرمایەداری دوای ئەو گۆڕانکاریی قووڵانەی سێ دەیەی ڕابردوو، چاوەڕوانی ئەوەشیان لێ ناکرێ. هەر بۆیە پشتبەستن بە ئیرادەی خەڵکی وڵات و پاراستنی سەربەخۆیی و هەنگاونان بەرەو ئیدارەی وڵات لە ڕێگەی سیستمێکی دێموکراتیک باشترین ڕێگەیە بۆ خۆدوورخستنەوە لە ساتوسەودا جیهانییەکان و بردنە سەری توانای کایەکردنە لە مەیدانی گۆڕانکارییەکاندا. بابەتێک کە ئاخووندەکان هەر لە سەرەتاوە لێیان نەزانیوە و خەڵکی ئێران بۆ گێڕانەوەی پێگەی وڵاتەکەیان بۆ ئەو ئاستە دەبێ کۆسپی سەر ڕێگەیان کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە لەسەر ڕێگەیان لاببەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢٢

# داهاتووی خەڵک لە گرەوی یەکبووندایە




**لە مانگی بانەمەڕدا و لە درێژەی بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە ئێران، دەورێکی نوێ لە نیشاندانی ئەم ناڕەزایەتییانە دەستی پێ کرد.**

**لە ساڵانی ڕابردوودا و بە تایبەت دوای خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٨ کە درێژترین ماوەی بەرپاکردنی دەنگی ناڕەزایەتی لە سیاسەت و هەڵسووکەوتی ڕێژیم بوو، زۆرجار بە هۆکاری جۆراوجۆر و لە ناوچەی جیاجیادا لە ئێران، خەڵک ڕژاونەتە سەر شەقام و بێدەنگیی شەقامیان لە ئاست سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شکاندووە. ئەوەی لە بەرچاو بێ، هۆکارەکان زۆرتر کێشەی ئابووری و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بووە. بەڵام هەموو جارێ دیاربوو کە ئەوانە زۆرتر بیانوویەک بوون هەتا مەیدانێک بکرێتەوە و خەڵک ڕق و بێزاریی خۆیان لە دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن. جگە لە کوردستان کە زۆرترین خۆپیشاندان و مانگرتنەکان لایەنی ئاشکرای سیاسیی هەبوو، لە ناوچەکانی دیکەی ئێران هەر جارەی دروستکردنی کێشەیەک خەڵکی هیناوەتە سەر شەقام. بابەتگەلی وەک گرانی و دزی لە مەشهەد، کێشەی ئاو لە ناوچە عەرەبییەکانی خووزستان، بردنەسەری بایی بەنزین و ناڕەزایەتییەکانی شیراز و زۆر شاری دیکەی ئێران، کێشەی ئاو لە زایەندەروودی ئێسفەهان و دەیان کێشەی دیکەی لەمجۆرە و ئەمجارەش گرانی و چوونەسەری چەندقاتی نرخی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەک لە ماوەیەکی کورتدا و لە ئاستی ئێراندا.**

لەو مـاوەدا جـگە لە دەربڕینـی نـاڕەزایەتیی گشـتی خەڵـک لە زۆر لە پارێزگاکـانی وڵات، مـانگرتنی مامۆسـتایانی قوتابخانەکـان لەسـەر داوای شـوڕای هاوئـاهەنگی ڕێکخسـتنە سێنفییەکانی فەرهەنگیـان و شـۆفێر و کرێکـارانی سـەندیکای کرێکـارانی شێرکەتی واحێدی ئۆتوبووسەکانی تـاران جێگەی سەرنجن. ئەم دوو بەشە کە خـاوەنی گەورەتـرین ڕێکخسـتنی سێنفی لە ئێراندان، بە داوای مانگرتنی گشتی بارێکی قورسیان خستۆتە ئەستۆی ڕێژیم. هەربۆیە دەزگا ئەمنییەکانی ڕێـژیم دەستیان کردوە بە دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنی کەسانی ناسراو لە بەڕێوەبەرانی ئەم دوو ڕێکخستنە و ئەوەی دیـارە تـا ئێستا نزیک بە ١٠٠ کەس لە چالاکانی کرێکاری و مامۆستایان لە شارە جیاجیاکانی ئێران دەسبەسەر کراون.

هەتـا ئێسـتاش ئەوەی دیـارە هۆکـاری ئاشکرای هاتنەسەر شەقامی ئەمجـارەی خەڵـک و دەربڕینـی ناڕەزایەتییەکـان کێشە ئـابووریی و گرانـی و کەمبـوونی پێداویسـتییەکان لە بـازاڕدان. بەڵام ئەگەر گـوێ لە هـاواری ئەوان لە چوارچێـوەی دروشمەکانیاندا بگرین، دەردەکەوێ لە ڕاستیدا دەربڕینـی بێزاریـی ئەوان لە دەسـەڵاتی کۆنەپەرستی کۆمـاری ئیسلامییە و بەئاشکرا دیـارە کە ئەم سـەرهەڵدانانە لایەنـی سیاسیی هەیە. بـۆیە ئەوە کۆمـاری ئیسلامی و دەست و پێوەنـدەکانیانن کە دەیـانەوێ ئەم سـەرهەڵدانە نـوێیە لە چوارچێـوەی نـاڕەزایەتی لە بەرنامەکـانی دەوڵەت و بە نـاوی شۆڕشی برسییەکان لە قەڵەم بدەن، دەنا هاواری مەرگ بۆ خامنەیی و مەرگ بۆ دیکتاتۆر و سووتـاندنی وێنە و بنێرەکـانی ڕێبەری ڕێـژیم لە شـارە جیاجیاکانی ئێران دەردەخـا کە ئامانجی خۆپیشـاندانەکان تەنیـا هـاوار بـۆ نـان نییە. ئەوان بەدوای گەیشتن بە ئـازادی و سەربەسـتیدا دەڕۆن. خەڵکـی ئێـران دوای ئەزمـوونێکی تـاڵ و درێژمـاوە و ژیـان لە ژێـر دەسـەڵاتی کەسـانێک کە هەمـوو ئامانجەکـانی خەڵکیـان لە شـۆڕش لەدژی دەسـەڵاتی پاشـایەتی بەبـا دا، ئێسـتا بیـر لە گـۆڕانێکی دیـکە دەکەنەوە و هەر ئەوەشە کە بێترس لە گرتن و کوشتنیان لەسەر شەقام هەوڵی گۆڕینی دەسەڵاتی ڕێژیمێک دەدەن کە نە تەنیـا نـان بەڵکوو هەمـوو کەرامەتـی ئینسـانیی ئەوانـی لە نێـو بـردوە. هەربۆیەشە کە سـەران و بڵێنـدگۆ بەدەستەکانی ڕێـژیم دەیـانەوێ ئەم خۆپیشـاندانانە لە چوارچێوەی نـاڕەزایەتی خەڵـک لە دەوڵەت و هـاوار بـۆ گرانـی بەرتەسک بکەنەوە. لەولاشەوە بەردەوام دەیانەوێ ئەوە بخەنە زەینی خەڵکەوە کە ئەم ناڕەزایەتییانی ئاکامێکی نابێ و دەبێ چاوەڕوان بن هەتـا دەوڵەت بیرێک لە چارەسەری کێشەکان بکاتەوە! و بەمجۆرە خەڵک تووشی بێهیوایی بکەن.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە وەک خەڵکـی ئێـران بەباشی تێگەیشتوون، چارەسـەری ئەم کێشـانە لە هیـچ شـوێنێکی ئێـران و لە چوارچێـوەی دەسـەڵاتی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسلامیدا ئێمکـانی نییە. ڕێژیمێـک کە زیـاتر لە چـوار دەیەیە لە پێنـاو بەرنـامە سیاسییەکانی خۆیدا، خەڵکی تەنیا وەک ئامراز بەکار هێناوە بەبێ ئەوەی بەرامبەر بە هیچ بابەتێک بە وەڵامدەر زانیبـێ، ڕێژیمێـک کە بەبـێ گرینگیـدان بە ژیـانی خەڵکـی وڵاتەکەی، هەمـوو سـەرمایەی ئەو خەڵـکەی لە پێنـاو سیاسـەت و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار هێناوە و خزمەتکردن بەو حکوومەت و گرووپانەی لە وڵاتانی دیکە کە تەئیدی سیاسەتەکانی


دەکەن بە ئەرکی خۆی زانیـوە، دەسـەڵاتێک کە هـیچ پردێکـی پێوەنـدی لە نێـوان ئەوان و خەڵکدا نەمـاوە، نـاتوانێ هـیچ ڕێکارێـک بگـرێتە پـێش بـۆ چارەسـەری ئەم کێشـانە. لە خـۆڕا نییە کە تەنیـا شـتێک کە بیـری لـێ دەکەنەوە ئامادەباشی بە فەرماندەکانی سپا و هێـزە ئەمنییەتییەکانیـان دەدەن بـۆ سـەرکوتی هەر چەشـنە نـاڕەزایەتییەک و گـرتن و کوشـتنی خەڵکـی سەرشەقام سڵ ناکەنەوە. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئەم هێزی سەرکوتەش تـا سـەر نـاتوانێ لە بەرامبەر خرۆشـی کۆتـایی خەڵک خۆی ڕابگرێ. ئەوان ڕەنگبێ بـۆ مـاوەیەکی دیکەش بە سەرکوتی ئەم خۆپێشـاندانانە دڵخـۆش بکەن، بەڵام هەرگیـز ناتوانن هەتـا کۆتـایی ئەم خەڵکە بێدەنگ بکەن.

ئێستا سەرەڕای قەیـرانە نێـودەوڵەتی و نـاوچەییەکـان، قەیـرانە نێوخۆییەکـان لە ئێـران هەتـا دێ لەسـەر ڕیـژیم بـارگرانی دەکەن. قەیرانگەلێک کە لە باوەڕی خەڵکدا تەنیا بە گۆڕینی ڕێژیمی کۆمـاری ئیسـلامی کۆتـاییـان پـێ دێ. ئەوەی ئێسـتا لە ئێران دەیبینین قەیرانێکی قووڵی سیاسییە کە یەخەی ڕێبەرانی هەرەسەری ڕێژیمی کردووەتە ئامـانج. هەربـۆیە خەڵـک بە دروشـمی مەرگ بـۆ دیکتـاتۆر دەرژێنێـتە سـەر شـەقام. ئەمەش ئەو ڕاسـتییە دەردەخـا کە خەڵـک لێبڕاوانەتـر لە جـاران هاتوونەتە مەیـدانی ڕووبەڕووبـوونەوە لە بەرامبەر دەسەڵاتداراندا. ئەوەی ئێسـتا گرینگە بەردەوامیـی خەڵـک و پشـتیوانیی هەمەلایەنە لەم سـەرهەڵدانەیە کە ئەرکـی قورسـیش دەخـاتە بەردەم ئۆپۆزیسـیۆنی دژبەری کۆمـاری ئیسـلامی و چالاکـانی نێوخۆ. بەمەش دەکرێ هیوا و هومێدێکی زیاتر بدرێ بە خەڵک بـۆ پشـتیوانی کـردن لە هەر نـاڕەزایەتییەک لە ناوچەکـانی دیکەی ئێران و بەربڵاوبوونی زیـاتری نـاڕەزایەتییەکان. دەبێ ئەوەش بزانین کە داهاتووی ئێران لە چنگی کۆمـاری ئیسـلامیدا نییە بەڵکوو لە گرەوی یەکگرتوویی خەڵکدایە بۆ هەنگاونان بەرەو دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٢٢


سەرچاوە
Serchawe

## ئێران لە گێژاوی قەیرانەکاندا



لە کۆی وڵاتانی جیهاندا کە زۆریان بەهۆی شەڕ، بێداهاتی، کێشەی ئابووری و هۆکاری دیکەش تووشی قەیران هاتوون، هیچ وڵاتێک وەک ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی قەیراناوی نەبووە. قەیرانگەلێک لەم وڵاتەدا کە نەتەنیا ڕێگە چارەیان بۆ نەبیندراوەتەوە، بەڵکوو ساڵ لە دوای ساڵ لێی زیاد بووە و پەرەیان گرتوە و لەسەر یەکتر کەڵەکە بوون. لە قەیرانی شەڕ هەتا قەیرانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، دیپلۆماسی، تەناهی و سیاسی و ئێستاش مەترسیی دووبارەبوونەوەی شەڕێکی ماڵوێرانکەری دیکە لە سەر ئێران، ئەگەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژایەتیی ڕۆژاوا و وڵاتانی ناوچە هەروا درێژەی هەبێ.

لە دەرەوەی ئێران بەهۆی پەیمانی ئابراهام، هومێدبەستنی چل ساڵەی ستراتێژیستەکانی ڕێژیم بۆ سازکردنی شەڕێکی ناوچەیی لە دژی ئیسرائیل لەلایەن وڵاتانی عەرەبی و بە ناوی پارێزگاری لە قودس شکستی هێناوە. بەپێچەوانەوە ئێستا ئەوە ئێسرائیلە کە دوای ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ چەند وڵاتی عەرەبی بە تایبەت لە دەوری کەنداوی فارس، داوا دەکا و هەوڵ دەدا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی کەنداو بە ڕێبەریی ئەمریکا لەدژی کۆماری ئیسلامی هاوپەیمانیەتیی بەرگری ساز بکا. هاوپەیمانییەک کە دوای ڕێکخستنەوەی پێوەندییەکانی ئێسرائیل لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و قسەکانی بەرپرسانی فەرمییان، ئەگەر شەڕیشی بەدوادا نەیەت بەربەستێکی گەورە دەبێ لەبەردەم پاوانخوازییەکانی ڕێژیمی ئێران و دەبێتە هۆی گوشارێکی سیاسی و نیزامیی توند بۆ سەریان. ئەم بابەتە کاتێک گرینگیی زیاتری دەردەکەوێ کە هەواڵی سەردانی سەرۆکی ئەمریکا، دوای دوو ساڵ ساردی لە پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی بۆ ئەو

وڵاتە بڵاو دەبێتەوە. هەرچەند باسکردن لە بابەتی وزە وەک هۆکاری ئاشکرای ئەم سەردانە ڕاگەیەێندراوە، بەڵام بە هۆی دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر عەرەبستان لە ڕێگەی حووسییەکانی یەمەنەوە لە چەند ساڵی ڕابردوودا و، ڕاوەستانی وتووێژەکانی بەرجام، باس لەسەر ئێران و پاراستنی ئەمنییەتی ناوچە بەرامبەر ئێران لە سەروو باسەکانەوە دەبێ. بە تایبەت ئێستا کە ئەمریکا بەرامبەر هاوپەیمانیی جیهانیی نافەرمیی چین و ڕووسییە زیاتر لە جاران پێویستی بە دۆستە ستراتیژییە کۆنەکانی لەو ناوچەدا هەیە. ئەمەش بێگومان بە قازانجی ئێران نابێ.

ئەگەر هەر لەم ناوچەیەدا بڕوانینە وەزعی ئێران، دوا هەڵوێستی وەزیری دەرەوەی عێراق لەسەر جۆری ڕوانینیان بۆ پێوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە دەڵێ، "تاران بە زمانێکی نوێ گوێی لە قسەکانی بەغدا دەبێ... ئێمە بە ئێرانییەکانمان گوتووە کە پێویستیمان بە هاوکاری هاوبەش هەیە بەڵام بە دەستێوەردانی ئێوە نا.... پێوەندی ئێمە لەگەڵ ئێران لە قۆناغی بێدەنگی گۆڕاوە بۆ دەربڕینی ڕاشکاوانە"، دەری دەخا کە ڕێژیمی ئێران چیدیکە ناتوانێ وەک جاران بڕوانێتە عێراق و نیشانەی هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی پێگەیەکی نوێ بۆ عێراق لە ناوچەدا. ئەوان بەمجۆرە بەڕاشکاوی بە گوێی ئێرانیان داداوە کە لەوە زیاتر نایەڵن وڵاتەکەیان بکرێتە مەیدانی کێبەرکێ ناوچەییەکانی ڕێژیمی ئێران. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە لە شارە عەرەبییەکانی عێراق لەدژی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی نارەزایەتیی زۆر لەلایەن خەڵکی ئەو شارانەوە درێژەی هەبووە و لە وەزعی ناڕوونی ئێستای عێراقدا، سەیر نییە خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ڕابردوو لەو وڵاتەدا دەست پێ بکەنەوە و دژایەتیی کۆماری ئیسلامی ببێتەوە قسەی شەقامی عێراقی.

جگە لەوانەش شەڕی ڕووسیە لە دژی ئۆکراین کە ڕێبەرانی ڕێژیم دڵیان بە سەرکەوتنی کتوپڕی ڕووسیە خۆش کردبوو و پێیانوابوو سەرکەتنی ڕووسیە لە کێبەرکێ نێودەوڵەتییەکاندا پێگەی ئەوان بەهێز دەکا، پێناچی بەم زووانە کۆتایی پێ بێ. شەڕێک کە یەکەم کاریگەریی لەسەر ئێران کاڵبوونەوەی ئێعتباری دیپلۆماسی و کەمبوونەوەی بازاری هەرزانفرۆشکردنی نەوتەکەیان بوو. نەوتێک کە بە هۆی تەحریمەکانەوە بە دزی دەیانفرۆشت و جگە لە تەحریمە بەردەوامەکانی ئەمریکا، ئێستا بە هۆی مامەڵەی نەوتیی ڕووسیە و چین ئەو بازاڕەشیان ڕوو لە کزییە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بەڕوونی دیارە کە ڕووسیە هەرگیز وەک هاوپەیمانێک چاوی لە ڕێژیمی ئێران نەکردوە و تەنیا لەو شوێنانەی پێویستی بە هێزەکانی ئێران هەبووە -وەک سووریە- کەلکی لەوان وەرگرتوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش بە دوورکەوتنەوەی ئاسۆی ڕێککەوتنی بەرجام لە نێوان ئێران و ڕۆژاوادا، بە تایبەت کە ئەمریکا بەهۆی شەڕی ئۆکراین بە دوای هاودەنگییەکی جیهانیدا دەڕوا، لەگەڵ ئەگەری وەستانی وتووێژەکان فشارێکی زۆرتر دەخاتە

سەر ڕێژیمی ئێران. هەرچەند دیار نییە کە کۆماری ئیسلامی کەی و چۆن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن پاشەکشە دەکا و ڕێی خۆبەدەستەوەدان دەگرێتە بەر، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی بەتایبەت بە دوای شەڕی ئۆکراین هاتووەتە پێش و بووەتە هۆی دروستبوونی یەکدەنگییەک لەنێو وڵاتانی ڕۆژاوادا، پێناچێ ڕێخۆشکەر بن بۆ ئەوەی ڕێژیمی ئێران دەسکەوتێکی گرینگ و درێژماوەی لەم مامەڵەدا ئەگەر بیەوێ بیکا، هەبێ.

لەم وەزعەدا لە ئێران ناڕەزایەتییەکان ڕوو لە پەرەسەندنن. کەم ڕۆژ هەیە کە لە شارە جیاجیاکانی ئێران دەنگی مافخوازانەی خەڵک بەرز نەبێتەوە. هەرچەند گرانی، هەڵاوسان و کەمداهاتیی خەڵک و هێندێک کێشەی دیکە سەرچاوەی ئەم خۆپیشاندانەن، بەڵام دروشمەکانی ئەو خەڵکە لەدژی بنەماکانی کۆماری ئیسلامی تا ئاستی ڕێبەری نیزام دەری دەخا کە خەڵک بەگشتی نەفرەت لە بوونی سیستمی دەسەڵاتداریی لە وڵاتەکەیان دەکەن و خوازیاری گۆڕانێکی بنەڕەتی و دێموکراتیکن. ئەوەی دیارە خەڵک دەیانەوێ بە شێوازی مەدەنی و وەڕێخستنی ڕێپێوان و مانگرتن لە شوێنە گشتییەکاندا داواکارییەکانی خۆیان بە گوێی بەرپرسانی دەسەڵاتداری ڕێژیم بگەیەنن. داواکارییەک کە تا ئێستا گوێی بۆ شل ناکرێ و وەک هەمیشە ڕێژیم دەیەوێ بە بەکارهێنانی زۆر و کەلکوەرگرتن لە هێزە سەربازی و ئەمنییەتییەکان پێش بە درێژەی ئەم ناڕەزایەتییانە بگرێ. هەتا ئێستاش لێدان و گرتن و زیندانیکردن تەنیا وڵامدانەوەیەک بووە بە داواکاری خۆپیشاندەران و پێناچێ لە وەزعی شپرزی ڕێژیمدا، دەسەڵاتداران جگە لە سەرکوت ڕێگەیەکی دیکە لەبەر دەم خۆیاندا ببینن. چالاکانی ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران و مامۆستایانی قوتابخانەکان کە زۆرترین حەشیمەتی کاری ئێرانن ڕۆژانە دەکەونە بەر پەلامار و ڕەوانەی زیندان دەکرێن کە ئەمە بووەتە هۆی ناڕەزایەتیی ئاشکرای کارناسانی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

هەربۆیە خەڵک بە هومێدەوە دەڕواننە داهاتوو و دەبێ ئەو باوەڕەیان هەبێ دەربازبوونی ڕێژیم لەو هەموو قەیرانە کارێکی ئەستەمە و هەوڵدان بۆ دەربازبوونی ئەوانیش لە چنگ ڕێژیمی دژە مرۆیی کۆماری ئیسلامی تەنیا ڕێگەی ڕزگاری و ئازاد ژیانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢٢

# لاوازیی کۆماری ئیسلامی بۆ ئێمە هەر هیوا و چاوەڕوانی نەبووە، بەڵکوو خەباتمان لەپێناویدا کردوە



**پوختەیەک لە قسەکانی کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێوڕەسمی کۆتایی دەورەی ٢٤٧ی فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگەدا**

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

مانگێک لەمەبەر فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، یادی چل ساڵەی خۆی کردەوە. ئەو یادکردنەوەیە دوو شتی جوانی نیشانی ئێمە دا. یەکەم، ئاودانیی سەنگەری پێشمەرگە، دوویەم بەردەوامیی خەبات لەلایەن پێشمەرگەکانی کوردستان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە. بەڵام لەلایەکی ترەوە ئیرادەی پۆڵایینی نەتەوەیەکی نیشان داین کە لە ماوەی ٤٠ ساڵدا، نەیانهێشت ئەو سەنگەرە لە ئاودانی بکەوێ. سەنگەرێک کە نیشانەی بوونی ئازایەتیی ئیرادەی گەلێکە بۆ خۆڕاگری لە بەرامبەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە هەموو توانایەوە لە ماوەی ئەم چل و چەند ساڵەدا، هەوڵی تواندنەوەی میللەتەکەمان، هەوڵی لەنێوبردنی خەبات و موقاومەتەکەمان و هەوڵە لەبەینبردنی هیوا و ئاوات و ئایندەمانی داوە. ئەو سیاسەتانە بەهەموو شێوازێک بەرامبەر بە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاقی کراوەتەوە، چونکە کۆماری ئیسلامی پێشمەرگە بە نوێنگەی خۆڕاگریی ڕاستەقینەی میللەتێک دەناسی. هەر سەنگەرێکی ئاوەدانی پێشمەرگە لە هەر شوێنێک بێ هەدەفێکە بۆ کۆماری ئیسلامی. ئەگەر زۆرجار دەبیستین لەسەر سنوور

هێزێکی زۆروزەوەندی کۆماری ئیسلامی کۆدەبێتەوە و پڕوپاگەندەی هێرش کردن بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە دەکرێ، ڕەنگە تەینا بەشێکی بچووکی تەبلیغات بێ، بەڵام بەشی گەورەی و واقعییەت ئەوەیە کە دوژمن هەمیشە ترسی هەیە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک پێشمەرگە لە دەوری یەکتر، لە ئاوەدانی بوونی سەنگەری پێشمەرگایەتی.

سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئەگەر لەنێوخۆ بەدژی میللەتەکەمان بە گرتن و ڕاودوونان و ئەشکەنجە و ئێعدامی ڕۆڵە سەربەرزەکانی میللەتەکەمان لە نێوخۆی وڵات، لە پاڵ ئەم سیاسەتانە درێژی هەیە بەشێکی پێوەندیی بە بوونی ئێوە و بە گرینگیی ئێوەوە هەیە. دوژمن دەزانی بوونی ئێوە لێرە بوونی میللەتێکە لە نێوخۆی وڵات. ئەگەر لەوێ گوشاریان دەخاتە سەر هەر بۆ ڕووخاندنی وەرەی ئەوان و تۆقاندنی لاوەکانە، کە ڕوو لەو سەنگەرە ئاوەدانە نەکەنەوە. بەڵام بوونی ئێوە بە هەمووان دەڵێ و بە کۆماری ئیسلامیش دەڵێ، کە هیچ سیاسەتێک پێش بەوە ناگرێ ڕۆڵەکانی کورد، چۆک دادەن و ڕوو لە سەنگەری پێشمەرگایەتی نەکەن. هیچ سیاسەتێک ناتوانێ کاریگەریی لەسەر ئەوە هەبێ کە پێشمەرگە لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا بکاتەوە.

**بەڕێزان!**

کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا گەیوەتە قۆناغێک کە ئەگەر لە دەیەکانی شەستدا بە گەورەکردنەوەی هێرش بۆ سەر کوردستان و نیشاندانی ئەوەی لە کوردستان دژی شۆڕش هەیە دەیەویست خۆڵ لە چاوی خەڵکی ئێران بکا؛ ئێستا خەڵکی ئێران لە هەموو ناوچەکانی ئێرانن کە بە چاوێکی کراوەوە دەڕواننە کۆماری ئیسلامی. سیاسەتێک کە نەتەنیا نەیتوانی بە دروستکردن و پەرەپێدانی شەڕ و سەرکوت، خەڵکی پێ فریو بدا بەڵکوو ئێستا بۆتە هۆکارێک لە واقیع و کارێک بۆ ڕۆشنگەری بۆ ئاشناکردنی خەڵک، لەسەر هەموو ئەو کێشانە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕابردوودا بۆ خەڵکی ئێرانی دروست کردوە. ئێستا ئیتر کۆماری ئیسلامییە کە ئەگەر جاران چاوەڕوانی ئەوە بوو بەجۆرێک ئەو ملۆزمانە کە بە قەوڵی خۆی لە دەوری خۆی بوون لە کۆڵ خۆی کاتەوە، ئێستا ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە دەبێ چاوەڕوان بێ لە کۆڵ تەواوەتیی خەڵکی ئێران بکرێتەوە. ئێستا ئەو خەڵکە و گەڕانەوەی ئەو شەپۆلانەن کە لە چل و سێ ساڵی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی بۆ بەگەژ یەکترداکردنی خەڵک و نەیارانیدا دروستی دەکرد، گەڕانەوەی ئەو شەپۆلانەیە بە ڕووی خۆیدا و بێگومان ئەمە چارەنووسی کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا ڕوون دەکاتەوە.

ڕێژیمێک کە نەتوانێ بایەخ بە کەمترین داخوازییەکانی خەڵکی ئێران دابنێ، ئێستا وەکوو دەیەکانی ڕابردوو ناتوانێ بە هاندانی خەڵک لەدژی یەکتر و بە هاندانی خەڵک لە دژی پێشمەرگە ئامانجەکانی خۆی بپێکێ. بێگومان ئەمانە ئەو

سیاسەتانە بوون کە چاوەڕوانی بە کۆتا گەیشتن و بە شکست گەیشتنیان دەکرا. ئێستا کۆماری ئیسلامی لە کۆتایی ساڵەکانی تەمەنیدا دەبێ چاوەڕوانی ئەو شکستە بێ کە خەڵکی ئێران بە بەگژداچوون بە سەریدا دەیسەپێنن. ئەمە بۆ ئێمە تەنیا چاوەڕوانی نەبووە، بەڵکوو خەبات و تێکۆشان و ماندووبوون بووە. حیزبی دێموکرات و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تەنیا لە ئومێد و چاوەڕوانیدا نەژیاوین، بەڵکوو بە خەبات و تێکۆشان، هەوڵمان داوە نیزیک بین لەو ڕۆژە کە بتوانین بە ئاواتەکانمان بگەین. بە ئاوات گەیشتنی ئێمە بێگومان کۆتایی هێنان بە تەمەنی کۆماری ئیسلامی و سەربەستی و سەربەرزی کوردستانە و بە دڵنیاییەوە ئەو ڕۆژە دەبینین.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەو سەنگەرە ئاوەدانە بتوانێ پاڵپشتێکی بەهێز بێ بۆ خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان و لە دژی کۆمارتی ئیسلامی و هەر دەسەڵاتێک لە ئێران کە بیەوێ مافەکانی خەڵکی کوردستان زەوت بکا و حاشیایان لێ بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جووڵای ٢٠٢٢

---

## کەماڵ کەریمی: ناتوانین هاوکاریی کەس و لایەنێک بکەین کە هیچ شتێکی بۆ کورد پێ نییە



**کەماڵ کەریمی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ "کوردکاناڵ" ڕایگەیاند: ناکرێ هاوکاریی ڕەوتێک بکەی بە بە نەتەوە و خاوەن شوناسی خۆتت نەناسێت.**

**کوردکاناڵ**

**بەڕێزیان لەبارەی پرسی هاوپەیمانیی سیاسی بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و بنیاتنانی ئێرانی داهاتوو، و بە ئاماژە بە وتووێژەکەی کاک مستەفا هیجری لە بی‌بی‌سی کە دەنگدانەوەی زۆری لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا هەبوو، گوتی؛** ئەوەی بەڕێز کاک مستەفا هیجری خستیەڕوو، ڕوانگەیەکی زۆر دروستە هەم لەنێو حیزبی دێموکرات و هەم لەنێو کورد لە ئێران. کورد نالێم لە دەورانی ڕەزاشا، بەڵام لە سەردەمی حەمەڕەزا شادا ٣٣ ساڵ خەباتی کرد بۆ ئەوەی لە سیستمی پاشایەتی تێپەڕێ. بۆ ئەمە خەڵکی کوردستان بە سەدان شەهیدیان دا، دەیان کەس ئێعدام کران و بە هەزاران کەس خرانە زیندانەوە. ئەو ستەمەی لەو ماوەیەدا لە کوردستان کرا، لە واقیعدا بۆ هێشتنەوەی لە بەشمەینەتیدا ٣٣ ساڵی خایاند. خەڵکی کورد ئەوکات بەشێک بوو لەو شۆڕشە گەورەیەی لەدژی ڕێژیمی شا کرا و ئەوەیکە ئێمە دەڵێین ناتوانین هاوکاریی لایەنێک بکەین شتێکی ئاساییە. تۆ دەتوانی لەگەڵ کەسێک هاوکاری بکەی کە یەک دەرسەد وەکوو مرۆڤ تۆی قەبووڵ بێت.

ئەو شۆڕشە گەورەکەی ساڵی ٥٧ بە "ئینقلابی مەنحوس" ناو دەبات، لە حاڵێکدا ئەو شۆڕشە بۆ ئەوە کرا خەڵک ئازادییان دەست کەوێ. ئێستا خومەینی و خامنەیی و ڕەفسەنجانی و نازانم کێ‌وکێ هاتن و دەستیان بە دامەزرانی سیستمێکی‌تر کرد کە ڕێک لە کار و پرۆژەکانی شای ڕووخاو بەردەوام بن. واتە ئەوە نییە ئینقلابەکە خراپ بووبێ و ئەو بە مەنحووس ناوی ببات. ئەو هەتا ئێستاش دەڵێ ئەمن نازانم زمانی دایک یانی چی، یان پرسی دوو زمانە لە وڵاتدا یانی چی، لە حاڵێکدا بۆخۆی ئەگەر نەڵێم بە منداڵی لە کوێ‌وە بۆ کوێ‌یان ناردووە، بەڵام ئێستا لانی‌کەم زیاتر لە چل ساڵە لە دنیای دەرەوەدا دەژی و ئەگەر کەسێک چل ساڵ لە دنیای پێشکەوتووی ڕۆژئاواییدا ژیابێ و ئێستاش نەزانێ فەرهەنگی دوو زمانە لە وڵاتێکدا یانی چی، یان کوردی زمانێکە و لە وڵاتانی وەکوو دانمارک ،سوئێد و نۆرویژ و لە زۆر وڵاتانی دیکەدا کلاسی تایبەت بۆ کوردەکان بۆ فێربوونی زمانی دایکییان دادەنێن، کەسێک کە سەرەتا داکۆکی و پشتیوانیی لە سپای پاسداران دەکرد و پاش ئەوەی هەموو خەڵکی ئێران بەگشتی لەنێو خۆ و لە دەرەوە داوایان کرد سپای پاسداران بە تێرۆریست بناسن لە هەڵوێستەکەی پاشگەز بۆوە، یان کاتێک کە دەڵێ بەشێک لە سپای پاسداران دەبێ بمێننەوە چونکی ئەوە ئەوانن دەتوانن نەزمی وڵات بپارێزن و بەسیج بەشێکە لەو خەڵکەی کە دەتوانێ نەزم بپارێزێ، لایەنێکی ئاوا چۆن لەگەڵی دەڕۆی بە ڕێدا؟ یانی کە دەڕۆی لەگەڵی یەک، دوو، سێ هیچ شتێکی نییە کە تۆ دڵخۆش بکا بۆ ئەوەیکە ئەمە ڕوانینێکی باشی هەیە بەنیسبەت داهاتوو، و مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاکامە کە نا، ئەمە هەر دەیهەوێ بە دەستەڵات بگا و جێگای باوکی بگرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەوە ٤٤ ساڵە لە ئێران سیستمی کۆماری هەیە و راستیدا ئەوە تەنزێکی مێژوویی دەبێت کە دوای ٤٤ ساڵان ئێمە دیسان سیستمی پاشایەتی بگەڕێنینەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە ناسیارییەکی تەواوی لە سیستمی پاشایەتی هەیە؛ یانی ئەوە کە بەڕێزیان شتێکی نەهێشتۆتەوە کە ئەتۆ بڵێی هاوکاریی دەکەم.


**ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لەو وتووێژەیدا لەهەمبەر هەڵوێست و جووڵە سیاسییەکانی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕایگەیاند:** "ئەوەی کاک عەبدوڵڵا لەو پێوەندییەدا دەیکات ئەمن پێم وایە بێ‌نەتیجەیە. ئەو دەڵێ دەڵێ ئێمە لەپێناو پێکهێنانی "کثرتگرایی"دا باسەکانمان دەبەینە پێشێ، بەڵام ئەو هەر ئەو فرەییە لەگەڵ هەمووکەس بە بڕوای من دروست نییە. ئەتۆ ئەگەر بیر لەوە بکەیەوە کە کۆمەڵگەیەکی موتەکەسرت هەیە و بیر لەوە بکەیتەوە کە دەبێ دەستەڵاتێکی موتەکەسریش پێک بێنی، دەبێ بیر لەوەش بکەیتەوە کێ لەو دەستەڵاتە دابێت و بە چ ڕوانگەیەک ئەو بێتە نێو ئەو دەستەڵاتەوە... بۆیە پێم‌وایە ئەگەر مەبەستەکە ئەوە بێت کە ئێمە بتوانین لەگەڵ کوڕی شا بە قەناعەت بگەین بۆ ئەوەی بگەینە داهاتوویەک کە داخوا خەڵک ڕەئی بەو دەدەن یا نایدەن، بە بڕوای من لانی‌کەم حیزبی دێموکرات ناتوانێ لەگەڵ ئەو ڕەوتە بڕواتە پێشەوە.

**کاک کەماڵ کەریمی بە ئاماژە بە وتووێژەکەی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لەگەڵ "بی‌بی‌سی" گوتی؛ مەسەلە**

ئەوە نییە کە ئێمە قسە لەگەڵ کەس ناکەین، باسەکە ئەوەیە ئێمە ناتوانین لەگەڵ کەس و لایەنێک هاوکاری بکەین کە هیچ شتێکی بۆ خەڵکی ئێران و هیچ شتێکی بۆ کورد بەتایبەتی پێ نییە. واتە ئەو لایەنانەی نە وەکوو نەتەوە دەتناسن، نە وەکوو عەقەلییەت و تەنانەت وەکوو قەومیش ناتناسن؛ تۆ ناتوانی لەگەڵیان بیت. بگرە کۆماری ئیسلامی دەڵێ کە ئەتۆ قەومێکی، بەڵام ئەو هەر دەڵێ یەک ئێران، یەک میللەت و یەک زمان و ئەمە بناخەی فکری ئەوە بۆ دەستەڵاتدارەتی؛ یانی هەمان سیستەم کە ڕەزاشا لەساڵی ١٣٠٤دا دایمەزراند. دەی سروشتییە کە ئەتۆ ناتوانی لەگەڵ وەها ڕەوتێک هاوکاری بکەی. بۆ ئەوەی تۆ هاوکاریی بکەی، دەبێ ئەوە بەشێک لە خواستەکانی تۆی پێ دروست بێ و دانی پێدا بنێت. بەڵام کاتێک ئەو هیچ شتێکی تۆی قبووڵ نییە، زۆر تەبیعییە کە کاک مستەفا بە دروستی سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ڕاگەیاند کە بڵێ ئێمە ناتوانین هاوکاریی بکەین.

١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

## کەماڵ کەریمی: کۆمەڵگەی ئێران گەیشتووەتە خاڵێکی وەرچەرخان لە ناڕەزایەتی و ڕاپەڕیندا




**دیمانە: بێهزاد قادری**

**ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەدژی تەواوەتیی ڕێژیم لە سێهەمین حەوتووی خۆیدایە. ئەم ڕاپەڕینە هەتا دێ پتر لەنیو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا پەل داوێ و هەنگاوەکانی بەرەوپێش دەبرێ. خامنەیی پاش هەموو ئەو ڕۆژانە لە کۆبوونەوەیەک لەنێو هێزە سەربازییەکانیدا ئەو ڕووداوانەی بە کەم‌بایەخ دانا و بڕیاری خڕکردنەوە و سەرکوتکردنی دا. لە پێوەندی لەگەڵ دواگۆڕانکارییە سیاسییەکانی وڵاتدا و تاوتوێی دوورەدیمەنی ناڕەزایەتییەکان "کوردستان" دیمانەیەکی لەگەڵ کەماڵ کەریمی، ئەندامی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک‌هێناوە:**

**بێهزاد قادری: خامنەیی لە بارودۆخی ڕاپەڕین و هەستیاری ئێستادا لە زانکۆی ئەفسەری دەرکەوت و قسەی کرد. ئەم بابەتە چۆن لێک دەدەنەوە؟ بۆ چی لە زانکۆی ئەفسەری؟**

**کەماڵ کەریمی: ڕاستییەکەی نزیکەی سێ حەفتەیە کە ئەم خۆپیشاندانانە، بە بەردەوامی لە ئێران بەڕێوە دەچن، هەر**

ئەوەی کە لەو ماوەیەدا خامنەیی لە هیچ شوێنێک دەرنەکەوت بۆ خۆی زۆر جێگای پرسیار و گومان بوو، ئایا ترس و نیگەرانی بوو لەوەی کە دەرکەوێت، یا نەیدەزانی چی بڵێ، یا بەرفراوانیی خۆپێشاندانەکان ئەوەندە زۆرە کە جێگەی قسەی بۆ خامنەیی نەهێشتبۆوە، یا شتی دیکە. بەڕاستی زۆر زۆر گرینگ بوو، ئەمەش کە دوێنێ دەرکەوت و ئەوەش دیسان زۆری گومان لەسەرە، لە ڕاستیدا هەست کرا کە تەواو دەرکەوتنێکی نمایشی بوو، چون ئەگەر گوێ لە قسەکانی خامنەیی دەگری، هیچ بابەتێکی تایبەتی نییە و جیا لە هەڕەشە و دەسخۆشی لە هێزە ئینتیزامییەکان و جیا لە پشتگیری لەو کوشتارانەی کە دەکرێ و بە قەولێک هاندانی هێزەکانی ئینتیزامی و سپا بۆ ئەوەی کە بەرەوڕووی خۆپێشاندەران ببنەوە، لە ڕاستیدا دەرکەوتنی لەو شوێنە ڕەنگە زۆرتر شتێکی نمادین بێ، بەڵام زۆرتر ئەوە دەردەخات کە خامنەیی بۆ خۆی لەو مەوقعیەتەدا نییە کە ئێستا لە شوێنێکی بەرفراوانتر یا شوێنێکی گەورەتر یا لە شوێنێکی ڕەسمیتر دەرکەوێت. ئایا خامنەیی ئێستا لە چ شەرایتێکدایە کە ناوێرێ بچێتە شوێنی وا زۆر پرسیاری لەسەرە، بەڵام دیسانیش هەر ئەم دەرکەوتنەی نیشانی دا کە خامنەیی لەڕاستیدا بەو توانایی و بەو گوڕوتینانەی کە پێشتر لە ساڵەکانی ڕابردوودا دەهات لەسەر خۆپێشاندانەکان قسەی دەکرد، دیسانیش ئەو تواناییەی لێ نەبینرا و ئەو گوڕوتینەی کە هەیبوو لە بەرخورد کردن و لە جۆری قسەکانی جۆرێک لە نیگەرانیی یەکجار زۆری پێوە دیار بوو و دەرکەوت کە ئێستا خامنەیی لە مەوقعییەتێکدا نییە کە جیا لە هاندان بۆ سەرکوت هیچ ڕێنماییەکی هەبێت بۆ هیچ لایەنێک.

**بێهزاد قادری**: خامنەیی ئەمجاریش ناڕازییانی ئێران و کوردستانی بە ئاژاوەچی و خائین و پیلانگێڕیی وڵاتانی دوژمن و دەستی دەرەکی ناو برد. بۆچی خامنەیی هەمیشە بەم شێوەیە خەڵکی ناڕازی پێناسە دەکا؟ کەی قەرارە دەنگی ئەوان ببیستێ؟ پێوەندیی ڕاپەڕینی خەڵک و دروشمەکانی ڕاپەڕین و ویستەکانی خەڵک لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل چییە کە خامنەیی پێکەوەیان دەبەستێتەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەگەر تەواوی قسەکانی ساڵەکانی ڕابردووی خامنەیی لەگەڵ ئەوجارەی بە بەری یەک بگرین، دەبینین کە کۆمەڵێک سەردێڕن کە بەردەوام دووپاتەیان دەکاتەوە، واتە حەشیمەتی چەندین میلیۆنیی ئێران بەستراوە بە دەرەوەن، هەر خۆپێشاندانێک لە ئێران بە هاندانی ئامریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی بەڕواڵەت دوژمنی ئێرانن، ئەوەی کە خۆپێشاندان دەکا بەشێکی بەکرێگیراوی بێگانەن و لە دەرەوە هان دەدرێن و بەشێکیشی هەڵفریوان و نازانن، یانی هیچ گۆڕانێک لەم سەردێڕانەدا بەدی ناکەی، لە ساڵی ٩٦، لە ساڵی ٩٧، لە ساڵی ٩٨، لە ١٤٠٠ ، لە ساڵی ١٤٠١ ئەگەر سەرنج دەدەیتە سەر قسەکانی لە واقیعدا ئەمە مانشێتی قسەکانیەتی، هەموو یەک شتە کە ناگۆڕدرێ، هۆکارەکەشی دیارە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە ڕاستیدا ناتوانن بەرخوردی فکری بە خۆیان بکەن کە هۆکارە ڕاستەقینەکەی ئەم خۆپێشاندانانە دەردەخا، کە سەرچاوەی ئەم خۆپێشاندانە نە دنیای دەرەوە بەڵکوو خودی جمهووریی ئیسلامییە، خودی نیزامە کە بە

دروستکردنی ئەو هەموو موشکیلاتە کە لە ئێراندا بەهۆی ئەوانەوە دێتە پێشەوە ئەو خەڵکە دێنە خیابانەوە، بۆ ئەوەی کە خۆی دوور بخاتەوە، هەمیشە لە هەندێ کێشە و گیر و گرفتەکانی خەڵکی ئێران بەگشتی، کە خودی ڕێژیم سەرچاوەی دروسکردنیەتی بە ناچار پەنا دەباتە بەر ئەم سەردێڕانە کە ئەوە دەزگای CIA ی ئامریکایە، ئەوە سەهیۆنیستەکانن، تەنانەت دوێنیش باسی عەرەبستانی سعوودیی کرد. قەتیش نایە بەرخورد بەوە بکا کۆمەڵگەیەک کە بە دەیان میلیۆن جیرەخۆر و بەکرێگیراوی بێگانەی لێ بێ، دیارە کە کۆمەڵگەیەکە کە لەگەڵ ئەوان نەماوە، بەڵام بۆ خۆ دوورخستنەوە لە واقیعی مەسەلەکە و بۆ خۆ دوورخستنەوە لە باس لە سەر ئەسڵی کێشەکان هەمیشە هەوڵ دەدات کە پێی بێگانە بێنێتە نێو مەوزووعەکە، لە واقیعدا ئەمەش جۆرێک دنەدانی ئەو هێزە بونیادگرایانەیە بێ کە لە دەوری خۆیدا ماون، کە ئەویش ئێستا ئیتر زۆریش ئەو جۆر بیرکردنەوە لە دەوری نەماوە، زۆرتر بۆ تەحریکی ئەمانەیە بۆ ئەوەی کە سەرقاڵی مەسائیلی دەرەوەیان بکا، وا بکات کە ئیتر ئەمەیان لە بیر بەرێتەوە کە لە واقیعدا ئەمانیش بەشێکن لەو خەڵکە و موشکیلاتێکیان هەیە کە ئەوانیش خۆیان لەگەڵیان دەرگیرن.

**بێهزاد قادری**: کوردستان و بەلووچستان لە قسەکانی خامنەییدا بۆڵد بوو. لە کاتێکدا ڕاپەڕینەکان هەموو ئێران، تەنانەت قوم و مەشهەدیشی گرتۆتەوە، بۆچی خامنەیی بەتایبەت باسی ئەم دوو ناوچەیە دەکات؟

**کەماڵ کەریمی**: لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی کۆمەڵگەی ئیران لە تەوەهۆمێکدا ڕابگرێ ، ئەویش تەوەهۆمی جودایی‌خوازی و لە نەزەری ئەوانەوە تەجزیەی ئێرانە، کە ئەم دوو شوێنەش بە بەردەوامی و بەتایبەت کوردستان شوێنێک بووە کە بە بەردەوامی قسەیان لەسەر کردوە و بە بەردەوامی خەڵکی ئێرانیان پێ ترساندوە. لەم وەختەدا لەڕاستیدا دەیانەوێ بە زەقکردنەوەی ناوی ئەم دوو شوێنە دیسان ئەو سیاسەتە وەبیر خەڵک بێننەوە کە ئەوە مەترسییەکە لە جێگای خۆیدایە کە ئەوان ساڵانیکە باسی کوردستان و بەلووچستان دەکەن، بەتایبەت کوردستان کە دەڵێن دەیانهەوێ ئێران تەجزیە بکەن، دەیانەوی تەداعیی ئەو فکرە بکەنەوە بۆ خەڵک کە ئەوە دیسان لەم دوو شوێنەیە کە دیسان کێشەکە گەورەتر بووەتەوە، لەحاڵێکدا کە ئەو چەندین جار وڵامەکەی وەرگرتۆتەوە، ئەو میللەتە شەریفەی کە ئەو باسی دەکات، کە دەڵێ میللەتی کورد میللەتێکی شەریفن، هەر لەو دوو سێ حەفتەی ڕابردوودا دوو جار نیشانیان دا بە مانگرتنی گشتی کە ئیتر ئەم میللەتە شەریفە لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی نییە و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران نیشانی داوە کە ئەم میللەتە بیر لە جیابوونەوە و بیر لە دابەشبوونی ئێران ناکاتەوە، بەڵکوو هەماهەنگیی خەڵکی کوردستان و خەڵکی بەلووچستانیش لەگەڵ شارەکانی دیکە لە دروشمەکانیاندا دیارە کە زۆرتر باس لە ئازادی دەکەن. بیرە نەتەوەییەکە لە جێگای خۆی، بەڵام ئێستا هەموو خەڵک بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی خامنەیی لە ڕاستیدا لەسەر ئەوە کۆکن کە لە قۆناغێکدان کە دەبێ بیر لە ئازادی بکەنەوە و دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە نیزامی کۆماری

ئیسلامی لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە.

**کوردستان**: ئەگەر خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ قسەکانی خامنەیی بکەن، پێتان وایە ئەم دەرکەوتنە چی لە دۆخەکە دەگۆڕێ؟

**کەماڵ کەریمی**: بەدوای قسەکانی دوێنێی خامنەیی و بە دوای ئەو هەموو تەحریکە و بەدوای ئەو هەموو جۆرێک ڕوو لە خەڵک کردنەکەی کە خەڵک ئەوە نەکەن، هەر ئەوڕۆ دەرکەوت کە خەڵکی ئێران هیچ گرینگییەکان بە قسەکانی دوێنێی خامنەیی نەداوە، جیاواز لەوەی کە لە زانکۆکان خۆپێشاندان و مانگرتن بەردەوامە، هەر دوێنێ دوای قسەکانی خامنەیی بە دەیان مامۆستای زانکۆ بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە و هێندێک داواکارییان کردووە، هەر ئەمڕۆ دەبینین نەتەنیا لە زانکۆکان، لە زۆر ناوچەکانی ئێران و تەنانەت لە هێندێک لە شارەکانی کوردستان مانگرتن و نەچوونە سەر کلاس کێشاویەتە نێو دەبیرستانەکان، هەر دوای قسەکانی خامنەیی خەبەر بڵاو بۆتەوە کە لە ئیسفەهان بەشێک لە بازاڕی ئیسفەهان داخراوە، لە ڕاستیدا دەردەکەوێ کە ئێستا ئیتر خەڵکی ئێران هیچ گرینگییەک بەوە نادەن کە خامنەیی چی دەڵێ، بەڵکوو ڕێگایەکیان گرتۆتە پێش کە پێیان وایە دەبێ ئەو ڕێگەیە بپێون و بە ئەنجامی بگەیەنن ئەویش لەکۆڵکردنەوەی خامنەیی و نیزامەکەیەتی لە سەر کۆمەڵگەی ئێران.

**بێهزاد قادری**: ئەگەر بێینە سەر دۆخی ئێستای وڵات، هەمیشە باس لەوە دەکرا کە نەبوونی ئالترناتیڤ یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی ڕێژیمە. ئایا ئێستاش دەکرێ ئەو بۆچوونە بەهێز بێت؟ ئایا شەقام لە ئێستادا وێنایەک لەو ئالترناتیڤە نادا بەدەستەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەمە ڕەنگە وڵامێکی دوو لایەنەی هەبێت، بەڵێ ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتووی بەهێز هەبوایە لەم خۆپێشادانەدا و ڕاستەوخۆ بیتوانیایە ڕێبەریی ئەم خۆپێشاندانانە بکات، چونکە خۆپێشاندانێکی ئاوا بەربڵاو پێویستی بەوەیە کە بەرنامەڕێژیی بۆ بکەی و هیدایەتی بکەی و لانیکەم ڕوانگەکانی بەنیسبەت داهاتووەوە بۆ خەڵک ڕوون بێت، ئەمانە هەموو کێشەیەکن کە تا ئێستاش ڕەنگبێ هەبێ. هەرچەند ئۆپۆزیسیۆن ڕۆڵی خۆی هەبووە و لە زۆر ڕێگاوە توانیویە دەنگی خۆی بە خەڵک بگەیێنێ، بەڵام لە لایەکی تریشەوە دەبینین لە ئێران مودیرییەتێک هەیە بۆ خۆپێشاندانەکان، کاتێ ئەبینین لە زانکۆیەکی ئێراندا خۆپێشاندان دەست پێ دەکات، ئەو پەیامە دەگاتە زانکۆکانی دیکە و پشتیوانیی لێ دەکەن، لە واقیعدا حەرەکەتە سێنفییەکان لە ئێراندا ئەمڕۆ لە ئاستی زانکۆکان، لە ئاستی مامۆستایان و فەرهەنگییاندا بەتایبەتی و ئەمە کە بەدڵنیاییەوە دەکێشرێتە ڕیزەکانی تر بۆ خۆی دەتوانێ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕێ و مودیرییەتی ئەم حەرەکەتانە بکا لەم بەشانەدا، هەتا ئەوکاتەی کە دەکرێ یەکگرتوویەک لە نێوان خۆیاندا درووست بکەن و لە واقیعدا ببێتە حەرەکەتێکی هەمەلایەنە و هەماهەنگ لە نێوان بەشە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەدا. بەڵام هەر شۆڕشێک قۆناغگەلێک

دەبڕێ، شۆڕش شەرت نییە ڕاستەوخۆ و لەلایەن ئۆپۆزسیۆنێکەوە بەرنامەی بۆ دابڕێژرێ و هیدایەت بکرێ، شۆڕش قۆناغەکانی خۆی دەبڕێ و لێرەدایە کە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ ڕۆڵی ئەساسیی خۆی بگێڕێ، بەڵام ئێستا و لەم قۆناغەی ئێستای ئێراندا یەکێک لە شتە پێویستەکان ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات لە ڕاستیدا لەگەڵ بەشە چالاکەکانی نێوخۆی وڵات بتوانن هەماهەنگی بکەن و ئەمە یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی کە نەخشی ڕێبەری لەئەستۆ بگرن لە ئەم حەرەکەتانەی ئێراندا، کە بەدڵنیاییەوە من پێم وایە قۆناغی یەکەمی بڕیوە.

**قۆناغی یەکەم** زۆر گرینگە کە کۆمەڵگە بتوانێ لەم حەرەکەتە بەردەوام بێت و بەرەبەرە گەشەی پێ بدات ئەم قۆناغە بڕدراوە. ئێستا ئیتر کۆمەڵگەی ئێرانی گەیشتووەتە خاڵێکی وەرچەرخان لە حەرەکەتەکانی خۆی، بە ڕای من ئەم خاڵە زۆر زۆر گرینگە کە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ ڕۆڵی کاریگەرتری هەبێت، دەتوانێ بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو بەشە چالاکەی نێوخۆ کە دەوری کاریگەرییان هەیە دەتوانێ هەماهەنگی بکەن و ڕێبەریی ئەم بزووتنەوەیە بکەن هەتا کۆتاییهێنان بە ئەرکەکەی کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە بباتە سەرەوە.

**بێهزاد قادری**: کەماییسییەکانی ئێستای ئەو ڕاپەڕینە لەچیدا دەبینن؟

**کەماڵ کەریمی**: ڕەنگە نەکرێ لەو دۆخەی کە ئێران تێیدایە بەتایبەت لە هەندێ ناوچەکاندا کە هەوڵی داوە تەنانەت حکوومەتی نیزامی بسەپێنی بە سەر ناوچەکاندا، وەکوو کەمایەسی باسی بکرێ، چون نیگەرانییەکانی خەڵک هەست پێ دەکەین و دەزانین لە هەموو شوێنێ بەداخەوە دەزگای سەرکوت چالاکە و دەبینین لە شوێنی جۆراوجۆر لە ئێران کەس دەکوژێ، دەسبەسەرکرانەکان یەکجار زۆرە، بەتایبەت لە یەک حەفتەی ڕابردوودا، بینیمان کە خەڵکێکی زۆر ناسراو لەنێو هونەرمەندان، لەنێو نووسەران، لەنێو چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەسبەسەر کراون و لە کۆمەڵگە دووریان خستوونەتەوە، کە ئەوە بۆ خۆی کاریگەریی نێگەتیڤی خۆی دەبێت، بەڵام ئەگەر بڵێم یەکێک لە کەمایەسییەکان گەیاندنی پەیامێکی گشتییە بۆ کۆمەڵگە کە دەبێ هەموو بە یەکەوە حەرەکەت بکەن، ئێمە ئێستا لە هەموو زانکۆکاندا ئەم حەرەکەتانە دەبینین، کە هەماهەنگییەکی باش لەئارادایە، بەڵام لە نێوان شارەکاندا، لە ناڕەزایەتیی سەر شەقامەکاندا ئەم هەماهەنگییەی ئێستا بەتەواوی نییە، دەبینین لە هەندێ شاردا بە بەردەوامی ئەم حەرەکەتانە هەیە بەڵام لە شارەکانی تر بە شێوەی مەوزەعی یان کاتی ئەم حەرەکەتانە هەیە، ئەگەر ئەمە پڕ بکرێتەوە و هەوڵ بدرێ بۆ ئەوەی کە خەڵک ئەم پەیامە وەربگرن، هەماهەنگییەک دروس ببێ لە نێوان هەموو شارەکاندا، هاوکات پێویست ناکا بە توندوتیژی بێ، دیسان جەخت دەکەینەوە، حەرەکەتگەلێکی ئارام لە هەموو شارەکاندا بەیەکەوە درێژە بدرێت بێگومان تواناییەکانی سەرکوتیش دیسان کەم دەبێتەوە.

دوێنێ هەواڵمان پێ گەیشت لە هەندێ شوێنی کوردستان هێزە تایبەتەکانیان کێشاونەتەوە بۆ تاران، لە ڕاستیدا دوو هۆکاری هەیە، یەکیان ئەوەی کە وا دیارە لە تاران فشارێکی یەکجار زۆر لە سەر هێزە سەرکوتکەرەکان هەیە و بەشێکی ڕەنگبێ ئەوە بێ ئەو هێزەی لەوێ هەیە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو هەموو خۆپێشاندەرانە نییە، بەشێکیشی ئەوەیە کە ڕەنگبێ لەو شوێنانە ئەو فشارەی کە پێویستە لە سەر ئەوان نییە. ئەگەر یەکێک لە کەمایەسییەکان ئێستا ببینین لە ڕاستیدا ئەوەیە کە هەماهەنگییەکی باش لە نێوان هەموو شارەکاندا نییە، دیارە لە زۆر شاری ئێران ڕۆژانە ئەمە بەڕێوە دەچێ بەڵام سروشتییە ئەگەر ئەمە پەرە بگرێ و لە هەموو شارەکان بە بەردەوامی ئەم ڕێپێوان و خۆپێشاندانە ئارامانە بەڕێوە بچێت بێگومان ئەوانیش ماندووتر دەبن، و ئەوانیش توانانی سەرکوتیان دێتە خوارەوە و بەرەبەرە تووشی هەڵوەرین دەبن، ئەگەر شتەکە گشتگیرتر بێ لەوەی کە ئێستا هەیە، دووەمیان ئەوەیە کە لە ڕاستیدا ئیستا ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات دەبێ هەماهەنگیی خۆی نیشان بدات، ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات پێویستە هەماهەنگ بێت و پەیامێکی هاوشێوە و هاوبەش بدات بە خەڵکی ئێران بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران بزانن پەیام لە کوێ وەردەگرن و بزانن مەسیری حەرەکەتیان بە کوێ دەگات.

**بێهزاد قادری**: دوورەدیمەنی ڕاپەڕینەکە چۆن دەبینن؟ ئەرک و بەرپرسایەتییەکان چین و لەئەستۆی کێن؟

**کەماڵ کەریمی**: ڕەنگە زۆر شت پێشبینی نەکرێ بەڵام، ئەم حەرەکەتەی ئەمساڵ کە لە ڕاستیدا وەک ڕاپەڕینێکی گشتیی بەخۆیەوە گرتوە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی تردا هەڵدەسەنگێنێن. لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا زۆر خۆپیشاندانی گەورەمان بینیوە لە ئێراندا، لە خۆپێشاندانی خوێندکاران لە ساڵی ٧٨دا دەستیان پێ کرد و بە بەردەوامی دواتر هەتا ساڵی ٨٨ و ٩٦، ٩٧ و ٩٨ و هەتا ئەمساڵیش، ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ ئەمانەدا چاوی لێ بکەین، ئینسان گەشبینترە بەنیسبەت داهاتووی ڕاپەڕینەکە، ئەگەر دەڵێین ئەمەیان ڕاپەڕینە و جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوانی تر، بەو مانایەیە کە ئێستا ئەمەیان گشتگیرترە لە هەموو حەرەکەتەکانی تر، ئەگەر پێشتر خۆپێشاندان بوو لە ناوچەگەلێکی تایبەت، لە شارێکی تایبەت دەبینین کە لە ڕاستیدا ئەمە ڕاپەڕینی گشتیی هەموو خەڵکی ئێرانە، لە بەلووچستانەوە هەتا ئازەربایجان، لە مەشهەدەوە هەتا خووزستان، لە باکووری ئێرانەوە هەتا بەندەرعەباس، ئیتر شوێنێک نەماوە کە ئەم حەرەکەتەی تێدا نەبینیت، ئەمە ڕەنگە بۆ خۆی ئومێدێکی زیاتر بدات بە هەموو ئەوانەی کە هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ ئەم ڕاپەڕینە، بۆ هەموو ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لەم ڕاپەڕینەدا بەشدارن، ئەمن پێم وایە ئەمەی کە ئێمە ئێستا پێی دەڵێین ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دەتوانێ هیوادار بێ داهاتووی خۆی، هەرچەند دەڵێم، زۆر شت پێشبینی ناکرێ بەڵام ئەوەی کە دەزانین نیزامی کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی لاوازیدایە، دەزانین هێزە سەرکوتکەرەکانی توانای ئەوەیان نییە کە ڕووبەڕووی هەموو خەڵکی ئێران ببێتەوە و بەردەوام ڕیزش دەکات، تەنانەت چەندە ڕاست بێ یا نا، دەبینین ڕۆژانە پەیام لە فەرماندە

نیزامییەکانەوە بڵاو دەبێتەوە کە واز لە سەرکوت دێنن. تەنانەت باس لە فەرماندەکانی هەرەبەرزی ئەرتش دەکرێ لە یەک لەوان بینیمان لە کۆبوونەوەکەی خامنەییشدا حزووری نەبوو. ئەوە ئەمە دەردەخات کە ئەگەری هەیە دەسبەسەر کرابێ یا بۆخۆی بەشداریی نەکردبێ، ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە؛ لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم کە ئەگەر ئینسان دەڕوانێتە داهاتووی ئەم ڕاپەڕینە، ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان ئەم ڕاپەڕینە و خۆپیشاندانەکان و ناڕەزایەتییەکانی ساڵەکانی پێشوو دەیبینین جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەمە بەربەرینە و بەرەو ئایندەیەکی ڕوون دەڕوا و تەنیا ئەوەندە دەڵێم ئەگەر ئەم هەماهەنگییەک لە نێوان خەڵکدا لە ئێران بپارێزرێ، لە ڕاستیدا ئەم حەرەکەتە بەم هەماهەنگییەوە درێژە بکێشی کە بەدڵنیاییەوە درێژە دەکێشی، ئەگەر ئەمە هاندەر بێ بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات لە نێوان خۆیاندا هەماهەنگییەک پێک بێنن، ئەو بەشە چالاکەی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی لە نێو خۆیاندا هەماهەنگییەک پێک بێنن و پەیامێکی ڕاستەوخۆ بدەن بە خەڵک. من پێم وایە ئەم دوو شتە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەم ڕاپەڕینە ئاکامێکی ئەرێنی بە دوای خۆیدا بێنێت و بگاتە ئەو ئاکامەی کە بتوانێ زیاترین فشار بخاتە سەر کۆماری ئیسلامی تا ئەو جێگایە کە کۆماری ئیسلامی، لە ڕاستیدا تووشی ڕووخان بکات، ئەمە ڕەنگە وەکوو ئەوەی خامنەیی باسی دەکا هیچ پێویستی بە دەستێوەردان و پاڵپشتیی دنیای دەرەوە نەبێ، ئێمە بینیمان لە دنیای دەرەوە بە میلیۆنان کەسی ئێرانی و خەڵکی پشتیوانی ڕاپەڕینەکەی گەلانی ئێران هاتنە مەیدان، لە زیاتر لە ٢٠٠ شار لە یەک ڕۆژدا لە مەیدانە گەورەکانی شارە گەورەکانی دنیادا خۆپێشاندانیان کرد، ئەمە بۆ خۆی دەتوانێ پشتیوانییەکی مەعنەوی بێت، ڕەنگە ناڕەزایەتییەکانی دەوڵەتە ئورووپاییەکان و ئامریکاییەکان کە خامنەیی بە دەستێوەردانی ناو دەبات کاریگەریی هەبێت تەنانەت کاریگەیی لەسەر سیاسەتی ئەوان و پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی ئەوان لەگەڵ ئێران بکات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە گرینگە پشتیوانیی خەڵکە لە هەموو دنیادا لەم ڕاپەڕینە.

دەبینین کە تا ئێستا هەشتەگی مەهسا ئەمینی نزیکەی ٢٢٠ میلیۆنی تێپەڕاندوە، ئەمە ئەم پشتیوانییەیە کە یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران بتوانن درێژە بە حەرەکەتەکەیان بدەن و ئەم هاوپێوەندییە گشتییەیە، پشتیوانیی خەڵک لە دنیادا نە دەوڵەتەکان، بە ڕای من هۆکارێکی گرینگە کە خەڵک لە ئێراندا هان بدات کە درێژە بەو حەرەکەتەیان بدەن. بۆیە دەبێ بە هیواوە چاو لەم حەرەکەتە بکەین، هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی لە دوای هاتنەسەرکاریەوە ڕووبەڕووی کێشەیەکی ئاوا و بەرەوڕووی ڕاپەڕین نەبووەتەوە، ڕەنگە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان و زۆر شت بووبێتەوە. لە ساڵی ٨٨ دا بینیمان ساڵ و نیوێک درێژەی کێشا بەڵام لە ڕاستیدا چون سنووردار بوو و شێوەیەک ناڕەزایەتیی بە یەک شتی تێدا بوو ئەویش ئەوەی کە "دەنگی من چی لێ هات"، لە ڕاستیدا نەیتوانیوە ببێتە دەنگی گشتیی خەڵکی ئێران بەڵام ئێستا مەسەلەی ئازادی بۆ ئێران و ئەم دروشمە جوانەی "ژن، ژیان، ئازادی"، کە کەوتووەتە سەر زاری هەموو ئێرانییەکان و ئەو هاوپێوەندییە کە لە نێوان ئێرانییەکان درووس بووە، کە زەمانێک دەڵێن لە کوردستان تا تاران و ئێستا دەڵێن لە

بەلووچستان تا تاران، لە تەورێز دروشمی هاوپێوەندی لەگەڵ کوردستان دەردەکەن، لە ڕاستیدا من پێم وایە، ئەمانەن کە دەتوانن زیاتر هیوادارمان بکا کە داهاتووی ئەم حەرەکەتە ڕوونە و بە ئاکام دەگات.


**بێهزاد قادری**: سپاس کە لەو بارودۆخەدا کاتت بۆ ئەو دیمانەیە دانا

**کەماڵ کەریمی**: ئێوەش ماندوو نەبن کە لەو دۆخەدا نەتانهێشت دەنگ و ڕەنگی حیزبی دێموکرات لەکار بکەوێ و ئەو شوێندانەرییە گرینگەی هەبێت.

١٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٢

---

## کەماڵ کەریمی: ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئێران نەگەیوەتە ئاستێک قازانجی بۆ ئێران هەبێت




### ئاماژە:

**دوای دوو مانگ شەڕی ئیسرائیل و حەماس ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو کوێ دەچێ؟ ئێران چەندە توانی پلانەکانی بۆ ئەو شەڕە سەرکەوتوو بن و ئایا ئەو شەڕە لەو بازنەیەدا قەتیس دەبێ یان بە ئەگەری زۆرەوە پەلکێشی شوێنەکانی دیکەی ناوچەکەش دەکرێ؟ کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ "کورد کاناڵ" لێکدانەوەی وردی بۆ ئەو بابەتە کردوە و "کوردستان" کاکڵ و پوختەی ئەو باسەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**کورد کاناڵ: گرینگترین سەرنجەکان لەسەر شەڕی غەززە؟**

**کەماڵ کەریمی: من پێموایە ئەو شەڕە لە سێ لایەنەوە دەکرێ باس لە خاڵە گرینگەکانی بکەین. یەکەم، مەسەلەی خودی**

ئیسراییل و حەماس. دوویەم، کێشە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئەو شەڕە و دواتر ڕۆڵ و هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەوەی پێوەندی بە کۆماری ئیسلامییەوە هەبێ، هەرچەند ئەوان لە سەرەتاوە شاگەشکە بوون کە حەماس بتوانێ بچێتە نێو بەشێک لە خاکی ئیسراییلەوە و بتوانێ خەڵکێکی زۆر بکوژێ و خەڵکێکی زۆر بەبارمتە بگرێ و، ئەوەیان وەکوو دەسکەوتێک لە سیاسەتەکانی خۆیاندا پێشان دەدا، بەڵام لە ڕۆژەکانی یەکەمی شەڕ بەدواوە ئێمە دەبینین ئێران هەر پاشەکشە دەکا.

حەوتوویەک پێش دەستپێکردنی شەڕەکە خامنەیی ڕوو لە وڵاتانی عەرەبی گوتی، ئێوە لەسەر ئەسپی تۆپیو گرێوتان کردوە و ئیسراییل نامێنێ. ڕۆژێک دوای دەستپێکردنی شەڕەکە، پەیامی خۆشی و شادیی ڕاگەیاند. بەڵام دوای هێرشی ئیسراییل و پاشەکشەی حەماس حاشا ئاگایان لەو هێرشەی حەماس بووبێ و لەو بەرپرسایەتییە کە کەوتووەتە سەر شانیان خۆیان دزییەوە. هەموو ئەوانە دەرخەری ئەوەن کە یەکێک لە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی لە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسراییل، ئەوە بوو نەهێڵێ پەیماننامەی ئیبراهیم لەنێوان ئیسراییل و وڵاتانی عەرەبی سەر بگرێ و لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو. خاڵی دوویەمیش ئەو گوشارە قورسە بوو کەوتە سەر ئێران. دوای ئەوەی ئەمریکا هێزێکی زۆری هێنایە ناوچەکە و، تەنانەت دوای ساڵانێکی درێژ ئینگلیستانیش ناوێکی شەڕکەری ناردە ناوچە، ئەوە بەجۆرێک دەتوانین بڵێین هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ سەر ئێران. لەگەڵ ئەوەی ئەمریکاییەکان ڕایانگەیاندووە نایانەوێ ئێران ڕاستەوخۆ بێتە نێو شەڕەکە. بەڵام دەبینین ئەمریکا لەو ماوەیەدا بەردەوام پێگەکانی سپای پاسداران و میلیشیاکانی سەر بە ڕێژیمی لە سووریە و عێراق، بۆمباران کردوە. بۆیە کۆماری ئیسلامی بەگشتی چ لە بواری جێخستنی پلانەکەی لە شەڕی حەماسدا، لە بواری دیپلۆماسی و چالاکییە دیپلۆماتیکەکانی، لە بواری هاندان و چالاککردنی گرووپە نیابەتییەکانی لە هەموویاندا شکستی خواردوە.

**کورد کاناڵ**: دوورەدیمەنی شەڕی غەززە

**کەماڵ کەریمی**: یەکێک لە مەبەستەکانی ئیسراییل لە بەردەوامیی شەڕی غەززە لەلایەن ئیسرائیلەوە هەوڵدان بوو بۆ ڕزگارکردنی بارمتەکانیان، ئەو دووسەد کەسەی کە حەماس گرتبوونی و لەگەڵ خۆیان بردبوویاننە غەزە. بەڵام دوایە دەرکەوت کە ئامانجەکە ئەوە نییە کە تەنیا بچێ بارمتەکان ئازاد بکات و ئامانجەکە گەورەتە لەوە و دەیانەویست بەتەواوی ژێرخانە ئابووری و توانا نیزامییەکانی حەماس لەنێو ببەن کە هەر وەکوو دیتمان بەداخەوە ئاکامی شەڕەکە وێرانیی تەواوی غەزە بوو. ئێستا دوای ئاگربەستەکە و گۆڕینەوەی بارمتەکان دۆخێکی دیکە ئارادایە و ڕۆڵی قەتەر گرینگە. قەتەر یەکێک لەو وڵاتانە کە بەجۆرێک پشتیوانی لە حەماس دەکا و هەڵوێستی جیاوازی لەگەڵ وڵاتانی دیکە عەرەبی هەیە و، دەرکەوت کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی توانییان لە ڕێگای قەترەوە کاریگەرییان هەبێ لەسەر حەماس بۆ ئەوەی قبووڵی

بکات کە بەشێک لە بارمتەکان ئازاد بکات. لەڕاستیدا ڕەنگ بێت ئەگەر ڕستەیەکی خامنەیی وەبیر بێنینەوە کە دوای ئەوەی ئیسرایلییەکان ئەو هەموو بارمتەیان گرت، خامنەیی گوتی لەو شارۆچکانە ئیسراییل دروستی کردوون، مرۆڤی سیڤیلی تێدا نییە و هەموو نیزامین. یانی بەو جۆرە حەماس کەسیی مەدەنیی بەبارمتە نەگرتووە و ئەمەش بەجۆرێک شکستێکە بۆ ئێران، چونلی لەوەدا ڕێژیمی ئێران هیچ ڕۆڵێکی لە باسەکەدا نییە. بەڵام بە بڕوای من ئازادکردنی بارمتەکان کۆتایی شەڕەکە نییە. بەڵکوو ئەوەی کە ئیسراییل مەبەستیەتی کورتکردنەوە دەستی ئێران لە دوروبەری سنوورەکانی خۆیەتی و هەر بۆیە ئەگەر پێشبینیی ئەوە بکرێ ڕۆژێک بەهۆی حیزبوڵلاوە ئەم شەڕە دروست بێتەوە، ڕەنگە هەر ئەو وێرانییانە تووشی لوبنانیش بکرێ. دەزانین کە یەکێک لەو نیگەرانییانە کە لە وڵاتانی دەرەوە هەبوو، چۆڵکردنی بەشێک لە باڵوێزخانەکان بوو لە لوبنان کە ئەوانیش ئەو ئەگەرەیان لەبەرچاو بوو کە لەوانەیە بەجۆرێک حیزبوڵلا بچێتە نێو شەڕەکەوە و ئیسراییل هێرش بکاتە سەر لوبنانیش. یان جۆرێک گوشارێکی سیاسی لەسەر حیزبوڵلا کە بڵێ ئەوە ئێمە دەڕۆین و ئەگەر تووشی شەڕ بوون گرفتەکە هی خۆیانە.

**کورد کاناڵ**: شەڕەکە لە غەززە قەتیس دەمێنێتەوە یان پەلکێشی ناوەچەکانی دیکە دەکرێ؟

**کەماڵ کەریمی**: یەکێک لە چاوەڕوانییەکان لە درێژەی ئەو شەڕەی حەماس ئەوە بوو لەوانەیە ئێران بە جۆرێک دەرگیری ئەو شەڕە ببێ. بەڵام ئێران هەڕەشەکانی زوو هەست پێ کرد و زوو پاشەکشەی کرد. یەکێک لە باسەکان ئەوەیە ئایا ئاوا بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە، حەماسێک کە ئێران ڕاستەخۆ پشتیوانیی لێ دەکرد و ئێستاش ئەگەر بە قسەش بێ لەباری سیاسییەوە پشتیوانی لێ دەکا، وەختێک بە بەرچاوی هەمووی جیهانەوە ئێران ئاوا پاشەکشە دەکا ئایا ئەوە لەسەر هەڵوێستی گرووپە نیابەتییەکانی تر کاریگەرییان دەبێ یان نابێ؟ ئایا لێدانی ئەمریکا لەو گرووپە نیابەتییانە لە جێیەک ئەو گوشارە دەخاتە سەر ئەو گرووپانە داوا لە ئێران بکەن بۆ پشتیوانی؟ ئایا ئێران ئەو پشتیوانییە دەکا و دێ پشتیوانی ڕاستەخۆ بکات و ڕووبەڕووی هێزەکانی ئەمریکا بێتەوە یان نا؟ ئێران لەچوارچێوەی ستراتیژییەکانی هەوڵ دەدا شەڕەکانی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بکات. بە بۆچوونی من ئێران نایهەوێ ڕاستەخۆ خۆی دەرگیر بکات لەگەڵ ئەو کێشانە، بەڵام کارەکە بەوەندە نابڕێتەوە و لێدانی ئەم گرووپە نیابەتییانە و ئەو شوێنانە درێژەی دەبێ، من بڕوام ئەوەیە کە ئەگەر ئیسراییل بتوانێ ئەوەی کە ئامانجییەتی حەماس لەنێو بەرێ، مومکینە ئاوڕ بداتەوە سەر سووریە بۆ لێدانی ئەو گرووپە نیابەتییانەی ئێران کە لە نیزیک سنوورەکانی جێگیر بوون. لەمەدا ئەمریکا پشتیوانی لە ئیسراییل دەکا و هیچ شک لەوەدا نییە. بەڵام ئێران تا کەی تەحەمولی ئەوە دەکا بە بەرچاویانەوە، گرووپە نیابەتییەکانیان ئاوا لەنێو بچن؟ ڕاستییەکی ئێران دەبێ یا واز لەو ستراتیژییە بێنێ کە ٤٠ ساڵە بەدواوەیەتی، و ئەو گوشارانەی ئەمریکا بۆ ڕێککەوتن قبووڵ بکات. یا نا لەژێر سێبەری سیاسەتەکانی ڕووسیەدا دەمێنێتەوە و مومکینە لە کۆتاییدا درێژەی ئەو

تێکهەڵچوونانە کە لەنێوان ئەمریکا و گرووپە نیابەتییەکانی ئێران لە ناوچەدا هەیە، لە جێیەک ئێران دەرگیر بکات. من بۆخۆم بەدووری نابینیم هەرچەند بە قەولێک بڵێین سیاسەت شتێک نییە کە مرۆڤ بیهەوێ نەقشە بۆ شوێنی دیکە و بۆ وڵاتانی دیکە دابڕێژێ، بەڵام ئەو ناسیاوییە کە دەتوانین لە کۆماری ئیسلامی وەدەستی بێنین، لەگەڵ ئەو هەموو موحافزەکارییە لە سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکا لە کۆماری ئیسلامی و لە ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدا هەیە، بەڵام درێژەی ئەو تێکهەڵچوونانەی ئەمریکا و ئیسراییل دواجار ئێران دەرگیری ئەو شەڕ و کێشە ڕاستەوخۆیە دەکەن.

**کورد کاناڵ**: کاریگەریی وڵاتانی عەرەبی لە یەکلاکردنەوەی شەڕی غەززە

**کەماڵ کەریمی**: ئاشکرایە عەرەبەکان بەگشتی و لە سەرووی هەموویانەوە عەرەبستانی سعوودی، میسر و ئوردۆن بە جیدی پشتیگیری لە مەسەلەی فەلەستین دەکەن. یانی ئەو سێ وڵاتە کە لە باری سیاسییەوە ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە لەو ناوچەیەدا پشتگیری مەسەلەی فەلەستین دەکەن و حەقیشە پشتگیری بکەن. ئەوەی کە لەمێژە و لە سەردەمی "یاسر عەرەفات" و "ئیسحاق ڕابین"دا ە ڕێککەوتن گەیشتن، بەدوای جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنانەوە هەن. کێشەی جێبەجێ نەبوونی ئەو ڕێککەوتنە لەلایەک کۆماری ئیسلامییە و کاریگەری کۆماری ئیسلامی بە دروستکردنی گرووپی وەکوو حەماس لەنێو فەلەستینییەکاندا، بەهێزکردنیان و بەهێزکردنی حیزبوڵڵا لە پەنا سنووری ئیسراییل، لەلایەکیش حەتمەن ئەوە لەنێو جووەکانیشدا هەیە گرووپی ئیفراتی و بۆچوونی ئیفراتی هەن کە باوەڕیان بە دەوڵەتی فەلەستین نییە و پێیان وایە ئەوە هەموو خاکی ئیسراییلە. لەڕاستییدا ئەم دوو فکرە لەهەر دوو جەهەتەوە هەم لەلایەن کۆماری ئیسلامییە و هەم لەلایەن توندڕەوەکانی جولەکاکانەوە وای کردوە ئەو مەسەلەیە هەروا بمێنێتەوە، ئەوان گوشار دێنن ئەوە جێبەجێ نەبێ و کۆماری ئیسلامیش لەولا بۆ ئەوەی کە دژی ئیسراییل بتوانن درێژە بەشەڕ بدەن و ئەوە سیاسەتی هەمیشەیی خۆیان کە پێیان وایە ئیسراییل دەبێ لەنێوبچێ بیگەیەننە ئەو نوقتەیە. وڵاتانی عەرەبی بەگشتی دەرکی ئەوەیان کردوە و ئەوان بەدوای ئەوەوەن مەسەلەی فەلەستین بەجۆرێک لە پەنا ئیسراییلدا چارەسەر بێ و بە جۆرێک پشتیوانییان لە ئیسراییل کردوە، هەروەکوو بەگشتی پشتیوانی لە دەوڵەتی مەحموود عەباس دەکەن. بەڵام ئەوەی کە ئەمجارەیان ئەوان ئەو هەڵوێستانەیان گرت، لەڕاستیدا لێکدانەوەی دروستیانە لە سیاسەتەکانی ئێران لەو شەڕەدا. ئەوان دەزانن کە ئەمە ئێرانە و کۆماری ئیسلامییە کە ئەم کێشانە دروست دەکا. ئەوان دەزانن کە ئەو شەڕە شەڕی ئەوانوەک دنیای عەرەب نییە، و شەڕی فەلەستینییەکانیش نییە لەڕاستیدا، بەڵکوو شەڕی ئێرانە کە لە ناوچەدا سازی دەکا. بۆیە بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتیژییەکانی وڵاتانی عەرەبی ناخوازی وەکوو ساڵی ١٩٧٣ شەڕ لەگەڵ ئیسراییل بکەن.

**کورد کاناڵ**: بۆچی وڵاتانی عەرەبی سەرباقی ئەوەی دەزانن سەرچاوەی هەموو قەیرانەکان ئێرانە تێکڕا پشت لە ئێران

بەشی: دووهەم

**ناکەن و هەوڵ دەدەن پێوەندییەکانیان لەگەل ئێران ئاسایی بن؟**

**کەماڵ کەریمی**: مەسەلەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانە. خۆ ڕەنگە بە تێکنۆلۆژی ئێستا ئەوان دەرەقەتی ئێران بێن، بەڵام وڵاتانی بەهێزی وەکوو سعوودییە، ئیمارات، کوویت و وڵاتانی دیکەی کەنداو شەڕ لە بەرژەوەندیی خۆیاندا نابینن. ڕەنگە بەشێکی لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی ئێستای ئەمریکادا بۆ لاوازکردنی ئێران هەوڵ بدەن و ڕەنگبێ ئەو سیاسەتە ێ هیچ ئاکامێکی نەبێ. چون کۆماری ئیسلامی ئەو گۆرانکارییانە قبووڵ ناکا، بەتایبەت کە سێبەری سیاسەتی ڕووسیە بەسەر کۆماری ئیسلامی پێش بەوە دەگرێ کۆماری ئیسلامی ڕاحەت بیر لە خۆی بکاتەوە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا بەرەو ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی بڕوا. بۆیە وڵاتێکی وەکوو ئیماڕات و سعوودی کە بەرژەوەندی ئابوورییان یەکجار زۆرە، پاراستنی ئەوە و درێژەدانی ئەوە بەشێکە لەو بیرۆکەیە کە سیاسەتێکی ئارام لە ناوچەدا ڕەچاو بکەن بۆ ئەوەی تووشی کێشە و شەڕ نەبن. ئێرانیش لەڕاستیدا وڵاتێکە بەردەوام هەڕەشە دەکا، ئەمەیە کە ئەوان زۆرتر هەوڵ دەدەن پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتە لەوە گرژتر نەبێ، لەگەڵ ئەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران تا ئێستاش نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە کە قازانجێک بە ئێران بگەیەنێ. لەڕاستیدا ئاساییکردنەوە پێوەندییەکان نەبۆتە هۆی ئەوەی پرۆژەی هاوبەوشیان هەبێ، نەبۆتە هۆی ئەوەی لە ئێراندا وەبەرهێنان بکەن ئێران بتوانێ لەو سەرمایەگوزارییانە کەلک وەرگرێ. ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان تەنیا بۆ خۆدوورخستنەوە لە شەڕێک بووە کە ئەگەری هەیە لە ناوچەدا ڕوو بدات.

١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# زمانی کوردی و بەرنامەی دواڕۆژی زمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات




**دیبەیت: کاروان مێراوی**

**کاروان مێراوی:** بەڕێزان سەرەتا سپاستان دەکەم کە کاتتان تەرخان کرد و لەم دیبەیتەدا بەشداریتان کرد، سەرەتای ئەم بەشەش بەم پرسیارەوە دەست پێ دەکەین. بەرنامە و پلانی زمانیی ئێوە بۆ چارەسەری کێشەی زمانی لە دواڕۆژی ئێرانی فرەپێکهاتەدا چییە؟

**کەماڵ کەریمی:** ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە کە نەتەوەی جۆراوجۆری وەک کورد، بەلووچ، تورکمان، فارس، تورک، عەرەب و کاسپییەنی و کەمینەکانی تری تێدا دەژین. هەر بەو پێیە زمانی جۆراوجۆر لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران وەک زمانی کار و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لەو ناوچانەدا بەکار هاتووە و هەرکام لەم نەتەوانە لەنێو خۆیاندا بە زمانی خۆیان دواون. لەم وڵاتە لە سەد ساڵ لەمەوبەرەوە و بەتایبەت دوای بە دەسەڵاتگەیشتنی ڕەزا شا و پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەت ـ نەتەوە بە دروشمی یەک وڵات و یەک نەتەوە لە ئێراندا دەستی پێ کرد و لە سێ دەورەی دەسەڵاتداری پەهلەویی یەکەم و دووهەم و کۆماری ئیسلامیدا لە ڕێگەی سەپاندنی زمانی فارسی لە خوێندن و کار و بازاردا، بۆ لەناوبردنی زمانی نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی ئێران و تەنانەت بە دروستکردنی فەزایەکی کولتووری و ڕەوانی بۆ بەشێک لە خەڵک کە

فێربوون و بەکارهێنانی زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی، یارمەتییان دەدات بەوەی کە لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا باشتر جێگە و پێگەی خۆیان ببیننەوە، هەوڵی زۆر دراوە. هەموو ئەم هەوڵانە لەو ماوەدا کە لە بیری شۆڤێنیستی دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە سەرچاوەی گرتووە وەک بەشێک لە سیاسەتی سڕینەوەی شوناس و ناسنامەی مێژوویی نەتەوەکانی دیکەی ناو ئێران جگە لە فارس بووە لەو وڵاتە فرە پێکهاتەیەدا. بەڵام لە پاڵ ئەم تکۆڵێکردنە لە زمانی نەتەوەکانی ناو ئێران و لەژێر هەموو ئەو گوشارانەی خراوەتە سەر چالاکوانانی پاراستنی زمانی کوردی وەک پێگەیەکی شوناسی نەتەوەییمان، دەبینین ساڵانێکە لە ڕۆژهەڵات خەباتی خۆبەخشانەی چالاکانی پارێزەری زمانی کوردی، بۆ فێرکردنی زمانی کوردی قوتابخانە و خولگەلێکی تایبەتیان کردووەتەوە و منداڵانی کورد فێری زمانی دایکی خۆیان دەکەن و کردوویانەتە سەنگەرێک لە بەرانبەر هەوڵی سڕینەوەی زمانی دایکیان.

ئێمە بە تێگەیشتن لەو ڕاستییەی کە زمان کۆڵەکەی سەرەکیی شوناس و بوون و مانەوەی هەر نەتەوەیەکە، بەردەوام پێداگریمان لەوە کردووە کە ئەگەر تا ئێستاش دەسەڵاتی شۆڤێنیستی ئێران ڕێگەی بەفەرمیناسینی زمانەکانی دیکە جگە لە فارسی لە ئێراندا نەداوە، دەبێت لە هەر گۆڕانکارییەکدا کە لە ئێران بێتە پێش، پێداگری لەسەر بەفەرمیناسینی زمانی کوردی وەک زمانی نەتەوەیەک کە بە هاوبەشی لەگەڵ خەڵکانی دیکە کە لە ئێراندا بەیەکەوە دەژین، بکرێتەوە. بێگومان لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا دەبێت زمانێکی پێوەندیی فەرمی بۆ هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی ناو ئەو وڵاتە هەبێت کە هەتا ئێستا زمانی فارسی ئەو پێگەیەی خۆی پاراستووە، ئەگەرچی بە هۆی سەپاندنیشی بێت. بەڵام لەگەڵ بەفەرمیناسینی زمانی فارسی کە زمانی پێوەندییەکانی نێوان هەموو خەڵکانی ئێران بە یەکەوە دەبێت لەنێو یەکتردا، پێویستە زمانی کوردییش بەپێی یاسا وەکوو یەکێک لە زمانە فەرمییەکانی وڵاتی فرەزمانیی ئێران لە یاسای بنەڕەتیی حکوومەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا بە فەرمی بناسرێت و پلۆرالیزمی زمانی بپارێزرێت و بەتایبەت لە ئاستی سەرجەم قۆناغەکانی پەروەردەکردندا، هەروەها لە کوردستانیشدا بۆ زمانی پەروەردەکردن لە هەموو ئاستەکانی خوێندن هەر لە باخچەی ساوایانەوە تاکوو بەرزترین پلەکانی خوێندن، زمانی فەرمیی حکوومەت، زمانی بلاوکراوە و چاپکراوەکان، زمانی ڕاگەیاندن و تەکنۆلۆژی و دیجیتاڵ، زمانی سەرجەم کاروباری ئیداری و بەڕێوەبەری لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەکار بهێندرێت.

**کاروان مێراوی**: کاروان مێراوی: بەرنامەی زمانیی ئێوە بۆ دواڕۆژ لە کوردستان بەگشتی و بەتایبەت بۆ پرسی شێوەزار و لکەزارەکانی زمانی کوردی چییە؟

**کەماڵ کەریمی**: بۆ پاراستن و بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی، گرینگیدان بە زمان و کولتووری نەتەوەییمان ئەرکێکی

گرینگی بەردەممانە. بۆ ئەم مەبەستە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو قۆناغەکانی شۆڕشدا پلانی خۆی هەبووە. ئەگەر سەردەمی کۆمار بە نموونەیەکی بەرچاو دەبینــدرێت، دەزانـن لە قۆنـاغی دواتـردا کە تەنـانەت کاتێـک کوردستان کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، ئێمە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگەدا قوتابخانەمان بۆ منداڵانی کوردستان کردەوە هەتا هەم لە خوێندن دوا نەکەوەن و هەم فێری زمانی کوردی ببن. کۆڕی پەروەردە دامەزرێندرا و ژمارەیەکی زۆر لە کادرەکانی حیزب لەژێر ناوی مامۆستای شۆڕشدا ئەرکی مامۆستای قوتابخانەکانیان گرتە ئەستۆ. دواتر و بەتایبەت لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوودا وەک باس کرا بەشێک لە چالاکوانانی نێوخۆ ئەم ئەرکەیان خستە ئەستۆی خۆیان و لە فێرکردنی زمانی کوردیدا زەحمەتی زۆریان کێشا. بۆ داهاتووش لەگەڵ ئەوەی کە زمانی کوردی زمانێکی ڕیشەدار و دەوڵەمەندە، دەکرێت بۆ بەهێزترکردنی هەوڵی جێخستنی شێوەزارێکی سەرەکی بدرێت و بکرێتە بناغەی دروستکردنی زمانێکی ستاندارد کە بەداخەوە هەتا ئێستا کورد لێی بێبەشە. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتی بدرێت بە ساغکردنەوەی ئەو شێوەزارانە کە بە جۆرێک کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی زمانی ئەوی ترەوە کە زمانی فارسییە. دەزانین یەکێک لە هۆکارەکانی دەوڵەمەندیی ئەم زمانە، شێوەزارە جیاجیاکانیەتی کە بۆ پاڵپشتیی دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردی دەبێت پشتیان پێ ببەسترێت و کەڵکیان لێ وەرگیرێت. بەگشتی بۆ خوێندن و سەرجەم کاروباری فەرمیی حکوومەتی و پێوندیی نێوان ناوچەکانی کوردستان کە هەر کامەیان خاوەن شێوەزارێکی دیاریکراون، دەکرێت یەکێک لە شێوەزارەکان کە تاکوو ئێستە زیاتر کوردیی ناوەندی (سۆرانی) بووە، بکرێت بە بنەمای زمانی و شێوەزارەکانی دیکە بۆ ئاخاوتن و کاری ئەدەبی، بڵاوکراوە و چاپکراوەکان، ڕاگەیاندن و بەتایبەت ئامادەکردنی قامووسی ئەو شێوەزارانە یارمەتی بدرێن و ڕەسەنایەتییە کوردییەکەیان بپارێزرێت. بۆ ئەم کارەش دەکرێت لە قوتابخانەکاندا بۆ فێرکردنی منداڵانی کورد لە شێعر و ئەدەبیاتی هەموو شێوەزارەکان کەڵک وەرگێردرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

# کەماڵ کەریمی: یەکیەتیی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و پشتیوانیی خەڵک زراوی ڕێژیمی بەتەواوی تۆقاندووە




**دیمانە: سابیر فەتاحی**

**ئاماژە:**

**بۆ کەس شاراوە نییە کە بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە ئێستادا ڕەمز و تەنانەت داینەمۆی زیندوویەتی و بەردەوامیی شۆڕش و ڕاپەڕینی نوێی نەتەوەکەمانن. ئەو بنەماڵانە هەر لە سەرەتاوە شینگێڕی لەدەستدانی ڕۆڵەکانیان کرد بە سروود بۆ خۆڕاگری و بەردەوامی. لاواندنەوەی جگەرگۆشە بەناحەقکوژراوەکانیان بوون بە ڕوحێکی دی لە جەستەی ڕاپەڕینی خەڵکدا و هاوپێوەندیی ئێستایان ڕەمز و هۆکاری ڕابوونێکی دیکەیە. ئەگەر ڕێژیم کێلی شەهیدەکان تێک دەشکێنێ و مەزارەکانیان دەشێوێنێ و سەردانکەرانیان دەسبەسەر دەکات، بەڵام دیسانەکە ئەوان بنەماڵەی شەهیدانن کە بە یەکگرتوویی خۆیان بەگژ جەللادەکاندا دەچنەوە. "کوردکاناڵ" ئەم بابەتەی لەگەڵ کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات تاوتوێ کردووە و "کوردستان" پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**سابیر فەتاحی**: ڕۆڵی بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە ماوەی ڕابردوو لە گەرموگوڕ ڕاگرتنی ئەم شۆڕشەدا چۆن بووە و لە بنەڕەتدا ئەوان چۆن توانیویانە تینوگوڕێکی تایبەت بە بەهاکانی ئەو شۆڕشە بدەن و ئەو بایەخانە وەک خۆیان بهێڵنەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: لەڕاستیدا لەگەڵ ئەوەی لە دەستدانی هەر ئازیزێک، بۆ هەر یەک لەو بنەماڵانە بۆخۆی ناخۆشییەکی بەدواوەیە، بەڵام ئێمە دەمانـدی لەدوای شەهیدبوونی ڕۆڵەکانیان، کچەکانیان، کوڕەکانیان لەسەر گۆڕی شەهیدان لە یادکردنەوەیاندا، زۆر گەرموگوڕ بە پیر قبووڵکردنی شەهیدکردنی ڕۆڵەکانیانەوە دەچوون. ئێمە بەو وتارانە کە باوکی شەهیدان لەسەر گۆڕی شەهیدەکان دەیاندا، و لاواندنەوەی شۆڕشگێڕانە و پڕ غرووری دایکی شەهیدان؛ هەموو ئەوانە هەڵگری پەیامێکی تایبەت بوو. ئەمە هەر لە سەرەتاوە دەری خست کە خەڵکەکە تێکڕا قبووڵی کردووە ئەوانەی لە مەیداندان هەموویان ڕۆڵەی ئەو خاک و خەڵکەن و هەر ئەوەش وای کرد خەڵک بە بەردەوامی بە دەوری یەک بمێنێتەوە. ئەوەی ئێستاش دەیبینین هەوڵێکی یەکجار زۆر پیرۆزە کە بنەماڵەی شەهیدان دەیدەن، چ بۆ یادکردنەوەی شەهیدان و چ بۆ دروستکردنی ئەو پێوەندییە لەنێو بنەماڵەی شەهیداندا کە ئەوە بۆخۆی دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ زیندووکردنەوەی یادی ئەو شەهیدانە و هەوڵدان بۆ سەرخستنی ئامانجی شەهیدەکان. هەڵبەت ئەوە نەک هەر بەتەنیا ئەرکی بنەماڵەی شەهیدان، بەڵکوو ئەرکی هەموو ئەو خەڵکە تێکۆشەرەیە کە بە دەوریانەوەن و دەبێ بە دەوریشیانەوە بن و هەوڵ بدەن هەم ئەو پێوەندییە بپارێزن و هەم ببنە قەڵغانێک بۆ پاراستنی بنەماڵەی شەهیدان و ئەو بەردەوامییە کە پێویستە ئەوان بیدەن.

**سابیر فەتاحی**: پێتان وایە کۆمەڵگە چەندە توانیویەتی هاودەنگ و هاومەبەست بێت لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان لەپێناو بەردەوامیی ئەو خەباتەدا؟

**کەماڵ کەریمی**: ئێمە دەبینین ترسی ڕێژیم لە جووڵە و ڕەفتاری بنەماڵەی شەهیدان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبێت، بۆیە ڕۆژ نییە گڵکۆی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران تێک نەدرێ و کێلی قەبرەکانیان نەشکێنن. کاتێک ئەوان دەبینن بنەماڵە شەهیدێک دەچێتە سەر گۆڕی شەهیدەکەی و خەڵکێکی زۆری بەدەورەوەیە، ئەم ترسە لەنێو ڕێژیمدا پتر دەبێ و لێرەدا کە کۆمەڵگە ئەرکێکی گرینگی لەسەر شانە. بەشداریی خەڵک لە ڕێوڕەسمەکانی یادکردنەوەی شەهیداندا و لە هەموو ئەو حەرەکەتە سیمبولیکانەی بنەماڵەی شەهیدان دەیکەن و لە پشتی ئەوانن؛ ئەوە هەم خاڵی بەهێزی جووڵانەوەکەیە و هەم ئەم یارمەتیدان و لەپشتبوونە لەڕاستیدا دەبێت هۆکارێک بۆ پاراستنی ئەوانیش و، کۆمەڵگە دەبێ لەو ئەرک و بەرپرسایەتییەی بەردەوام بێت. لەڕاستیدا ڕۆڵەی هەر بنەماڵەیەک کە لەپێناو گەلەکەی و لەپێناو

نەتەوەکەیدا گیانی بەخت دەکا، ئەو گەل و نەتەوەیە دەبێ خاوندارەتیی لێ بکا و خاوەنداریەتییەکەش بە بوونی لە مەیداندا، بە پشتگیری لە بنەماڵەکەی و، پشتگیری لەو جموجۆڵانەیە کە دەر دەکەوێ و، لە زیندووکردنەوە و یادکردنەوەی شەهیدەکەیدا دەبێ ئەرکی خۆی بەجێ بێنێت.

**سابیر فەتاحی**: ئەوەندەی تا ئێستا کراوە و دەکرێ ئایا وەڵامدەرە؟

**کەماڵ کەریمی**: لە کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گوشارانەی ڕێژیم خستوویەتیە سەر خەڵک، خەڵک ئەوەی لە توانایاندا بووە کردوویانە. بەڵام ئەم شۆڕشە کۆتایی نەهاتووە و بەرەو سەرکەوتن دەڕوات. ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەیکات کارێکی خۆپارێزییە بۆ ئەوەی تووشی ئەو ڕۆژە نەبێ کە لێی دەترسێ. من پێموایە لە زۆر قۆناغدا کۆمەڵگە بە توانایی خۆیەوە هاتە مەیدان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێندێک جار هەست دەکەین هێندێک جار کەمتەرخەمییش هەیە. ئەمە ڕەنگە لە ڕاگەیاندنی کار و جووڵەیەل، لە ڕێکخستن یان لە هەوڵدان بۆ ئاگادارکردنەوە خەڵکێکی زۆرتر بۆ ئەوەی چ کارێک پێویستە ئەنجام بدرێ، لەمانەدا ڕەنگبێ، کەمتەرخەمی کرابێ. بەڵام دیسانیش من پێموایە کۆمەڵگەی زیندووی کوردستان زۆر باش دەرکی بەو ئەرک و بەرپرسایەتییە کردووە. لە کاتێکدا بنەماڵەی شەهید بە غرووەوە دەیەوێ یادی ڕۆڵەکەی بەرز و زیندوو ڕابگرێ، ئەمە خەباتێکی مەدەنییە و ئەو خەباتە بە پشتیوانیی خەڵک و کۆمەڵگەیە سەر دەکەوێت.

**سابیر فەتاحی**: باسی کۆمەڵگەتان کرد، ئەدی پێتان وایە هێزە سیاسییەکانی کوردستان - بەتایبەت حیزبی دێموکرات - چەندە توانیویانە ڕوح بە بەری ئەم هەست بە بەرپرسایەتییەی کۆمەڵگە نیسبەت بە شۆڕشەکەدا بکەن؟

**کەماڵ کەریمی**: حیزبی دێموکرات زۆر کار هەیە کە دەبێ بیکات و ئەگەر کردبێشتی دەبێ لەسەریان بەردەوام بێت. لە پێوەندی لەگەڵ باسەکەتان هەر ئەوەی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات بە هەموو ئامرازەکانیەوە بۆ زیندووڕاگرتنی شۆڕشەکە و یادی شەهیدانی شۆڕش دەیکات، بۆخۆی هەوڵدانێکە بۆ خاوەندارەتی لە شۆڕش و شەهیدەکانی. ئەوەی ئێمە لە دەرەوە هەوڵمان داوە و ئێستاش لە هەوڵداین، ئەوەی بتوانین بە پاراستنی ناسنامە و شوناسی شەهیدەکانمان تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە بیروڕای گشتیی جیهان و ناوەندەکانی بڕیاردا بەرجەستە بکەین. بەگشتی من پێمەوایە هێندێک کار کراوە، بەڵام دیسانیش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خۆی بە ڕێبەری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ، ئەرکی زۆر زیاتری لەسەر شانە و دەبێ پێوەندییەکانی لەگەڵ هەموو بنەماڵەی شەهیدان زیاتریش بن. مەسەلەکە پرسێکی گرینگە بۆ ئێمە، بە تایبەتی کە دەزانین مەسەلەی هاوپێوەندی و جموجۆڵی بنەماڵەی شەهیدان لە ئێستادا بە تایبەتی چۆن کەوتووتە بەر پەلاماری کۆماری ئیسلامی، کە دەکرێ ئەمە وەکوو سەندێک لە



سەرچاوە Serchawe

جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی گەورەتر بکرێتەوە.

**سابیر فەتاحی**: کاک کەماڵ ئامانجەکانی ڕێژیم لە شکاندنی کێلی شەهیدان و تێکدانی مەزارەکانیان چییە، لە کاتێکدا لەبنەڕەتدا نە شەرع و ئایین و نە یاساش ڕێگە بەم کارە نادات. مەبەستی ڕێژیم چییە؟

**کەماڵ کەریمی**: لە هەموو ماوەی شۆڕش و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان لە ٤٤ ساڵی ڕابردوو لەدژی کۆماری ئیسلامی، شەهیدەکان هەمیشە نوێنگەی بەرگری و سیمبولی خۆڕاگری بوون. ئەو خوێنەی لە جەستەی شەهید ڕژاوە، نیشانەی ئەوە بووە بەردەوامی و خۆڕاگرییەک هەیە. جا جاران لە جەریانی خەباتی پێشمەرگانەدا، پێشمەرگەیەک لە سەنگەردا شەهید دەبوو، و ئێستا لەسەر شەقام کە ڕۆڵەکانمان شەهید دەبن؛ هەموو خەڵکی کوردستان خاوەنداریتیی لێ دەکا. کەسێک کە لە سنە شەهید دەبێ، خەڵکی پیرانشار، مەهاباد، بۆکان، بانە، سەقز و... لە شەقامەکاندا ناوی بەرز دەکەنەوە و؛ ئەگەر لە مەهاباد شەهیدێکمان دەبێ، خەڵکی سنە، ئیلام و کرماشان جەرگیان ژان دەکا و پێیان وایە ئەو خوێنە لە جەستەی ئەوان ڕۆیشتووە.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە شکاندنی کێل و بەردی قەبری شەهیدەکان و لە تێکدانی گۆڕەکانیان بەدوویدا دەگەڕێ، لەڕاستیدا هەمووی بۆ ئەوەیە هەم بە جۆرێک زامی سەر دڵی ئەو بنەماڵانە بەردەوام بکۆلێتەوە و لەلایەکی دیکە بەجۆرێک خەڵکی پێ بترسێنێ کە زیندوو و مردووی کورد هیچ جیاوازییەکی بۆ ئەو نییە و ئەو کوردە ئەگەر تەنانەت بشمرێ ئەو هەر بە مەترسی بۆ سەر خۆی دەزانێت و شەڕی لەگەڵ دەکات. هاوکات هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی ترسێکی دووبارە لە دڵی خەڵکدا کە ئەوان دەست لە هیچ شتێک ناپارێزن و ترساندنی بنەماڵەی شەهیدەکان و لێدانی ئەو غەروورەیە لەنێو بنەماڵەی شەهیداندا دروست بووە و لە بری ئەوە دەیهەوێ خەڵکەکە هەست بە بێهوایی و ڕەنجبەخەساری بکەن. بەڵام بە بڕوای من هەتا ئێستاش نەتەنیا لە کوردستان، لە شوێنەکانی دیکە ئێرانیش ئەو سیاسەتەی ڕێژیم ئاکامی پێچەوانەی بووە. ئەگەر دەبینی لە شارێکدا دەچن کێل و بەردی قەبری یەکێک لەو شەهیدانەی شۆڕشی ژینا دەشکێنن، خەڵکەکە دەمودەست دەچن دروستی دەکەنەوە و خەڵکێکی زۆر بۆ یادکردنەوە دەچن لەوێ کۆ دەبنەوە. ئەوەی ڕێژیم دەیکات ئاسنی ساردکوتانە.

**سابیر فەتاحی**: دەتانەوێ بڵێن ڕێژیم دەیەوێ خەڵک بترسێنێ و بیانتۆقێنێ، بەڵام ئەمەش هەر لەدژی خۆی شکاوەتەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: بەڵێ دەقیقەن وایە. مەسەلەن تۆ دەبینی کیان پیرفەلەک، ئەو منداڵە جوانە کوشتیان پێشتر

بنەماڵەکەی و چەند کەسێک دەچوون سەر مەزارەکەی. بەڵام دوای تێکدانی گۆڕەکەی بە سەدان و هەزاران کەس دەچنە سەر گۆڕەکەی. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان بە نیسبەت هەموو شتێکی کۆماری ئیسلامی حەسساسن. یانی هەر کارێک کۆماری ئیسلامی لەو هەلومەرجەدا کردوویەتی و دەیکات ڕێک پێچەوانەکەی وەردەگرێتەوە و دەبێتە دروستبوونی ڕقێکی زیاتر، وەک ڕەقێکی پیرۆز لەنێو خەڵک لەدژی ڕێژیم و دروستبوونی هاوپێوەندییەکی قایمتر لە بەرەی خەڵکدا. ئەو ترسەش لە بنەماڵەی شەهیدان و لە کێل و مەزاری شەهیدان بێهۆ نییە. کۆماری ئیسلامی ئێستا کە دەبینێ ناڕەزایەتییەکان یەکجار زۆر بووە و، بەردەوام پەرە دەستێن لە بوونی هەر یەکریزییەک و لە دەوری یەکبوونی خەڵک نیگەرانە. دەزانێ ئەگەر بنەماڵەیەک یان چەند بنەماڵە شەهید، هەر کەس لە ماڵی خۆی دانیشێ و شیوەن بگێڕێ، ڕەنگە هیچ گرفتێک بۆ ئەو دروست نەکات. بەڵام کاتێک ئەو چەند بنەماڵەیە بە یەکەوە کۆ دەبنەوە، دەزانێ کە کۆمەڵێک خەڵکی دیکەشیان لە دەور کۆ دەبێتەوە. شک لەوەدا نییە نیگەرانی ئەوەیان هەیە ئەوەی چەند مانگ لەوەپێش لە سەقز لەسەر گۆڕی ژینا کە دەیان هەزار کەس کۆ بوونەوە، ئەوکات لەوانەیە کۆماری ئیسلامی تووشی غافڵگیری بو بێ و لەو هەلومەرجەدا نەیتوانیبێ یان نەیویرابێ پەرچەکردارێک پیشان بدا. بەڵام ئێستا هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە ئەو شتانە لە کوردستان دووپات نەبنەوە، بەتایبەت کە چەند مانگێمان ماوە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ژینا و هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئێستا هەموو ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بیر لەوە دەکەنەوە لەو هەلومەرجەدا دەبێ چی بکەن؟ ڕێژیم ترسی ئەوەی هەیە جارێکی دیکە ئەو خەڵکە وەکوو نۆ مانگ لەوە پێش لە دەوری یەکتر کۆ ببێتەوە، و بەیەکەوە بڕژێنە سەر شەقام و دیسانەکەش دروشمەکانی ڕووخان و دژی کۆماری ئیسلامی و خامنەیی و... بەرز بێتەوە و ڕەنگە ئەوکات بۆیان کۆنترۆڵ نەکرێ. بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەش بۆ ئەو ڕابوونە ئامادەیە و ئەوانیش پێیان وایە ئەوجارە ئەگەر شتێکی ئاوا ڕوو بداتەوە، ئیدی بۆیان کۆنترۆڵ نابێت و کۆماری ئیسلامی چارەنووسی یەکلا دەبێتەوە. ئەوان ئەم کارانەی کە دەکەن، بۆ پێشگیرییە لە دروستبوونی ئەو بەیەکەوەبوونەوە و یەکریزییەی کە لەوانەیە ڕوو بکاتە شەقام. ڕێژیم لە ئێستاوە ئەو کارانە دەکا بۆ ئەوەی خەڵک بترسێنن هەتا جارێکی تر ئاوا لە دەوری یەکتر کۆ نەبنەوە. بەڵام وەک باسمان کرد ئەم پرۆسەیە بەرەو پێش دەچێ و ئەم جموجۆڵانەش یارمەتیدەرن بۆ خەڵک و ئەو حەرەکەتانە کە خەڵک دیکەن -هەر بنەماڵەی شەهیدان بە نموونە بێنینەوە- ئەوانە یارمەیدەرن بۆ ئەوەی جۆرێکی دیکە ئەم یەکگرتووییە لەنێو خەڵکدا و دیسان لە شەقامەکان خۆ دەر بخاتەوە و ئەوە نیگەرانیی کۆماری ئیسلامییە.

**سابیر فەتاحی**: سپاس کاک کەماڵ بۆ بەشداریت لەو دیمانەیەدا

**کەماڵ کەریمی**: تکایە. ئێوە ماندوو نەبن

۱ی پووشپەڕی ۲۷۲۳ = ۲۲ جوونی ۲۰۲۳

## کەماڵ کەریمی: ئێران نە پشتیوانیی خەڵکی وڵات، نە ئابووریی بەهێز و نە تێکنۆلۆژیی شەڕی گەورەی نییە و پێگەی نێودەوڵەتیشی لاوازە




دیمانە: سابیر فەتتاحی

ئاماژە:

کوژرانی ئیسماعیل هەنیە لە تاران ڕەوتی ڕووداوە ئاڵۆز و پڕقەیرانەکانی ناوچە بەرە کوێ دەکێشێ؟ ئایا شەڕی ڕاستەوخۆی ئێرانو ئیسرائیلی بەدوودا دیت؟ ئێران توانای شەڕێکی گەورەی هەیە؟ ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات دوای هاتنەسەرکاری پزشکیان چ ئاراستەیەک بەخۆوە دەگرن؟ "کوردستان" دیمانەیەکی "کورد کاناڵ" لەگەڵ کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی بڵاو کردووەتەوە کە وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەند بابەتێکی تری لە خۆی گرتوە:

سابیر فەتتاحی: دوای کوژرانی ئیسماعیل هەنیە لە تاران سەرەکیترین پرسیار ئەوەیە ئایا شەڕ لە غەزەوە دەگوازرێتەوە بۆ تاران؟

**کەماڵ کەریمی**: ڕاستییەکەی کوژرانی ئیسماعیل هەنیە لە تاران بۆخۆی جێگەی سەرنج بوو، هەر چەند کە پێشتر کە لە قەتەر بوو بەپێی ئەو پێوەندییانەی کە ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی هەیبوو و دایمەزراندووە تەبیعی بوو ڕەنگبێ لە قەتەر هیچ کارێکی وا نەکات، بەڵام تاران وادیارە مەیدانێکی ئاوەڵایە بۆ ئەوەیکە ئیسرائیل ئەو کارانەی تێدا بکات. ئەمن پێم وایە ئەم بابەتە لەگەڵ ئەوەی گرینگە بەتایبەتی بۆ کۆماری ئیسلامی دەبێ گرینگیی تایبەتی هەبێت، چونکی ئەو میوان بووە، میوانی سەرۆککۆماری تازە بووە و ئەمە بۆخۆی زۆر سرنجڕاکێشە کە ڕەنگبێ تەنانەت بۆ خۆشیان پێیان وابووە لە هەلومەرجی وادا هیچ شتێک لە تاران ناقەومێ؛ چونکە تەنفیز و تەحلیفی سەرکۆماری کارێکە لە هەر وڵاتێکدا کە هێندێک ڕادەیەکی دیپلۆماسی بە سەرەوە هەیە وەک پارێزراوەی. بۆیە ڕەنگبێ هەر چاوەڕوانیی شتی وایان نەکردبێ، بەڵام ئەوەیکە ئیسرائیل دەیکات لە ڕاستیدا هەوڵدانە بۆ لاوازکردنی بە تەواوی حەماس. مەسەلەی فەلەستینییەکان شتێکی ترە و لەوانەیە دواجار بە تایبەت دەوڵەتی ئێستای ئیسرائیل وەک باڵەکەی تری ئیسرائیلییەکان زۆر توندڕەوتر بێ بۆ ئەوەیکە بە قەولێک چۆن بڵێن پێش لە داواکارییەکانی فەلەستینییەکان بگرێت. بەڵام مەسەلەی حەماس مەسەلەیەکی جیاواز لە فەلەستینییەکانە. بۆیە دەبینین ئیسرائیل بەتایبەتی دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبری پارەکە کە حەماس کردی بۆ سەر ئیسرائیل بە جۆرێک دەستی ئیسرائیلی ئاوەڵا کردوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە ئاسان نییە بڵێین ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی شەڕێک لەنێوان ئێران و ئیسرائیلدا ڕوو بدا. لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا ئێران لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو ئیدعاییەی دەکا لە باری نیزامی و تێکنۆلۆژیی شەڕ و مووشەک و درۆن هەیەتی و تەنانەت سەرکۆماری نوێی ئێران پێیوایە ئێران پێشکەوتووترین وڵاتە لەو بارەوە لە ناوچەدا، بەڵام ئێران هەتا ئێستاش خۆی دەدزێتەوە لەوەی خۆی خەریکی شەڕێک بکات کە ناچار بێت بۆ خۆی ڕاستەخۆ بیکات. ئەو شەڕانەی ئێستا لە ناوچە دەکرێن قەتعەن شەڕی کۆماری ئیسلامییە، بەڵام بە هۆی ئەو گرووپە نیابەتییانەوە دەیکا، ئەویش بەو هەزینە قورسانەی خستوویەتە سەر خەڵک و بۆ ئەو شەڕانەی تەرخان دەکا. بەڵام تا ئێستاش ئێران نە لە باری نیزامییەوە، بە هەموو ئیدعایەوە کە دەیکا نە لە باری ئابوورییەوە - کە لە ڕاستیدا شەڕ پشتیوانییەکی ئابووری بەهێزی دەوێ و هەر ئەوە نییە ئەتۆ بڵێی چەند میلیارد دۆلارم هەیە و بۆ ئەو شەڕەی دادەنێم، چونکی لەوانەیە درێژ بێتەوە- ئێران توانایی ئەوەی نییە. بۆیە زەحمەتە ئێران خۆی دەرگیری ئەوە بکات، ئەگەرچی ڕەنگبێ ئیسرائیل بیهەوێت کۆماری ئیسلامی تێوەبگلێنێ و باجی هەموو ئەو هەوڵانەی لێ بسێنێت کە لە ڕێگەی حیزبوڵڵا، حوسییەکان، حەماس و گروپەکانی دیکەوە لە دژی ئیسرائیل دەیدات.

هەتا ئێستا ئیسرائیل ڕاستە حەماسی پێ لە بەین نەچووە، بەڵام زیانێکی ئەوەندە گەورەی پێ گەیاندوە کە زەحمەتە جارێ بەو زووانە بتوانێ بەو سیاسەتەی پێشوو ڕووبەڕووی ئیسرائیل بێتەوە. حیزبوڵڵاش لە ڕاستیدا لە بەر دەستیدایە و دەبینین لەم شەڕی مووشەکباران و بۆمبارانەدا زیانە قورسەکە هەر بەر حیزبوڵڵا دەکەوێ. لەم شەڕەدا ئەوەی ئێران زیاتر بیری لێ دەکاتەوە ئەوەیە مەسەلەی کوژرانی هەنیە بکاتە هۆکارێک بۆ دنەدانی زیاتری گرووپە نیابەتییەکان بۆ هێرش بۆ

سەر ئیسرائیل، یا بیکاتە توێشووی هەوڵێکی دیپلۆماتیک بۆ فشاری دیپلۆماتیکی زیاتر بۆ سەر تەلئاویو.

**سابیر فەتتاحی**: لەوانەیە ئێران نەیهەوێ خۆی ئاوقای شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل بکات، بەڵام بەپێچەوانە لەوانەیە ئەوە خواستی ئیسرائیل بێت. پێتان وایە قازانجی ئیسرائیل لە شەڕی ڕاستەخۆ لەگەڵ ئێران چییە؟

**کەماڵ کەریمی**: زیاتر لە ٤٥ ساڵە بەپێی ئەو ستراتیژییەی کۆماری ئیسلامی گرتوویەتە بەر و هەر وەکوو لە ڕێوڕەسمی تەحلیفی سەرکۆماریشدا بینیمان دروشمەکانی مەرگ بەر ئەمریکا و مەرگ بەر ئیسرائیل لە مەجلیسی ئێراندا بەرز کرایەوە کە زۆر نامەعقوول و ناباوە لە ڕێوڕەسمێکی ڕەسمیی ئاوادا ئەتۆ دروشمی نێو خیابان و دروشمی بەسیجییەکان بدەی، ئێران ئەمە ئیستراتێژییەتی. ستراتێژی لەبەینبردنی ئیسرائیل کە ئەمە بەرنامەکانیەتی لە چوارچێوەی ئەم ستراتێژیەدا و دروستکردنی هێزی چەکداری وەکوو حیزبوڵڵا لە پەنا ئیسرائیلدا بۆ ئەوەی ئەگەر بۆ خۆی دوورە و ڕاستەوخۆ ناتوانێ لەگەڵ ئیسرائیل تێک بگیرێ و شەڕی پێ بفرۆشێ، لە ڕێگەی ئەوانەوە شەڕ و تێکهەڵچوون بەدژی ئیسرائیل وەڕێ بخات، تەنانەت ئەگەر نەشتوانن لەنێوی بەرن، ئیسرائیل لاواز بکەن. چونکی ئیسرائیل وەکوو مەترسییەک لەسەر خۆیان دەبینن و هەمیشە هەستیان بەم مەترسییە کردوە. ئێستا ئێمە کارمان بەوە نییە لە ڕابردوودا چ جۆرە پێوەندییەک لەنێوان ئێران و ئیسرائیلدا بووە، تەنانەت ئیسرائیل لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا چەندە یارمەتیی کۆماری ئیسلامیی داوە لە باری تەسلیحاتییەوە، تانکی بۆ کڕیون، تەیارەی بۆ کڕیون، کاتیۆشا و مووشەکی بچووکی بۆ کڕیون، جۆرەها چەکوچۆڵی لە وڵاتان بۆ کڕیون، جا بە چ قیمەتێک ئەوە باسێکی دیکەیە، بەڵام بەهەرحاڵ واقعییەت ئەوەیە ئەم دووە هەر کامیان ئەوەی تر بە مەترسییەک دەبینێ بۆ سەر خۆی. بەڵام ئیسرائیل بە بڕوای من دەرفەتی دەست کەوتووە ئەگەرچی حەماسی هەتا سەرحەدی لەبەینبردن لانیکەم لە باری عەمەلیاتییەوە لاواز کردوە، بەڵام مەترسیی حیزبوڵڵا وەکوو هێزێکی بەهێزتر لە حەماس لە پەنا سنوورەکانی خۆیدا پێ دەکات. بۆیە ئیسرائیل لەو بارودۆخە لاوازەی کۆماری ئیسلامی، جا کارم بە ئەوە نییە تەبلیغات ئەکەن چەندە دڕۆنی پێشکەوتوو و مووشەکی دوورمەودایان هەیە، بەڵام ئەمە کافی نییە بۆ ئەوەیکە هێز بێ، چونکی کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەت و دەوڵەت خەڵکی خۆی لەگەڵ نییە، پشتیوانیی ئابووری نییە، پشتیوانیی نێونەتەوەیی نییە، پشتیوانیی ناوچەیی نییە، هەموو ئەمانە لاوازییەکانی کۆماری ئیسلامین لە بەرانبەر ئیسرائیلدا.

ڕەنگبێ ئیسرائیل ئەمە بە هەل و دەرفەتێک بزانێ و ئەم لاوازییانە بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئێران ناچار بە پاشەکشەیەکی هەمە لایەنە بکات لەم ستراتێژییانەی کە هەیەتی. ئەوەش گریمانەیەکە کە ئەگەر ئەمریکا ئۆکەی بداتێ، ئیسرائیل ڕەنگبێ شەڕی هەمەلایەنە لەگەڵ حیزبوڵڵا دەست پێ بکات و بێتوو حیزبوڵڵا دەرگیری شەڕێکی ئاوا قورس و بەردەوام بێت ڕەنگبێ ئیتر ئەودەم ئێران، سووریە، یا بڵێن جمهووری ئیسلامی و ڕێژیمی ئەسەد نەتوانن بێدەنگ دانیشن و

بۆ پشتیوانی لە حیزبوڵڵا بێنە نێو گۆڕەپانی شەڕەکە و ئەوەیە کە بە قەوڵ زەمینەی ئەو شەڕی ڕاستەوخۆیەی نێوان ئیسرائیل و ئێران دروست دەکات.

**سابیر فەتتاحی**: شەڕی نێوان ئیسڕائیل و ئێران ناهاوسەنگە. لەو ماوەیەدا ئیسڕائیل زەبری زۆر قوورسی لە ئێران داوە، دەیان فەرماندەی کوشتوون. بەو پێیە ستراتیژیی وەدینەهاتووی ئێران دەتوانێ چیی لە پشت بێت؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەوەی کۆماری ئیسلامی مەبەستی بووە ئیدامەی دەدا هەتا ئەو جێگەیەی فرسەتی بەدەستەوە بێت. بە بڕوای من هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ ئەستاندنەوەی ئەو هەل و دەرفەتانە لە دەست ئێران دەربینێت. بۆ ئەوەیە ئێران بگەیەنێتە نۆقتەیەک مەجبوور بێت واز لەوە بێنێ، بەڵام ئێران دەست لەوە هەڵناگرێ. چون لەواقعدا داعییەی ڕێبەریی جیهانی ئیسلام و جیهانی شیعی هەیە لە ناوچەکەدا. وا دەزانن ئەوە تەنیا مەسەلەی حەماس و مەسەلەی حیزبوڵڵا نییە، مەسەلەی حوسییەکانە، مەسەلەی گرووپەکانی شیعی عێراقی و سوورییە، یا مەسەلەی شیعەکانی بەحرەینە. بەکورتی مەجمووعەیەک لە مەنتەقەدا هەن کە ئێران ڕەنگبێ هەزینەی ماڵی و سیاسی زۆریشی بۆ دابێت بەڵام هەموو ئەمانەی هەیە بە بڕوای من ئێران هەتا ئەو وەختەی ئەم فرسەتەی هەبێت لەمانە ئیستفادە بکات ئیدامە بەم ستراتیژییەی خۆی دەدات. بەڵام بێتوو ئیسرائیل لە هەمبەر ئەم ئیستراتێژییەدا بە قەولێ هەوڵ بۆ لاوازکردنی ئەم گرووپانە بدا و ئیتر ئێران بگاتە ئەو جێگەی بزانێ ئەم گرووپانەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە سەدان میلیارد دۆلاری لێ خەرج کردوون توانای ئەوەیان نییە ڕووبەڕووی ئیسرائیل ببنەوە و ئەو ئامانجەی ئێران بە دوایەوەیەتی بۆی بپێکن، ڕەنگبێ ئەودەم کۆماری ئیسلامی ڕاوەستێ. بەڵام باوەڕی من ئەوەیە یەکێک لە سیاسەتە بنەڕەتییەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بەردەوامبوون لەسەر ئەم سیاسەتەیە گرتوویەتە پێش، ئەگەرچی بەدڵنیاییەوە هەمووماندەبینین و بە بەرچاوی هەموو دنیاوە دیارە کە ئێران نەیتوانیوە لەمەدا سەرکەوتوو بێت. ڕەنگە توانیبێتی سەرئێشە لە مەنتەقەدا دروست بکات بۆ سعوودیە، یان دۆخی عێراقی تێک بدات، لە سووریە ئەو وەزعە پێک بێنێت و کێشە بۆ ئیسرائیل دروس بکات، یان لە ڕێگەی حوسییەکانەوە موزاحیمەت بۆ کەشتیرانیی نێونەتەوەیی دروست بکات، هەموو ئەمانە هەن.

**بەڵام ئەمن پێم وایە دوو هۆکار دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران لە جێگەیەک ڕاوەستێ:**

**یەکەم**؛ وەزعییەتی نێوخۆییە کە ئیتر خەڵک تەحەممولی ئیدامەی ئەو شەرایەتە ناکەن.

**دووهەم**؛ لە ڕاستیدا ڕووبەڕووبوونەوەی جیددی ئیسرائیلە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر هەموو ئەم گرووپە نیابەتییانە و لە هەموو ئەو وڵاتەنەی کە دەتوانێ عەمەلیاتی تێدا بکات. سێهەم لە ڕاستیدا ئەگەر لایەنی سێهەمیشی

ببینین قەبووڵنەکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە بۆ ئیدامەی ئەم سیاسەتە. بۆیە ئەمن پێم‌وایە نەهایەتەن کۆماری ئیسلامی لە جێگەیەک تێدەگات ئەم ستراتیژییەی تووشی شکست بووە و دەبێ ڕایبگرێت، ئەڵبەتە ئەگەر بمێنێ.

**سابیر فەتتاحی**: یانی ئەگەری تێداچوونیشی هەیە؟

**کەماڵ کەریمی**: زۆریش

**سابیر فەتتاحی**: بێینە سەر باسی پزشکیان و دەوڵەتی نوێ. پێتان وایە ئەساسەن پزشکیان بیهەوێ ڕێگایەکی جیاواز بڕوات، هەتا قسە لەسەر ئەوە بکەین ئاستەنگەکانی چین؟

**کەماڵ کەریمی**: ڕاستییەکی هاتنی پزیشکیان تەفسیراتی زۆری لەسەر بوو ئایا پزیشکیانیان قەبووڵ کردوە بۆ ئەوەی گۆڕانێک دروس بکات؟ ئایا لە موقابلی جەلیلیدا کە دەزانین جەلیلی لە باڵی ئۆسولگەرا و بە قەولێ ڕاسترەوەکانە لە هەمبەر ئەمدا بۆیە عەلەم کرا بۆیە خامنەیی پشتی گرت بۆ ئەوەی بتوانێ گۆڕانێک پێک بێنێ؟ یا نە هەر ئیدامە کاریی ئەو سیاسەتە دەدات؟ ئەمن پێم وایە ئەو لایەنە دروستە کە پزیشکیان سەرەڕای هەموو ئەو قسە باشانەی لە زەمانی تەبلیغاتدا دەیکرد، مەردۆمداری و خزمەت بە خەڵک و تەنانەت لە بەیاننامەی کاتی تەنفیزی سەرۆککۆمارییەکەی لەلایەن خامنەییشەوە دیسان ئەو قسانەی دووپات کردەوە کە ئەوان دەبێ لە خزمەت خەڵکدا بن، دەبێ ئاگایان لە خەڵک بێ و دەبێ دڵی خەڵک بە دەست بێننەوە و لەم ڕیزە قسانەی تەبیعییە هەر ڕەئیس جمهوورێک لە ئێراندا هاتۆتە سەر کار، ئەو قسانەی کردوە و ئەمە شتێکی جیاواز و تازە نەبوو. ئەحمەدی‌نیژادیش بەو وەزعییەتە هەر ئەو قسانەی دەکرد، ڕوحانیش هەر ئەو قسانەی کرد، ڕەئیسیش هەر ئەو قسانەی کرد، یانی شتێکی زیاتری نەگوتووە. ئەمن پێم وایە پزیشکیان نە لە باری شەخسییەوە، نە لە باری پشتیوانی خەڵکییەوە خاوەنی ئەو کەسایەتییە نییە بتوانێت بۆ تەدوینی سیاسەتێکی نوێ کە تەبعەن دەبێ ڕووبەڕووی سیاسەتەکانی خامنەیی بێتەوە و لە مەیداندا بێت.

ئێمە ئەگەر ئەحمەدی‌نژادمان دی کە لە هێندێ شتدا هەڵوێستی دژی بەرانبەر بە خامنەیی دەگرت، ئەگەر ڕوحانیمان دی کە لە هێندێک شتدا بەرانبەر خامنەیی نە هەڵوێست بەڵام بە زمان و دەربڕین دەیگوت کە لەگەڵ ئیدامەی ئەو سیاسەتە نین و لە کارەکانیشیاندا ڕەنگبێ بە جۆرێکی تریش عەمەلیان دەکرد، ئەوان خاوەنی پشتیوانی بوون. ئەحمەدی نژاد خاوەن پشتیوانییەکی پۆپۆلیستیی خەڵک بوو و هێندێ لە ئایەتوڵلاکانیش پشتیوانییان دەکرد. ڕوحانی بۆ خۆیی مەلا بوو و پشتیوانییەکی بەرینی لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا هەبوو، بەهەرحاڵ سەرۆکی شوڕای ئەمنییەتی میللی بوو، و پشتیوانیی

لانیکەم میانەڕەوەکان و بەشێکی زۆری ئیسلاحتەڵەبەکانی ئەودەم کە ئێستا ئیتر شتێک بە ناوی ئیسلاحتەڵەب لە ئێراندا نەماوە، پشتیوانی ئەوانی هەبوو. تەنانەت ئیبراهیم ڕەئیسیش بە سیفەتێک پشتیوانیی هەبووم پشتیوانییەکی لەنێو سپا، لەنێو ئیتڵاعاتدا هەبوو، پشتیوانییەکی بە هۆی خەزورییەوە لەنێو لایەنی مەزهەبی ئێراندا هەبوو. بەڵام پزیشکیان لە ڕاستیدا خاوەنی هیچ یەک لەم شتانە نییە.

پزیشکیان لە مەسیری کاری سیاسی خۆیدا کە ئەندام پەرلەمان بووە نە ئیسلاحتەڵەب بووە کە بڵێی پشتیوانیی ئەوانی هەبێت، نە بە قەولی کەسێکە بڵێن لە بنەماڵەیەکی بەهێزی مەزهەبییە کە بە هۆی ئەوەوە پێوەندییەکی لەگەڵ ئایەتوڵڵاکان هەبێ و ئەوان پشتیوانی بکەن. لە ڕاستیدا پزیشکیان تەنیا پشتیوانییەکی هەیە وەکوو بۆ خۆیشی دەیڵێ خامنەییە. خامنەیی تەئییدی کرد، خامنەیی کردییە ڕەئیس جمهوور و منەتباری خامنەیشە و ئەوەشی نەشاردووەتەوە. ئەساسەن من دەڵێم کەسێکە ببێتە ڕەئیس جمهوور لە ئێراندا ئەگەر بیهەوێ کارێکی نوێ بکات دەبێ خاوەن پشتیوانییەکی دیکە بێت جگە لە خامنەیی، خامنەیی حەتمەن پێویستە وەکوو ڕێبەری نیزام بەڵام دەبێ ئەوەندەت پشتیوان هەبێ کە خامنەیی ناچار بێت لەگەڵی تا بکات، یانێ مەجبوور بێ لەگەڵی بڕوات. ئەوەیکە مەسەلەن ئێمە لە زەمانی خاتەمیدا دیتمان کە ئەو پشتیوانیی دەنگدەرانی هەبوو، یا لە سەردەمی ڕوحانیدا دیتمان، یانی لەگەڵ ئەوەی وەکوو ڕەئیس جمهوور نەیانتوانی هیچ شتێکی جیددی بەرنە پێشەوە چونکە ڕێبەری نیزام مۆافقەتی نەکرد. نەهایەتن سپا بوو، ئیتڵاعات بوو، دەزگا ئەمنییەتییەکان بوون کە بڕیاریان ئەدا و نەیانتوانی کاری جیددی بکەن، بەڵام دەرکەوتنیان جیاواز بوو لە ئاغای پزیشکیان. بە بڕوای من پزیشکیان نە خاوەنی ئەو کەسایەتییە بۆخۆی، نە خاوەنی ئەو پشتیوانییە کە بڵێین بە پشتبەستن بەو هێزە بتوانێ شتێکی نوێ بکات. خۆشی شتێکی زیاتر ناڵێ غەیری ئەوەی کە بە پشتیوانی ڕێبەری نیزام بووەتە سەرۆککۆمار و خۆیی بە منەتبار دەزانێ و لە هەموو ئێعلامییەی بەرنامەکانیشیدا دەقیقەن ئەو شتانە دەڵێتەوە کە پێشتر لە چوارچێوەی سیاسەتە ستراتێژییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوون. تەعارفیشی نییە لەگەڵ ئەو خەڵکەی دەنگیان پێ داوە یا لەگەڵ ئەوە خەڵکەی پشتیوانیی لێ کردوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە دەڵێ دەبێ مەردۆمدار و لەگەڵ خەڵک باش بین و دەبێ لەگەڵ خەڵک بە زمانی خۆش قسە بکەین و ئەمەش دەردی خەڵک چارە ناکات. بۆیە زەحمەتە پزیشکیان بتوانێ بچووکترین کاریش بکات لە هیچ زەمینەیەکدا بەبێ ڕەزامەندیی خامنەیی. ئەو کارانەش کە باسی دەکات لە واقعدا دەردی خەڵک چارە ناکەن. ئەوەیکە باس لەوە دەکا لە ئەقوامی! جۆراوجۆری ئێران هەمووی ئیستفادە بکرێ، دەبێ لە هێزی مەردۆمی ئیستفادە بکرێت، یانێ ئەمە چارەسەری کێشەکانی خەڵک ناکات. لەبەر ئەوەیکە ستراتێژی نیزام ناتوانێ گۆڕانی بەسەردا بێت و هیچ سەرۆککۆمارێک لە ئێران ناتوانێ ببێتە ساحێبی ئەو ئێقتدارە کە ڕووبەڕووی سپای پاسداران ببێتەوە، چونکی خامنەیی سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی بە دەستەوەیە. بۆیە مەجبوورن نەهایەتەن هەر ئەوەیکە بۆ خۆیی دەڵێ تەبەعییەت لە ڕێبەری نیزام دەکات و مەجبوور بە تەبەعییەت لە ڕێبەری نیزام دەبێت لە جێبەجێکردنی


سەرچاوە
Serchawe

هەموو سیاسەتەکانیدا و ئەگەر هێندێک شتی وردیش بکات لە واقعدا فەقەت بۆ ئەوەیە خۆڵ لە چاوی خەڵک بکات. هەر ئێستا باس لەوە دەکرێ کە هەر بە هۆی ئەو قسانەی لە مەراسمی تەنفیزی حوکمی سەرۆککۆمارییەکی کە لەلایەن خامنەییەوە پێی دراوە و لە مەراسمی بە قەولێ بە ڕەسمیبوونی ڕەئیس جمهووری بە حزووری ئەو خەڵکە هەر ئەو قسانەی بووەتە هۆی دروستبوونی نارەزایەتییەکی زۆر لەنێو ئەو خەڵکەدا کە دەنگیان پێ داوە. بەڵام ئێستا دەبینن نە ئەمە شتێکی جیاواز نییە و هەر ئەو قسانەیە کە پێشتر ڕێبەری نیزام کردوویەتی و پێشتریش سەرۆککۆمارەکانی یا هەر کەسێکی تر کە ویستوویەتی بە مەنسب و مەوقعییەتێک بگات هاتووە ئەم قسە باشانەی کردوە.

**سابیر فەتتاحی**: دوورەدیمەنی کابینە و دەوڵەتی پزشکیان چۆن دەبینن؟ ئایا بەرەو ئەو بەناو وەحدەت و ویفاقە میللییە دەڕوا کە ئیدیعای دەکات؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەو کابینەیەی هەتا ئێستا ناوەکانیان ئاشکرا بووە لە ڕاستیدا ڕەنگبێ ئەوەیکە ئاغای زەریف وەکوو موبەلەغی پزیشکیان دەیگوت دەبێ لە خەڵکی تەکنۆکرات و بە قەولی خەڵکی ساحێب بروانامە و خەڵکی جەوان و ئەمانە ئیستفادە بکرێت. لە ڕاستیدا دەردەکەوێت مومکینە لە هێندێک بواردا خەڵکێکیان هێنابێ بیکەنە وەزیر کە سێحەب بروانامەیەکی باش بێت کە لانیکەم بڵێین کەسێک نەبێ لەو سیستەمە گەندەڵەی پێشوودا. ئەڵبەتە هەموویان نە مەسەڵەن کە عارفیان هێناوە کە عارف هەرچەند وەختی خۆی یەکێک لە ئیسلاحتەڵەبان بوو، و لەگەڵ خامنەییش بوو؛ بەڵام دەرکەوت کە یەکێک لە گەندەڵەکانی نێو نیزام بووە. بەڵام ئەوەی بە نیسبەت خۆیانەوە ئەوەی کە بە نیسبەت نەتەوەکانەوە دەیڵێن لە ڕاستیدا هیچ شتێکی تازەی تێدا نییە یانێ ئەوەیکە مۆمکینە نەهایەتەن بیانهەوێت وەزیرێک یان مۆشاوێرێکی ڕەئیس جمهووری لە فلان نەتەوەی ئێران لە کورد بێ، لە تورک بێ -هەرچەند ئەو بۆ خۆیی تورکە و ئەو دەتوانێ نمایەندگی ئەوان بکات- لە بەلووچ بێنێتە سەرکار. مۆهیم ئەوەیە ئایا وڵامدانەوە بە داواکارییەکانی ئەم نەتەوە جیاوازنە لە ئێراندا هیچ لە بەرنامەکەیدا هەیە؟ کە هەتا ئێستا هیچ باسی لێ ناکات. ئەوەیکە مومکینە کەسێک بێتە موشاوێری ڕەئیس جمهووری پێشتریش هەبووە، پێشتر ئێمە کەسی وەکوو ئاغای ڕەمەزانزادەمان هەبووە لە دەورانی خاتەمیدا، بەڵام مۆهیم ئەوەیە سیاسەتی نیزام ڕێگەی ئەوە نادا ئەگەر چوار وەزیری کوردیش لە کابینەکەی دانێ بۆ وڵامدانەوە بە داخوازییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ قسەیەکی نوێیان پێ بێت. ڕەنگە دوو ئۆستانداری کوردیش دابنێن لە ئەم چوار پارێزگاییەی کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەیە بەڵام ئەم ئۆستانداره کێیە و دەسەڵاتی چییە؟ و چ بەرنامەیەکی نوێی هەیە بۆ ئەوەیکە گۆڕانکاری لە سیستمی ئیداری، سیستمی فەرهەنگی سیستمی سیاسی و بە تایبەتی لە سیستمی ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست بکات؟ دەبینین هەر لەو وەختیەوە کە پزیشکیان دەنگی هێناوەتەوە ئەوە تەقریبەن دوو مانگە، لەو دوو مانگەدا دەبینین کە زۆرترین فشاری ئەمنییەتی لە سەر کوردستان بووە بۆ دەستگیرکردن بۆ

زیندانی کردن بۆ ئێعدام کردن بۆ هەموو ئەمانە دەبی ئەگەر ڕاستییەکەی کەسێکی وەکوو پزیشکیان یا ئەوانیکە لە دەوری پزیشکیانن هیچ بەرنامەیەکیان هەبووایە بۆ دروستکردنی گۆڕانێک لە کوردستان کە خەڵکی کوردستان ڕازی بکات لانیکەم لەو دەورانەدا هەتا بە ڕەسمی دەبووە ڕەئیس جمهوور دەبوو لەو شەرایەتەدا ئەم حاڵەتە ئەمنییەتە ڕابگرێت و ئەمە فشارە ئەمنییەتییانە لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبووایە. هەر دوو سێ ڕۆژ لەوەو پێش لە ناوچەی بەلووچستان دەستیان کردوە بە خەڵک کوشتن، سێ لاوی بەلووچیان کوشتوە. یانێ هەر لەو ماوەدا هاوکات لەگەڵ ئەوەی بووەتە ڕەئیس جمهوور مەسەلەن هونەرمەندێکی وەکوو "شەروین" حوکمی پانزدە ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێ و دەبێ لەو ڕۆژانەدا بچێتە زیندان. یانی تەواوی ئەم حەرەکەتانەی کە دەکرێت ڕاست بە پێچەوانەری ئەو قسە خۆشانەیە کە ئاغای زەریف بۆ پزیشکیانی دەکرد نەک پزیشکیان بۆ خۆی. ئەوەی ئاغای زەریف بۆ پزیشکیانی دەکرد و پزیشکیانیش بەشێکی بە قەولێک دووبارە دەکردەوە، مەبەستم ئەوەیە ڕەفتاری ئەم دوو مانگە عادەتەن دەبوو بە تایبەت کە سەرۆککۆمار نەمابوو ڕەئیسی کوژرابوو ڕەفتاری ئەم دوو مانگە نیشان دەدا کە ڕێگەیەک نییە بۆ ئەوەی هەر کەسێک بێت یا پزیشکیان بێ یا کەسێکی تر بێ کە دەبێتە سەرۆککۆمار بتوانێ تەئسیری لەسەر گۆڕانی ئەو شەرایەتە ئەمنییەتییە بێ لەو ناوچانەی [ نەتەوە جیاوازەکانی تێدا دەژین لە کوردستان لە بەلووچستان یا لەهەر شوێنێکی دیکە و ئەمانیش ناتوانن لە واقعدا کاریگەرییەکی ئەو جۆرەیان هەبێ. دەنا ئەو پەڕەکەی ئەگەر ئۆستانداریکی کورد دابنێن ئەگەر وەزیرێکی کورد دابنێن ئەگەر مشاورێکی ڕەئیسی جمهووری کورد دابنێن کە ئەمە تەشریفاتێکە و هەر کەسێک دابنێن کە وەکوو پزیشکیان مۆتیعی بڕیاراتی ڕێبەری بێت.

**سابیر فەتتاحی**: لە خۆرهەڵاتی نیشتمان شەقام کە خەڵکەکە نوێنەرایەتی دەکات هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و پزیشکیانیان بایکۆت کرد و دەنگی بایکۆتیش دیار بوو و بیسترا جیا لەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و حیزبە کوردییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریشی بایکۆت کرد و وڵامیشی وەرگرتەوە چەندە لۆژیکییە کە چاوەڕوانی لە کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتیش لە دەوڵەتی پزیشکیان وەکوو نوێترین سەرۆککۆمار هەبێت؟ ئەو چاوەڕاونییانەی کە بۆ وێنە وەزیرێک لە کورد بێت یان داوای مافێک لەلایەن شەقامەوە لە سەرۆک کۆمار بۆ کورد بکرێتەوە ڕووبەڕوووی خۆرهەڵاتی نیشتمان ئەوەیکە جەنابیشت ئێستا باست کرد لە هەموو کات میلیتاریزەتر؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەمن بێگومان لەسەر ئەوە قسە ناکەم زۆر بە جیددی باوەڕم وایە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی بەپێی بیرکردنەوەکانیان بەپێی بیرکردنەوە ئیدئۆلۆژیکەکانیان بە هیچ جۆرێک ڕوویان لەوە نییە کە بە قەولێ نەتەوەی جیاواز ببینن تەنانەت ئەگەر وەکوو قەومیش چاوی لێ بکەن وەکوو قەومی جیاواز دەیان بینن بەڵام وەکوو قەومێک کە مەجبوور بن ئیتاعەت بکەن لە ولایەتی فەقیهـ و لە ڕێبەری نیزام و لە سیاسەتەکانی نیزام بۆیە ناتوانم خۆم بە ئەوە دڵخۆش بکەم کە لەوانەیە گۆڕانێک بێتە پێشەوە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بتوانن وڵامدەر بن بەرانبەر بە داواکارییەکانی

خەڵکی کوردستان ئەوەیکە خەڵکی کوردستان بە بڕوای من هەڵبژاردنەکان بایکۆت دەکەن نیشانەی ئاستی بەرزی تێگەیشتووی خەڵکە و شناختێکی دروستە کە لە کۆماری ئیسلامی هەیانە ئەوان تێگەیشتوون کە کۆماری ئیسلامی نیزامێک نییە کە بتوانێ هیچ وڵامێک بە داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان بداتەوە بۆیە خەڵکی کوردستان بایکۆتی هەموو هەڵبژاردنەکان دەکات بایکۆتی هەڵبژاردنی چوار مانگ لەو پێشی مانگی ڕەشەممە زۆریش بە قووەت بایکۆتی کرد و بایکۆتی ئەو جارەشی کرد ئەوەی کرد لەبەر ئەوەی ئەو شناختەی هەبوو ئەمی کرد لەبەر ئەوەی فریوی قسەکانی زەریف و پزیشکیانیان نەخوارد بۆیە بە بڕوای من خەڵکی کوردستان بە دروستی تێگەیشتوون و من پێم وایە ئەو باوەڕە دروستە کە نابێ چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا و بە بوونی وەلی فەقی و بە بوونی ڕێبەری خامنەیی هیچ گۆڕانکارییەک بێتە پێشەوە کە بتوانێ چارەسەری ئەو کێشانە بکات کە بۆ خەڵکی کورد هەیە و بۆ نەتەوەکانی تر هەیە لە ئێراندا وەکوو عەرزم کردی دانانی وەزیرێک و مشاورێکی ڕەئیس جمهووری و دوو دانە ئۆستانداری کورد ئەمە وڵام دانەوە نییە بە پرسی کورد تەنانەت حەتا ئەگەر ئەمانەش بکات ئەوانە دەسەڵات و ئێختیاری ئەوەیان نابێت کە بتوانن ئەو شەرایەتە لە کوردستاندا بگۆڕن ئەم شەرایەتە لە واقعدا مەعلوولی بوونی کۆماری ئیسلامییە و هەتا کۆماری ئیسلامی هەبێت و ئەو بیرۆکە ئیدئۆلۆژییە کە زاڵە بەسەر کۆماری ئیسلامیدا هەبێ کە هەر لە سەرەتاوە دایانڕشتووە بە بڕوای من نابێ چاوەڕوانی هیچ گۆڕانێک لە کوردستان بکەین.

**سابیر فەتتاحی**: زۆر سپاس کاک کەماڵی هێژا بۆ ئەو دەرفەتەی بە ئێمەت دا

**کەماڵ کەریمی**: ماندوو نەبن

۱۵ی گەلاوێژی ۲۷۲٤



سەرچاوە
Serchawe

## کەماڵ کەریمی: بوونی ژن لە ڕێبەریدا تاکە پێوەری گرینگدان بە ژنان نییە و نەبوونیشیان بەو مانایە نییە پرسی ژنان وەلانرابێت




**دیمانە: سابیر فەتاحی**

### ئاماژە:

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ڕۆژانی ١٥ و ١٦ی ڕێبەندان کۆنگرەی حەڤدەهەمی خۆی پێکهێنا. ئەم کۆنگرەیە کە ناوی "کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان"ی لەسەر داندرابوو، وێستگەیەک هەرە گرینگ و کۆتایی پرۆسەی یەگرتنەوەی دێموکراتەکان و دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە تێکۆشانی ئەم حیزبەیە. "کوردکاناڵ" پێوەندیدار بە باسە وتووێژێکی لەگەڵ کاک کەماڵ کەریمی، بەرپرسی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە پێکهێنابوو کە "کوردستان" پوختەیەکی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**سابیر فەتاحی: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ کۆنگرەکەی بە سەرکەوتوویی گرتوە. مەبەست لە کۆنگرەی سەرکەوتوو چییە؟**

**کەماڵ کەریمی: کە باس لە سەرکەوتن دەکەین باس لە بە ئەنجامگەیاندنی پلانێک دەکەین کە بۆ جێبەجێکردنی**

ئەرکەکانی کۆنگرە دامانڕشتبوو. بەپێی تەواوکردنی بڕگە بە بڕگەی کارەکانی کۆنگرە و گەیاندنی ئەرکەکان بۆ کۆتاییهێنان بە کاری کۆنگرە لە هەموو بوارەکاندا چ لە بواری سیاسی، چ لە بواری تەشکیلاتی و چ بابەتەکانی پێوەندیدار بە باسە ستراتێژییەکان و باسە سیاسییەکان، هەروەها باسە نێوخۆییەکانمان. جا مادام ئێمە لە کۆنگرەدا توانیومانە بە تەوافۆقێکی گشتی ئەنجامەکان پەسەند بکەین و بتوانین بیکەینە بنەمایەک بۆ داڕشتنی پلانێکی نوێی عەمەلی لە چوارچێوەی بەرنامە کارییەکانماندا، پێمان وایە کۆنگرەکەمان سەرکەوتوو بووە. دیارە سروشتییە لە کارێکی ئاوا گەورە و گراندا تووشی ئیشکالاتێکیش ببین کە ئەمە بۆخۆی وەک ئەزموونێکە بۆ کارەکانی دواترمان.

**سابیر فەتاحی**: کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ناوی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانی لەسەر داندرابوو، کۆنگرەیەکی تەوافوقی بوو. لە سەر ئەساسی ئەو تەوافوقەی پێشووتر، کاروباری کۆنگرە چۆن چووە پێشێ؟

**کەماڵ کەریمی**: بەپێی ڕێککەوتنەکە پێشوو تەنیا شتێک کە نەمانتوانی لە کاتی خۆیدا جێبەجێی بکەین، کاتی گرتنی کۆنگرەکە بوو. ئێمە ڕێککەوتبووین لە ماوەی ٦ مانگ هەتا ساڵێک دوای یەکگرتنەوە ئەو کۆنگرەیە لەژێر ناوی "کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان"دا بگرین، بەڵام هەر وەکوو لە ڕاگەیەندراوەکەی کۆمیتەی ناوەندی و لە ڕاپۆرتی سیاسیشدا هاتوە بە هۆی ئەو کێشە ئەمنییەتییانەی بە دوای یەکگرتنەوەدا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دروست کرا کە مووشەکباران دەستپێکی ئەو هەڕەشە بەردەوامانە بوو کە لەسەر حیزبی ئێمە هەبوو، بەداخەوە نەمانتوانی لە کاتی دیاریکراوی پێشوەختەدا کۆنگرەکەمان بگرین. ئەگینا بەپێی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە ئەرکەکانی کۆنگرە وەک داڕشتنەوە و پەسندکردنی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ، ڕاپۆرتی سیاسی و بڕیارنامەی کۆنگرە و هەروەها هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی و بەگشتی ڕێبەریی حیزب هەموو ئەمانە بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی پێشتر لەنێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کرابوو، چووە پێشێ و کارەکانمان جێبەجێ کرد و کۆتاییشمان پێ هێنا.

**سابیر فەتاحی**: هەڕەشەکان هەر ئەوە بوون کۆنگرە هێرشی بکرێتە سەر؟

**کەماڵ کەریمی**: مەسەلەکە هەر هەڕەشە ی زەبروەشاندن نەبوو، بەڵکوو دەماندی کە کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی خەریکی پیلانگێڕییە و هەوڵ دەدا نەهێڵێ ئێمە کۆنگرەکەمان بگرین و ئەمەیان بە ئاشکراش دەگوت. ئەمە شتێک نەبوو کە بە قەوڵ تەنیا بە پیلانە نهێنییەکانیان بیانەوێ جێبەجێی بکەن، بەڵکوو بە ئاشکراش دەیانگوت کە ڕێگە نادەن حیزبی دێموکرات کۆنگرە بگرێت و ئەمەیان بەپێچەوانەی ڕێککەوتنی ئەمنیەتیی ئێران و عێراق دادەنا، لە حاڵێکدا ئەمە هیچ پێوەندی بەو تەوافۆقەوە نەبوو. بەڵام ئێمە کارەکانی کۆنگرەمان جۆرێک بردە پێشێ و کۆتاییمان پێ هێنا کە لە ڕاستیدا

کۆماری ئیسلامی غافڵگیر بوو، و نەیزانی ئێمە کۆنگرەمان چۆن بەستوە و لە کوێ گرتوومانە و هەتا کۆتایی کاری کۆنگرەش نەیتوانی هیچ زانیارییەک لەسەر وردەکارییەکانی کاری کۆنگرەی دەست کەوێ. هەر ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەیکە نەیانتوانی ئەو جۆرەی کە دەیانویست کارەکانی کۆنگرەکەمان پەک بخەن.

**سابیر فەتاحی**: پەسندکراوەکانی کۆنگرە چی بوون؟

**کەماڵ کەریمی**: ئێمە کۆمەڵێک بەڵگەی پەسندکراومان هەبوو. یەکیان بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب، ڕاپۆرتی سیاسیی حیزب و هەروەها بڕیارنامەی کۆنگرە. بەرنامە و پێڕەوی حیزب و هەروەها ڕاپۆرتی سیاسی پێشتر بە وردی کاریان لەسەر کرابوو و لەلایەن ڕێبەریی پێشووی حیزب و هەروەها نوێنەرانی کۆنگرەوە پاش باس و خواسێکی زۆر گەڵاڵە کرابوون و لە کۆنگرەدا دەنگی متمانەیان بۆ وەرگیرا و پەسند کران. لە تەنیشت ئەوانە بڕیارەکانی کۆنگرەش خرایە بەر دەستی ئەندامانی کۆنگرە و دوای وەرگرتنی ڕاوبۆچوون و سەرنجی نوێنەرانی کۆنگرە ڕەشنووسەکەی دراوەتەوە بە ڕێبەریی داهاتووی حیزب و ئەمەش پەسندکراوێکی دیکەی کۆنگرەکەمان بوو.

**سابیر فەتاحی**: بە پێی ئەوەی ئەم کۆنگرەیە لە دۆخێکی نائاساییدا گیرا، ئایا تووشی هیچ کێشە و بەربەککەوتنێک هاتن؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەمە یەکەم ئەزموونی ئێمە لە گرتنی کۆنگرە بەو میکانیزمە بوو. دیارە ئەم شێوازە لەمێژە لە هەموو دنیادا بۆ کۆنفرانسی زۆر گەورە کەڵکی لێ وەردەگیرێ، بەڵام ئێمە یەکەم جار بوو کارمان پێ دەکرد و لەگەڵ ئەوەی لە هەلومەرجێکی ئاساییدا نەبووین و ناچار بووین بە لەحازی ئەمنی زۆر شت ڕەعایەت بکەین، بەڵام بە خۆشییەوە لە ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆنگرەدا هیچ کێشەیەکمان بۆ نەهاتە پێش و ئەو جۆرەی بەرنامەڕێژیمان بۆ کردبوو، قۆناغ بە قۆناغ چووینە پێشێ و بە سەرکەوتوویی کۆتاییمان بە کارەکانی کۆنگرە هێنا.

**سابیر فەتاحی**: گرینگترین و دیارترین جیاوازیی ئەم کۆنگرەیە لەگەڵ کۆنگرەکانی ڕابردووی حیزبی دێموکرات چی بوون؟

**کەماڵ کەریمی**: دەکرێ بڵێم هەر خودی شێوازی بەڕێوەبردنی کۆنگرە بۆ خۆیی جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ کۆنگرەکانی‌تر. پێشتر لە کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتدا هەموو ئەندامان و نوێنەرانی کۆنگرە لە ساڵۆنێک لە دەوری یەک کۆ دەبوونە و لە ڕاستیدا پێوەندییەکە نیزیکتر و ڕاگۆڕینەوە و باسەکان لەگەڵ یەکتر چڕتر بوو. بەڵام ئەمجارەیان وەک باسمان کرد بە هۆی ئەو هەلومەرج و هەڕەشە ئەمنییەتییەی لە دەوروبەرمان هەبوو، نەمانتوانی بەم میکلانیزمە کۆنگرە

بگرین و ناچار بووین ئەندامانی کۆنگرە بە سەر چەندین گرووپدا دابەش بکەین و لە ڕێگەی ئینتێرنێتەوە پێوەندیمان بەیەکەوە هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا کۆنگرە توانی هەموو بەرنامەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی بباتە پێشێ و ئەم میکانیزمە نوێیەش بە سەرکەوتوویی تاقی بکاتەوە.

**سابیر فەتاحی**: یەکێک لە گلەییەکان لە کۆنگرە ئەوەیە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێبەرایەتی حیزبدا ڕێژەیان زۆر کەمە. هۆکار بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: ئێمە کە باسی حیزب دەکەین ڕەنگبێت حیزب نەتوانێ خۆی دابەش بکات بەسەر ناوچەی جیا جیادا و لە ڕاستیدا تێکۆشانی کاری ئێمەیە کە دەبێ دابەش بکرێ بەسەر ناوچە جیا جیاکاندا و کادرەکانی حیزبن کە دەبێ هەوڵ بدەن بزانن لە کام ناوچە و بواردا پێویستە تێکۆشانی زیاتریان هەبێت. لەو کۆنگرەی ئێمەدا بێگومان بە دەیان کادری بەشە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکانی کوردستانی تێدا بوو کە ڕەنگبێ شایانی ئەوە بووبێتن ئەندامی ڕێبەریی حیزب بن. بەڕاستی وەک لە کۆنگرەکەدا دەرکەوت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لە دەوڵەمەندترین حیزبەکانە لە باری هێزی مرۆیی بەتوانا و کادری بەڕاستی پێگەیشتوو و شایستەوە، بەڵام ئەوەیکە لە فلان ناوچە ئەندامی ڕێبەری کەمە و لە فلان ناوچە زیاترە؛ هۆکارەکەی ڕەنگبێ بۆ زیاتربوونی کادری تێکۆشەری ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە بڕوای من هەر ئەو بەشە لە تێکۆشەرانی حیزب بە تایبەت کادر و پێشمەرگەکان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان ئەوانن کە بە قەولێ لە تێکۆشانی خۆیاندا توانیویانە ئەو مەوقعییەتە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەو ناوچەکانی خوارووی کوردستان دروست بکەن کە ئێستا خەڵک متمانەی زیاتر بە حیزبی دێموکرات دەکات. هەروەها ئەو هێزە مرۆییە خەباتکارە بووە کە بوونەتە هۆی دروستبوونی پێگەیەکی بەرینتریش بۆ کار و چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەکانی خوارووی کوردستانی ئێران. بەڵام وەک باسم کرد هۆکارەکەی تەنیا ئەوەیە لە ناوچەکانیتر ڕەنگبێ کادری بەرجەستەتر زیاتر بن و ئیتر حیزبیش پەرلەمان نییە کە ئەتۆ بڵێی ئەندامەکانی ڕێبەری بەپێی شارستان و بەپێی ناوچەکان دابەش بکات و تەبیعییە بەپێی شایستەیی و لێوەشاوەیی کادرەکانی ڕێبەرییەکەی هەڵدەبژێرێ. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە ئەوەیکە هەڵنەبژێردراوە یا لە ڕێبەریی حیزبدا نییە ئەو شیاوی و پێگەیشتووییەی نییە، یا ئەوەیکە ئێستا هەڵبژێردراوە زۆر زۆر لەسەرترە. وەک عەزرم کردی ئێمە لە بزووتنەوەی کورددا یەکێک لەو حیزبە دەوڵەمەندانەین کە زۆرترین کادری باشمان هەیە لەنێو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئیدی ئەوە هەڵبژاردنە و پێشوەختەش پلانی ئەوەمان نەبووە بۆ ئەوەیکە ئەندامانی ڕێبەری بەپێی ناوچەکان و شارەکان دابەش بکەین.

**سابیر فەتاحی**: بوونی چوار ژن لە ڕێبەریی حیزبدا کەم نیە؟

بەشی: دووهەم

**کەماڵ کەریمی**: بوونی ژن لە ڕێبەریدا بەو مانایە نییە کە حیزبی دێموکرات گرینگی دەدا بە ژنان و نەبوونیشیان بەو مانایە نییە حیزبی دێموکرات گرینگی نادا بە پرسی ژنان. پرسی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسێکی سیاسی کۆمەڵایەتییە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەمیشە گرینگی پێ داوە. هەمیشە لە هەر بوار و حاڵەتێکدا کە باس لە پرسی ژنان کرابێت حیزبی دێموکرات گرینگی خۆی پێ داوە و هەر بەو ڕوانینیشەوە دەڕوانێتە پرسی ژنان. ئێمە بۆمان گرینگ بوو زیاتر لەوەندەش ژنان بەشدار بن لە ڕێبەریی حیزبدا و ئەوە نییە کە ئێمە دیاریمان کردبێت کە تەنیا دەبێ ٢ ژن ئەندامی کۆمیتە ناوەندی بن. بە هەڵبژاردن دەکرا زیاتریش بایە. دیارە دیتنی گرینگییێدانی حیزب بە پرسی ژنان نابێ تەنیا لەوەدا بەرجەستە بکرێتەوە کە چەند ژن لە ڕێبەریی حیزبدا هەن، بۆ ئێمە گرینگ ئەوەیە ژنان چەندە گرینگیان پێ بدەی لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی حیزبیدا. تەنیا ڕێبەری شەرت نییە، بەڵکوو بەڕێوەبردنی حیزب شەرتە لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا بە تایبەت لە کاری تەشکیلاتدا زۆر زۆر گرنگە و لە بەشەکانی دیکەی وەک ڕاگەیاندن و دیپلۆماسیدا هەر زۆر گرینگە. بۆیە پێمان وایە حیزبی دێموکرات دەبێ گرینگی زیاتر بەوە بدات کە نەقشی ژنان لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی حیزبیدا بەرجەستەتر بکاتەوە.

**سابیر فەتاحی**: ڕوانینی کۆنگرە بۆ خەباتی ڕۆژهەڵات و داهاتووەکەی چی بوو؟

**کەماڵ کەریمی**: ئێمە لە ڕاپۆرتی سیاسییدا ئەو باسانەمان کردوە و حیزبی دێموکراتی کوردستان هەتا ئێستاش باوەڕی وایە هەلومەرجی سیاسی ئێستای ناوچە و جیهان ئەوەمان لێ دەخوازێ لەگەڵ ئەوەیکە زۆر بە جیددی بە دوای گرینگیدان بە مافە نەتەوایەتییەکانماندا، بەڵام هەوڵ بدەین لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێک بۆ هەموو ئێران تێبکۆشین. هەر ئەوەیکە هەتا ئێستاش دروشمی ستراتێژی حیزب فیدراڵیزم ماوەتەوە، واتە ئێمە داواکاری گەیشتن بە قۆناغکین حکوومەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵیلە ئێراندا بێتە سەر کار و ئەمە ئاکامی ئەو ڕوانینەیە. دیارە هەر لەجێدا باوەڕمان وایە کە دەبێ گرنگی زیاتر بە پرسی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەین و تەنانەت پێمان وایە هەموو ئەو هەوڵانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا داومانە بۆ ئەوە بووە بتوانین لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بگەینە ئەو ئاکامەی ئەوان دان بەم پرسە دابنێن و بتوانین بە قەبووڵکردنی ئەم پرسە هەماهەنگیی زیاتر و تەنانەت هاوپەیمانییەک دروست بکەین بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و حکوومەتێکی دێموکراتی فیدراڵ لە ئێراندا بێتە سەرکار. بەڵام پێمان وایە ناکرێ بۆ هەمیشە بە دوای ئەوەدا بڕۆین و ئەگەر ئەمە سەری نەگرت، ئێمە دەبێ بیر لەوە دەکەینەوە کە چۆن مافە نەتەوایەتییەکانمان بەرجەستەتر مەترەح بکەین.

١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: دووهەم

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جوزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی



# سپاس و پێزانین


**بۆ هاوڕێ کەماڵ کەریمی بۆ نووسین و ئامادەکردنی دیمانەو وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**